# رووداو RÛDAW

ژمارە (571) دووشەممە 2019/9/23 - 1ی ڕەزبەر 2719 (750) دینار

## حەمکۆ بە تۆمەتی دەستدرێژی بۆ سەر کچێک دەستگیردەکرێ

**رووداو- هەولێر**

هونەرمەندی کۆمیدی شاری هەولێر، حەمکۆ، بە تۆمەتی دەستدرێژی بۆ سەر کچێک دەستگیرکرا. ڕۆژی 2019/9/19 پۆلیسی هەولێر لەسەر سکاڵای ئافرەتێکی 29 ساڵ، هونەرمەندی کۆمیدی حەمکۆ ئەمینی دەستگیرکرد کە بە گوتەی کچەکە لەلایەن ئەو هونەرمەندەوە بەزۆر دەستدرێژی کراوەتە سەری.

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر هەواڵی دەستگیرکردنی حەمکۆی پشتڕاستکردەوە و بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "بەهۆی سکاڵای ئافرەتێکەوە، بە فەرمانی دادوەر و بەپێی ماددەی 395 تۆمەتبار حەمکۆ ئەمین دەستگیرکراوە. پەڕاوی لێکۆڵینەوەشی بۆ کراوەتەوە".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، ئەو کچەی بە تۆمەتی دەستدرێژیکردنە سەری، سکاڵای لەسەر حەمکۆ تۆمار کردووە. ناوی (س)ـە و لەدایکبووی ساڵی 1990ـە، پێشتر لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکەوە حەمکۆی ناسیوە و پەیوەندی سۆزداری لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام بە گوتەی کچەکە، حەمکۆ بەزۆر دەستدرێژی کردووەتە سەری و کچێنی لەدەستداوە. ئەو کچە لە ئیفادەکەی بۆ پۆلیس گوتوویەتی: "حەمکۆ دوای ئەوەی بە زۆر دەستدرێژی کردە سەرم، هەڵیخەڵەتاندم، بەڵێنی پێدام هاوسەرگیریم لەگەڵ بکات، بەڵام دواتر لەگەڵ ئافرەتێکی دیکە سێیەم هاوسەرگیری کردووە".



**شیعە، د.فوئاد حوسێن بە دەردی وشیار زێباری دەبەن؟** 3

کونسوڵی چین لە هەولێر بۆ (رووداو):
**هەموو هەوڵێک دەدەین ساڵی داهاتوو بەشی پێدانی ڤیزا لە کونسوڵخانە بکەینەوە** 7



عارف قوربانی:
**پارتی سەری نایەشێ و پەڕۆی لێ دەبەستێ** 18

### سێ تۆمەتی ڕووبەڕوو کراوەتەوە

# مەلا ئیسماعیل سووسەیی حوکم دەدرێت



**رووداو- هەولێر**

مەلا ئیسماعیل سووسەیی لەسەر سێ دۆسیە دادگایی دەکرێ، لە یەکەمیاندا بە شەش ساڵ بەندکردن حوکم درا. لە دۆسیەی دووەم بێ تاوان دەرچووە و بڕیارە هەفتەی داهاتوو لەسەر دۆسیەی سێیەم ببرێتەوە بەردەم دادگا.

ئیسماعیل نەجمەدین ئیسماعیل کە بە مەلا ئیسماعیل سووسەیی ناسراوە، مەلایەکی ناسراوی شاری هەولێر بوو، بە گوتارە توندەکانی ناوبانگێکی زۆری دەرکرد، سەرەتای مانگی تەمووزی 2018 لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکرا و ئێستاش سێ تۆمەتی بەرەورووی کراوەتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دۆسیەی مەلا ئیسماعیل سووسەیی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "مەلا ئیسماعیل 21 ڕۆژ پێش پەلامارەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکرا بەبێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکی ڕووبەڕوو بکرێتەوە. تەنیا ئەوە بوو کە مەلا ئیسماعیل مامۆستایەکی ئاینی بوو، وتارەکانی توند و دژی دەسەڵات بوو". بەڵام بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، دوای پەلامارەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر لە 2018/7/23 سێ دۆسیە لە دژی کرانەوە.

ڕۆژی 2019/9/15 دانیشتنێکی دادگایی ئیسماعیل سووسەیی بەڕێوەچوو. ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: "مەلا ئیسماعیل لە دۆسیەی یەکەم کە بەپێی یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 1992 بۆی کراوەتەوە و تایبەتە بە هەڵگرتن و دروستکردن و بەکارهێنانی تەقەمەنی، بێ تاوان دەرچووە".

سەبارەت بە دۆسیەی دووەم، ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: "دۆسیەی دووەمی مەلا ئیسماعیل بەپێی بڕگەی حەوت لە ماددەی سێی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2006ی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کراوەتەوە. لەو دۆسیەدا مەلا ئیسماعیل بە شەش ساڵ بەندکردن حوکمدراوە، بەڵام هێشتا بڕیاری تەمیزی ماوە. هەفتەی داهاتوو تەمیز دەکرێتەوە و دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەم دۆسیە دەدات".

لەبارەی دۆسیەی سێیەمیش کە مەلا ئیسماعیل سووسەیی تۆمەتبار کراوە بەوەی لەپشت پەلامارەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر بووە، سەرچاوەکە دەڵێ: "لەو دۆسیەش مەلا ئیسماعیل سووسەیی بەپێی ماددەی 197 لە یاسای سزادانی عێراقی تۆمەتبار کراوە و بڕیار بوو دادگا بڕیار لەسەر ئەو دۆسیەش بدات، بەڵام لەبەرئەوەی داواکاری گشتی لائیحەی ئامادە نەبوو، دۆسیەکە بۆ دانیشتنی داهاتوو دواخرا، بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا بەڕێوەبچێت و دادگا دوا بڕیار لەسەر ئەو دۆسیەش دەدات".

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە لە ڕۆژی 2018/8/2 بڵاوکرایەوە "هاندەر و هۆکاری پێشوەختەی پەلامارە تیرۆریستیەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر لە 2018/7/23 مەلا ئیسماعیل سووسەیی بووە".

«4

## هەولێر بە مەرجی دانەوەی قەرزەکانی نەوت ڕادەستی بەغدا دەکات

**رووداو- هەولێر**

پەرلەمانتارێکی کورد لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، دەڵێت ئەگەر چارەسەرێک بۆ قەرزەکانی هەرێمی کوردستان بدۆزرێتەوە، ئەوا هەرێمی کوردستان ئامادەیە ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی عێراق بکات.

جەمال کۆچەر، پەرلەمانتاری کورد لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی یەکگرتوو بە (رووداو)ی گوت: "حکومەتی عێراق تاوەکو ئێستا ئامادە نییە قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستان بە تایبەت قەرزی کۆمپانیاکانی نەوت بداتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەو مەرجە نەوت ڕادەست دەکات کە حکومەتی عێراق چارەسەرێک بۆ قەرزەکانی بدۆزێتەوە".

ئێستا لە شەقامی عێراقیدا گوشارێکی زۆر هەیە کە عادل عەبدولمەهدی بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێ، چونکە بەگوێرەی یاسای بودجە دەبوایە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات.

شیروان میرزا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق دەڵێت: "بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکانی سەر عادل عەبدولمەهدی و سەقامگیریی سیاسی و ئابووری، باشترە هەرێمی کوردستان 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی بەغدا بکات".

پەرلەمانتارانی عێراق دەڵێن ئەوان پاساوی خۆیان هەیە لەو گوشارەی دەیخەنە سەر عادل عەبدولمەهدی، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان پابەند بکات بە جێبەجێکردنی یاسای بودجەی گشتی.

فالح عەبدولحەسەن خەزعەلی، ئەندامی لیژنەی نەوت و وزە و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی نەسر بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "بودجەی ساڵی 2020 بە ئاسانی لە پەرلەمان تێناپەڕێ، نابێ هەڵەکانی ساڵی 2019 لەم بودجەیە دووبارە ببنەوە، ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە قەرزی کۆمپانیاکان باسی دەکات، بیدعەیەکی نوێیە. بۆیە ئێمە پێشبینی قەیران دەکەین ئەگەر ئەم بابەتە بە شێوەیەکی ڕوون و ڕاشکاوانە چارە نەکرێ".

«3

## لە دهۆک 10 بەرپرس لەسەر گەندەڵی سزا دراون

**رووداو — دهۆک**

بەپێی ئاماری دەستەی دەستپاکی، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا 60 دۆسیەی گەندەڵی لە دادگاکانی دهۆک یەکلایی کراونەتەوە. لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا لێکۆڵینەوە لە 60 دۆسیەدا کراوە و 12 دۆسیەیان ڕەوانەی دادگا کراون.

ئەحمەد ساڵح، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکانی دەستەی دەستپاکی لە دهۆک، وردەکاری ئەو دۆسیانەی بۆ (رووداو) خستەنەڕوو و گوتی: "لە ساڵی 2017دا 23 دۆسیە، ساڵی ڕابردوو 24 دۆسیە و لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 12 دۆسیە ڕەوانەی دادگا کراون و یەکلایی کراونەتەوە. لە بەشێکی ئەو دۆسیانەدا زیاتر لە کەسێک تێوەگلاون".

ئەحمەد ساڵح ئامادە نەبوو ناوی ئەو کەسانە ئاشکرا بکات کە لەسەر گەندەڵی دراونەتە دادگا، بەڵام دەڵێت: "پۆستی جۆراوجۆریان هەبووە، وەکو سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی زانکۆ".

سەبارەت بە سزای ئەو کەسانەش، ئەو بەرپرسەی دەستەی دەستپاکی گوتی: "سزاکانیان جۆراوجۆرە، هەیە بە سێ ساڵ بەندکردن سزادراوە، هەشە بە 18 ساڵ. بەشێکیان دەست بەسەر موڵک و پارەیاندا گیراوە. هەشبووە بێ تاوان دەرچووە و ئازاد کراوە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دادگای دهۆک بە (رووداو)ی گوت: "لەو دۆسیانەی لەلایەن دەستەی دەستپاکییەوە بۆمان هاتوون، 10 دۆسیەیان هی بەرپرسان بووە و سزا دراون، لەوانەش: سەرۆکی زانکۆ، سەرۆکی شارەوانی، بەڕێوەبەری ناحیە، بریکاری وەزیر، بەڵێندەر، بەڕێوەبەری یاسایی لە شارەوانییەکان و بەڕێوەبەری ژمێریاری".

«4

### سەربەست لەزگین بەهێزترین کاندیدە

## هەفتەی داهاتوو پارێزگاری دهۆک دەگۆڕدرێ

**رووداو — دهۆک**

دوای گۆڕینی پارێزگاری هەولێر، بڕیارە هەفتەی داهاتوو پارێزگاری دهۆکیش بگۆڕدرێ، بەهێزترین کاندیدیش بۆ شوێنگرتنەوەی فەرهاد ئەترووشی، سەربەست لەزگینە.

هەفتەی ڕابردوو هەر یەک لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دهۆک بوون. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "نێچیرڤان بارزانی و مەسروور بارزانی بابەتی گۆڕینی پارێزگاری دهۆکیان لەگەڵ بەرپرسانی پارێزگاکە باسکردووە و بەزووترین کات ئەو بابەتە یەکلایی دەکرێتەوە".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی: "لەبەر ئەوەی ئێستا فەرهاد ئەترووشی، پارێزگاری دهۆک بە یاوەری شاندێکی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە چینە، بۆیە بابەتی گۆڕینی پارێزگاری دهۆک دەکەوێتە دوای گەڕانەوەی ئەو".

گوتیشی "هەفتەی داهاتوو بەربژێری پۆستی پارێزگاری دهۆک یەکلایی دەکرێتەوە".

ناوی چەند کەسێک وەکو بەربژێری پۆستی پارێزگاری دهۆک دەهێنرێ، لەوانەش: حەمید عەلی، بەڕێوەبەری گومرگی ئیبراهیم خەلیل. فەهیم عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک. سەربەست لەزگین، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە. ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: "بەهێزترین کاندید بۆ ئەو پۆستە سەربەست لەزگینە".

فەهیم عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کە "هەتا ئێستا هیچ ناوێک بە فەرمی یەکلایی نەکراوەتەوە، بەڵام گۆڕانکاری لە زۆر پۆستی گرنگ لە دهۆک دەکرێ".

ڕاپۆرتە هەواڵ 2

**کچێکی 14 ساڵان لەنێو نەخۆشخانەیەکی هەولێر دیارنامێنێ**



تاراوگە 11

**10 هەزار کۆچبەر لە سوید خۆیان شاردووەتەوە**

ئابووری 8

**هەناری میسری بە قاچاخ دەهێنرێتە کوردستان**



کۆمەڵایەتی 13

**موختارێک لە دهۆک هاوژینەکەی خۆی و پیاوێک دەکوژێت**





## داواکاری گشتی بەدواداچوون بۆ گرتەیەکی ڤیدیۆیی کەیسی سیوان قادر دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

داواکاری گشتی بڕیاری داوە بەدواداچوون بۆ بڵاوکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆی سووتانی ماڵی سیوان قادر و منداڵەکانی بکات. حاکم دڵشاد فایز، گوتەبێژی داواکاری گشتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە بەدواداچوون بۆ هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەو گرتە ڤیدیۆییە دەکەین، چونکە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و وێنەی تۆمەتبار بە هەر ڕێگەیەکی ڕاگەیاندن بێت، دەبێت بە ڕەزامەندی لایەنی پۆلیس و دادگا بێت. بەپێچەوانەشەوە بەپێی ماددەی 236 لە یاسای سزادانی عێراقی ئەو کەس و لایەنانە ڕووبەڕووی یاسا دەکرێنەوە کە گرتە ڤیدیۆییەکە بڵاودەکەنەوە".

# لە هەولێر دەستدرێژی دەکرێتە سەر کچێکی ئێرانی

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

شوفێری تەکسییەک لە هەولێر، کچێکی ئێرانی دەڕفێنێ و دواتر بە زەبری چەک دەستدرێژی دەکاتەسەر و کچێنی لێ دەستێنێ. فەرمانی دەستگیرکردن بۆ شوفێرەکە دەرچووە، بەڵام هەڵاتووە.

(س) کچێکی تەمەن سەروو 30 ساڵی ئێرانییە و چەند ساڵێکە بۆ کارکردن لە هەرێمی کوردستانە. چیرۆکی ڕفاندنەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی: " ئیقامەکەم تەواو بووبوو، ڕۆژی 2019/9/16 ویستم بچمەوە ئێران و دووبارە بگەڕێمەوە کوردستان، سەعات 4:40ـی بەرەبەیان تەکسییەکم ڕاگرت، پێمگوت بمبە بۆ گەراجی حاجی ئۆمەران، شوفێرەکە زانی ئێرانیم، بە فارسی قسەی لەگەڵ کردم و گوتی تۆ کچێکی جوانی، من وەڵامم نەدایەوە، هەستم کرد زۆر بەخێرایی ئۆتۆمبێلەکە لێدەخوڕێ و گومانێکم بۆ دروست بوو کە نیازی خراپە".

(س) دەڵێت: "شوفێرەکە منی بۆ ڕێگایەکی هەڵە برد، پێمگوت ئەوە ڕێگەی تێرمیناڵ نییە، بەڵام ئەو گوتی دەمەوێ بە ڕێگەیەکی نزیکتر بەخێرایی بتگەیەنم، منی بردە شوێنێکی چۆڵ و ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت، دەمانچەی دەرهێنا و گوتی قسە بکەی دەتکوژم، دواتر پەلاماری دام و بەزۆر دەستدرێژی کردە سەرم".

(ب) کە هاوڕێی (س)ە و شەوی پێش ڕووداوەکە لە ماڵی ئەوان بووە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو بەیانییە (س) پەیوەندی کرد، گوێم لێبوو هاواری دەکرد، وامزانی کەسێک مردووە، دواتر زانیم ڕفێنراوە، گوێم لێبوو پیاوەکە قسەی ناشیرینی پێدەگوت و دەستدرێژی دەکردە سەری، ئەویش لێیدەپاڕایەوە وازی لێبهێنێت، نەمدەزانی چی بکەم. چووین بۆ مارکێتێک لە خوار شوقەکەمان، ئەویش گوتی پەیوەندی بە ئاسایشەوە بکەن، بەڵام ئەوان گوتیان دەبێت سەعات 9 بێن، پێمگوت ئێستا ئەو لە مەترسیدایە و ڕەنگە بکوژرێت".

(ب) دەشڵێ: "خۆم پێنەگیرا و ڕۆیشتین، بەڵام نەماندەزانی بچین بۆ کوێ، دوای نیو سەعات خۆی پەیوەندی کرد و بە گریانەوە داوای کرد فریای بکەوین، خۆیشی نەیدەزانی لەکوێیە، ماتۆڕسکیلێک بەلایدا تێدەپەڕی، پێمگوت لێی بپرسە ئەو شوێنە کوێیە، ئەویش گوتی لای کارگەکانی مامزاوایە، شوێنەکەمان دۆزییەوە و چووین، لەسەر شەقامەکە بە پەرێشانی دانیشتبوو، دەستدرێژی کرابووە سەری و کچێنیشی لەدەستدابوو، (س)مان هێنایەوە و بردمان بۆ ئاسایش، ئەوان لێکۆڵینەوەیان کرد و دواتر پێیانگوتین ژمارەی تەکسیەکە و شوفێرەکەش ناسراوەتەوە".

(س) لەلای پۆلیس سکاڵای تۆمار کردووە، بەڵام تۆمەتبارەکە هێشتا دەستگیرنەکراوە. ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی دۆسیەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لێکۆڵینەوەمان لە ڕووداوەکە دەستپێکردووە، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ تۆمەتبارەکە دەرچووە، بەڵام بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتووە".

شوان سابیر، چالاکڤانی مەدەنی، لەبارەی دۆسیەی ئەو کچە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم دۆسیەیە کارەساتێکی مرۆیی گەورەیە و نابێت لایەنە یاساییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لێی بێدەنگ بن".

شوان سابیر کە یاساناسە، سەبارەت بە سزای ئەو شوفێرە ئەگەر تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ ببێتەوە، دەڵێت: "بەپێی یاسا ئەو شوفێرە بێجگە لە دەستدرێژی بەزۆرەملێ، تۆمەتی ڕفاندنی کەسی بیانی و هەڕەشە و بەکارهێنانی چەکیشی دەدرێتە پاڵ، هەروەها ئەگەر فەرمانبەری حکومەت بێت خراپترە. بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق سزای ئەم هەموو تاوانانە دەگاتە لەسێدارەدانیش".

# کوردێکی دیپۆرتکراو نۆ مانگە لەسەر شەقامەکانی هەولێر دەخەوێ

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێکی کورد دوای دیپۆرتکردنەوەی لە نەرویج، بەهۆی ئەوەی ناسنامە و ڕەگەزنامەی عێراقی نییە، ماوەی نۆ مانگە لەسەر شەقامەکانی هەولێر دەخەوێت، بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەش دەڵێ بەبێ بڕیاری دادگا ناتوانین ناسنامە و ڕەگەزنامەی بۆ دەربکەین.

ئەشرەف شوان گیدرۆن عەزیز، 26 ساڵ، وەک خۆی دەڵێ باوکی خەڵکی سلێمانییە، لە بەغدا ژیاون و لەوێ لەدایکبووە، باوکی بەیان ولادەی بۆ دەرهێناوە، بەڵام ناسنامەی بۆ دەرنەکردووە. دواتر دایک و باوکی جیابوونەتەوە و ئەو لەلای باوکی بووە.

ئەشرەف دەڵێت: "باوکم منی برد بۆ لای نەنکم لە مووسڵ. خۆیشی ڕۆیشت بۆ نەرویج. ساڵی 2005 چووم بۆ سووریا و باوکیشم هات بۆ ئەوێ، بەیەکەوە چووین بۆ نەرویج و لەوێ نیشتەجێ بووم و ڕەگەزنامەی نەرویجم هەبوو".

ئەشرەف ساڵی 2010 لە نەرویج هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی ئێرانی بەناوی بەهار دەکات و کوڕێکی 7 ساڵانی بەناوی کەریم هەیە، بەڵام شەڕێک ژیانی دەشێوێنێ. ئەو دەڵێ: "نزیکەی پێنج ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ پیاوێکی نەرویجی تووشی شەڕ بووم، ویستیان دیپۆرتم بکەنەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەیان ولادەکەم لەکاتی ڕووخانی ڕژێمی سەدام لەنێوچووبوو، بۆیە ئەوان وەریاننەگرتمەوە".

نەرویج ڕەگەزنامە لە ئەشرەف دەستێنێتەوە و دەینێرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان. ئەشرەف دەڵێ: "نۆ مانگ لەمەوبەر لەگەڵ دوو کەسی دیکە دیپۆرتی هەرێمی کوردستان کرامەوە. لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر وەریاننەدەگرتم، نووسراوێکی ڕەزامەندیی وەزارەتی ناوخۆیان هێنا کە ئێمە کوردین، ئینجا ڕێگەیاندا لە فڕۆکەخانە دەربچم".

ئەشرەف لەو ڕۆژەوە لەسەر شەقامەکانی هەولێر دەخەوێت، چونکە وەکو خۆی دەڵێ: "لە فڕۆکەخانە ناردیانم بۆ ئاسایش، بەڵام لەوێ پێیانگوتم تۆ هیچ بەڵگەیەکت پێ نییە، بۆیە دەبێت بۆ خۆت ناسنامە و ڕەگەزنامە دەربکەی، زۆر هەوڵمداوە ببمەوە خاوەن ناسنامە و ڕەگەزنامە، بەڵام نە لە عێراق و نە لە هەرێمی کوردستانیش بۆم ناکەن، بۆیە ماوەی 9 مانگە لەسەر شەقامەکان دەخەوم و ناتوانم خانوو و شوقە و هۆتێلیش بە کرێ بگرم".



ئەشرەف بەهۆی شەڕکردن لەگەڵ نەرویجییەک، دیپۆرت کراوەتەوە (فۆتۆ: ڕووداو)

> **بەبێ بڕیاری دادگا ناتوانین هیچی بۆ بکەین**
> بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان

بە گوتەی ئەشرەف، خاوەن موەلیدەیەک ماوەیەک لەلای خۆی شوێنی بۆ کردووەتەوە. دڵدار، خاوەنی موەلیدەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "من کە زانیم بێکەسە و ناسنامەی نییە، ڕێگەم دا لەلای موەلیدەکەی من بمێنێتەوە، بەڵام ئاسایش دوو جار پێیانگوتم نابێت لەلای من بمێنێتەوە، بۆیە دووبارە کەوتەوە سەر شەقامەکان".

لیوا هێرش ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان بەوەکالەت لەبارەی کێشەی ئەو پیاوە دەڵێت: "ئەگەر بەڵگەنامەی لەدایکبوونی نەبێت ئێمە ناتوانین ناسنامە و ڕەگەزنامەی بۆ بکەین، دەبێت لەڕێگەی دادگاوە نووسراومان بۆ بکات و بیسەلمێنێ کە ئەوانە دایک و باوکی ئەون، لەو ڕێگەیەوە بەڵگەنامەی لەدایکبوونی بۆ دەردەکرێت، ئێمەش لەسەر ئەو دایک و باوکە ناسنامە و ڕەگەزنامەی بۆ دەردەکەین".

ئەشرەف ئێستا پارێزەرێکی گرتووە و دەیەوێ بگەڕێتەوە نەرویج. جاوید شا کە پارێزەرێکی پاکستانییە و نیشتەجێی نەرویجە و کار لەسەر دۆسیەی ئەشرەف دەکات، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "مانگی یەکی ساڵی داهاتوو دانیشتنێکی دادگا بەڕێوەدەچێت سەبارەت بە دۆسیەی گەڕاندنەوەی ئەشرەف. دۆسیەی ئەشرەف زۆر قورس نییە، ئەگەری زۆرە بتوانێت بگەڕێتەوە نەرویج".



# کچێکی 14 ساڵان لەنێو نەخۆشخانەیەکی هەولێر دیارنامێنێ

**ڕووداو – هەولێر**

کچێکی 14 ساڵان ماوەی پێنج ڕۆژە لەنێو نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوونی هەولێر ون بووە. کەسوکارەکەی دەڵێن لە کامێراکانی چاودێری دەرنەکەوتووە کچەکەیان لە نەخۆشخانەکە هاتبێتە دەرەوە. گومان دەکەن لەلایەن چەند کەسێکەوە ڕفێنرابێ کە پێشتر کێشەیان لەگەڵیان هەبووە.

ڕۆژی 2019/9/19 کچێکی 14 ساڵ بەناوی دونیا کەمال مەغدید، لەگەڵ دایکە سکپڕەکەی دەچێتە نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوون لە هەولێر، دوای ئەوەی دەچێتە نێو نەخۆشخانەکە، لە ژوورەوە ون دەبێ. سامی مەغدید، مامی دونیا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دونیا لەگەڵ دایکی و منداڵێکی 10 ساڵان دەچنە نەخۆشخانەکە، بەڵام لە سەعات 12:58ـی نیوەڕۆ لەنێو نەخۆشخانەکە دیارنامێنێ".

بەگوتەی مامی کچەکە، دونیا لە نەخۆشخانەکە نەچووەتە دەرەوە "دوای 13 خولەک لە دیارنەمانی کچەکە، چووینە نەخۆشخانەکە و تەماشای کامێراکانی نەخۆشخانەکەمان کرد، لە کامێراکان دەردەکەوێت کە کچەکە لەنێو نەخۆشخانەکە ون دەبێ و ناشچێتە دەرەوەی نەخۆشخانە. هەموو نەخۆشخانەکە گەڕاین بەڵام نەدۆزرایەوە، لەنێو نەخۆشخانەکە 12 ژووری داخراو هەبوون، گوتمان دەرگاکان بکەنەوە، بەڵام گوتیان ژووری پزیشکەکانە و ڕۆیشتوونەتەوە و نایکەینەوە".

لەبارەی ونبوونی کچەکە لەنێو نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی هەولێر، کەیفی خەلیل، بەرپرسی هۆبەی یاسایی لە نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوون بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕاستە ئەو کچە لەنێو نەخۆشخانەکەی ئێمە دیارنەماوە، نازانین چی بەسەر هاتووە. نازانین لەنێو نەخۆشخانەکە چووەتە دەرەوە یان نا".

دوای سێ ڕۆژ، دونیا پەیوەندی بە براکەیەوە کردووە و داوای باوکی کردووە، بەڵام دواتر مۆبایلەکەی داخستووە. ئەرکان کەمال، برای دونیا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 2019/9/21 دونیا بە ژمارەیەک پەیوەندی پێوەکردم و گوتی باوکم لەکوێیە دەبێت قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام تەلەفۆنەکە داخرایەوە. چاودێریی ژمارەکەشمان کرد، لەنێو هەولێر کراوە و زوو زووش شوێنی دەگۆڕێت".

بەگوتەی مامی کچەکە، ماوەی چوار مانگە لەلایەن چەند کەسێکەوە هەڕەشەیان لێدەکرێت: "چوار مانگ لەمەوبەر چەند کەسێک کە ئێمە نەماندەناسین و چەکدار و پاسەوانی بەرپرسێکن، هاتنە ماڵمان و گوتیان براکەت لە تورکیایە و 10 هەزار دۆلارمان قەرزدارە. داوای بەڵگەمان لێکردن، هیچ بەڵگەیەکیان نەبوو، گوتمان سوێند بخۆن، سوێندیشیان نەخوارد و ڕۆیشتن، زانیمان دەیانەوێت سەرانەمان لێوەربگرن".

سامی مەغدید گوتیشی: "پێمانوایە دونیا لەلایەن ئەو کەسانەوە ڕفێنراوە کە پێشتر هاتنە سەرمان. ئەوان چوار مانگ لەمەوبەر ئۆتۆمبێلی برازاکەمیان دزی و تەقەشیان لێکرد، بەڵام لە بازگەی شاوێس دەست بەسەر ئۆتۆمبێلەکەدا گیرا و ڕادەستی ئێمەیان کردەوە. دوو مانگ لەمەوبەر چوونەتە سەر ماڵی براکەم و دونیا بەتەنیا لە ماڵەوە بووە، هەڕەشەی دەستدرێژی و کوشتنیان لێکردووە، بۆیە سکاڵامان تۆمار کرد. دادوەر فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ سێ کەس دەرکرد، بەڵام تاوەکو ئێستا دەستگیرنەکراون".

> **پێشتر هەڕەشەی ڕفاندن و دەستدرێژی لە دونیا کراوە**
> مامی کچەکە

مامی دونیا داوا دەکات بە هانایانەوە بچن و دەڵێت: "ترسمان هەیە کچەکە بکوژن یان دەستدرێژی بکەنە سەر".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "زۆرجار خەڵک ون دەبێت و دواتر دەدۆزرێتەوە، بۆیە مەرج نییە کەسەکە ڕفێنرابێت، بۆ ئەم کەیسەش ئێستا ئەوان سکاڵایان تۆمار کردووە و بە بڕیاری دادوەر بەدواداچوون بۆ کامێراکانی چاودێریی نەخۆشخانەکە و دۆسیەکەش دەکەین".



دونیا کەمال مەغدید

# تورکیا.. دوو منداڵی ئێزدی لە خانەیەکی بێسەرپەرشتان دەدۆزرێنەوە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

دوو منداڵی ڕفێنراوی ئێزدی کە خوشک و بران، چارەنووسیان ئاشکرا دەبێ و ئێستا لە خانەیەکی بێسەرپەرشتانن لە شاری نەقشەهیری تورکیا. شاندێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا سەردانی ئەو دوو منداڵەیان کردووە. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاکە دەڵێت: "مانگی داهاتوو لەڕێی دادگاوە بڕیار لە چارەنووسیان دەدرێت کە ئایا لەوێ دەمێننەوە یان دەگەڕێنرێنەوە بۆ کەسوکاریان".

ئەمیر خودێدا حوسێن، تەمەن نۆ ساڵ، لەگەڵ خوشکە تەمەن 11 ساڵانەکەی بەناوی ئەمیرە، لەلایەن داعشەوە لە 2014 ڕفێنراون، دوو ساڵ و نیو لەمەوبەر لەلایەن خێزانێکی داعشەوە کە تورکمان بوونە، دەبرێنە شاری نەقشەهیری تورکیا، بەڵام خێزانە داعشەکە لە ترسی ئاشکرابوونیان هەردوو منداڵەکە دەبەنە خانەیەکی بێسەرپەرشتان.

ئەو دوو منداڵە لە ڕێگەی خوشک برایەکی دیکەیانەوە لە سەرەتای ئەمساڵ دۆزرانەوە، پشکنینی DNAیان بۆ کراوە و دەرکەوتووە کە خوشک و برای ڕاستەقینەی ئەوانن.

سەرەتای ئەم مانگە، سەیدۆ شنگالی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە یاوەریی چەند کەسایەتییەکی ئێزدی سەردانی تورکیایان کردووە و چوونەتە خانەکە. سەیدۆ گوتی: "هەردوو منداڵەکەمان بینین، زۆر حەزیان دەکرد لەگەڵ ئێمە بگەڕێنەوە، بەڵام گەڕاندنەوەیان پێویستی بە هەندێک ڕێکاری دادگا هەبوو، نەمانتوانی لەگەڵ خۆمان بیانهێنینەوە".

بە گوتەی سەیدۆ شنگالی، ئەو دوو منداڵە لە ڕۆژی سێی ئابی 2014 لە گوندی وەردیەی سەر بە ناحیەی سنوونێ لەگەڵ دایک و باوکیان لەلایەن داعشەوە ڕفێنراون. لە خێزانەکەی ئەوان تەنیا خوشک و برایەک ڕزگاریان بووە کە ئێستا لە خانکێ دەژین.

ئەگەرچی سەیدۆ شنگالی بە مەبەستی هێنانەوەی ئەو دوو منداڵە سەردانی ئەو شارەی کردبوو، بەڵام دەڵێت سەرپەرشتیارانی خانەکە پێیانگوتبوو کە دۆسیەی ئەو دوو منداڵە لە دادگایە و هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە، دەبێ دادگا بڕیار لەبارەی ناردنەوەیان بۆ عێراق بدات. گوتیشی: "مانگی داهاتوو دادگا بڕیار لە چارەنووسیان دەدات".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) نزیکەی 150 منداڵی کوردی ئێزدی لەگەڵ خێزانی چەکدارانی داعش براونەتە تورکیا. سەیدۆ شنگالی دەڵێت هەوڵەکانیان بۆ دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی ئەو منداڵانە بۆ نێو کەسوکاریان بەردەوام دەبێ.

# هەولێر بە مەرجی دانەوەی قەرزەکانی نەوت رادەستی بەغدا دەکات

ئاسۆ سەراوی
رووداو- هەولێر



پەرلەمانتارێکی کورد لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، لەو بڕوایەدایە ئەگەر چارەسەرێک بۆ قەرزەکانی هەرێمی کوردستان بدۆزرێتەوە، ئەوا هەرێمی کوردستان ئامادەیە رۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت رادەستی عێراق بکات "ئەگەرنا، رێککەوتن ئەگەرێکی دوورە".

کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێ کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی سفر بکاتەوە. بۆ ئەمەش چەند لیژنەیەک پێکهاتوون، بە تایبەتی بۆ پرسی بودجە و مووچەی فەرمانبەران، پێشمەرگە و ناوچە کێشە لەسەرەکان.

هەرچەندە وا بڕیار بوو هەفتەی رابردوو شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات، بەڵام شاندێکی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد.

جەمال کۆچەر، پەرلەمانتاری کورد لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی یەکگرتوو زۆر گەشبین نییە بە رێککەوتنی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر پرسەکانی نەوت و بودجە، ئەو بڕوایەشی لەسەر ئەوە بنیاتناوە کە بەغدا تاوەکو ئێستا ئامادە نییە هاوکاری هەرێمی کوردستان بێت لە دانەوەی ئەو قەرزانەی لەسەری کەڵکە بووە و نزیکەی 24 ملیار دۆلار دەبێ.

جەمال کۆچەر بە (رووداو)ی گوت: "حکومەتی عێراق تاوەکو ئێستا ئامادە نییە قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستان بە تایبەت قەرزی کۆمپانیاکانی نەوت بداتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەو مەرجە نەوت رادەست دەکات کە حکومەتی عێراق چارەسەرێک بۆ قەرزەکانی بدۆزێتەوە، واتە ئەگەر رێگایەک بۆ قەرزەکانی هەرێمی کوردستان بدۆزرێتەوە، ئەوا نەوت رادەستی بەغدا دەکات، ئەگەر هەردوولاشیان لەسەر بۆچوونی خۆیان بمێننەوە ئەوا ئەگەری رێککەوتن دوورە".

بۆ چارەسەری کێشەی قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستان، جەمال کۆچەر ئاماژە بە چەند پێشنیازێک دەدات، لەوانە:

"حکومەتی عێراق بەشێک لەو قەرزانەی سەر هەرێمی کوردستان راستەوخۆ بداتەوە، دواتر لە پشکی هەرێمی کوردستان بیبڕێتەوە، بەتایبەت ئێستا عێراق یەدەگی بانکی زۆرە کە نزیکەی 87 ملیار دۆلارە و دەتوانێ ئەو کارە بکات".

> قەرزی کۆمپانیاکان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی دەکات، بیدعەیەکی نوێیە
>
> پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی نەسر

ئەو دەڵێت کە بەپێی راپۆرتی کۆمپانیای دیلۆت، هەرێمی کوردستان ئەگەر بەرمیلێک نەوت بە 55 بۆ 66 دۆلاریش بفرۆشێ، ئەوا 17 بۆ 19 دۆلاری بۆ دەمێنێتەوە، واتە تەنیا نزیکەی 30%ی قازانجی نەوتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان خۆیەتی، ئەوی دیکەی بۆ شایستەی دارایی کۆمپانیاکان و هەندێ بواری دیکە دەچێت.

بەپێی یاسای بودجەی 2019ی عێراق، دەبێت بەغدا مانگانە 454 ملیار دینار بۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و 68 ملیار دیناریش بۆ پێشمەرگە بنێرێت، بەڵام لە سەرەتای ئەمساڵەوە تەنیا 454 ملیار دینارەکەی ناردووە و هیچ بڕە پارەیەکی بۆ پێشمەرگە نەناردووە.

ئێستا لە شەقامی عێراقیدا گوشارێکی زۆر هەیە کە عادل عەبدولمەهدی بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێ، چونکە بەگوێرەی یاسای بودجە دەبووایە هەرێمی کوردستان رۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت رادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات.

شیروان میرزا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق دەڵێت: "بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکانی سەر عادل عەبدولمەهدی و سەقامگیریی سیاسی و ئابووری، باشترە هەرێمی کوردستان 250 هەزار بەرمیل نەوت رادەستی بەغدا بکات، بەڵام جەخت لە شایستە داراییەکانی خۆیشی بکاتەوە، چونکە ئەو پارەیەی بەغدا ئێستا بۆ هەرێمی کوردستانی دەنێرێت مووچەی 682 هەزار فەرمانبەرە".

گوتیشی: "ئەگەر 250 هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە رادەستی بەغدا کرا، دەبێت ئەوانیش لانیکەم بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی بنێرن جا 67. 12% بێت یان 14% یان 17%".

سەبارەت بە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان لە نێوان بەغدا و هەولێر دوو بۆچوونی جیا هەن، بەرپرسانی هەرێمی کوردستان باس لەوە دەکەن کە رۆژانە 450 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنن، بەڵام بەرپرسانی عێراق باس لە 480 هەزار بەرمیل دەکەن.

پەرلەمانتارەکەی یەکێتی لەبارەی کاتی دەستپێکردنی گفتوگۆکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر پرسەکانی نەوت و بودجە گوتی:

> نیەتباشی هەیە بۆ رێککەوتنی هەولێر و بەغدا
>
> پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان

"پاش گەڕانەوەی عادل عەبدولمەهدی لە چین، شاندی هەرێمی کوردستان بۆ پرسەکانی نەوت و بودجە سەردانی بەغدا دەکەن و گفتوگۆ دەستپێدەکرێت".

بەڵێن ئیسماعیل، سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان گەشبینە بە رێککەوتنی هەولێر و بەغدا، چونکە نیەتی باش لە هەردووکیان بەدی دەکات. بەڵێن ئیسماعیل گوتی: "ئەگەر بەغدا شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بدات، ئەوا هەرێمی کوردستان ئامادەیە رۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت رادەستی بەغدا بکات".

لیژنەی نەوت و وزە لە پەرلەمانی عێراق لیژنەیەکی لە حەوت ئەندام پێکهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاستی راستەقینەی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان و لیژنەکە بەم نزیکانە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات.

سەبارەت بە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستانیش، سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان گوتی: "بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئێمەیان راگەیاندوە کە رۆژانە 435 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنن، بەڵام بەرپرسانی حکومەتی عێراق باس لە 500 هەزار بەرمیل دەکەن".

گوتیشی: "ئەوەی گرنگە بگەنە رێککەوتن، ئەگەر بەغدا شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ ساڵی 2020 دابین کرد، ئەوا کوردستانیش 250 هەزار بەرمیل نەوت رادەست دەکات، ئەگەر ئەوەش کرا نەک بە تەنیا سەقامگیریی ئابووری، بەڵکو سەقامگیری سیاسیشی بەدوادا دێت".

پەرلەمانتارانی عێراق دەڵێن ئەوان پاساوی خۆیان هەیە لەو گوشارەی دەیخەنە سەر عادل عەبدولمەهدی، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان پابەند بکات بە جێبەجێکردنی یاسای بودجەی گشتی.

فالح عەبدولحەسەن خەزعەلی، ئەندامی لیژنەی نەوت و وزە و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی نەسر بە (رووداو)ی راگەیاند: "مەبەستی ئێمە بڕینی مووچە و قووتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان نییە، پەرلەمان یاسای بودجەی پەسەند کردووە و یاساکە بەو شێوەیەیە کە دەبێ هەرێمی کوردستان رۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت بداتە سۆمۆ لە بەرامبەر پێدانی شایستەکانی هەرێمی کوردستان بۆ مووچە، نەک شایستەی کۆمپانیاکان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای دەکات".

> دوای گەڕانەوەی عادل عەبدولمەهدی لە چین، هەولێر و بەغدا دەست بە گفتوگۆ دەکەن
>
> پەرلەمانتارێکی یەکێتی

هەروەها دەڵێت: "یەکێک لە تێبینییە هەرە گەورەکان لەسەر حکومەتی عادل عەبدولمەهدی پرسی نەوتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان. چەندین تۆمەتمان ئاراستەی سەرۆکوەزیران کردووە کە یەکێکیان موجامەلەکردنی هەرێمی کوردستانە و ئێمە رژدین کەوا بەڕێز عادل عەبدولمەهدی لەم بابەتەدا موجامەلە دەکات، لەوکاتەی هەژاری لە باشووری عێراق لە بەرزترین ئاستدایە و لە هەندێک پارێزگا زیاتر لە نیوەی دانیشتووان لەژێر هێڵی هەژاریدان. بۆیە چاوەڕوانی لێپرسینەوەین لە وەزیری دارایی و وەزیری نەوت لەسەر ئەم پرسە و ئەگەر ئەم پێشێلکارییانە بەردەوامبن ئەوا لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆکوەزیران دەکەین و متمانە لە کابینەکەی دەستێنینەوە".

سەبارەت بە قەرزەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی قەرزی کۆمپانیاکان، ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی نەسر هۆشداری دا و گوتی: "بودجەی ساڵی 2020 بە ئاسانی لە پەرلەمان تێناپەڕێ، نابێ هەڵەکانی ساڵی 2019 لەم بودجەیە دووبارە ببنەوە، ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە قەرزی کۆمپانیاکان باسی دەکات، بیدعەیەکی نوێیە. بۆیە ئێمە پێشبینی قەیران دەکەین ئەگەر ئەم بابەتە بە شێوەیەکی روون و راشکاوانە چارە نەکرێ".

# شیعە، د.فوئاد حوسێن بە دەردی وشیار زێباری دەبەن؟

سیروان عەباس
رووداو- هەولێر

ژمارەیەک پەرلەمانتاری شیعە بە تایبەتی لە فراکسیۆنەکانی نەسر، سائیرون، حیکمە و دەوڵەتی یاسا، واژۆیان کۆکردووەتەوە بۆ بانگهێشتکردنی وەزیری دارایی عێراق بۆ ئەنجومەنی نوێنەران. هەر لە ئێستاشەوە ژمارەیەک دۆسیەیان ئامادە کردووە کە دژی بیجووڵێنن. پەرلەمانتارێکی کورد دەڵێت ئامانج لەو هەوڵە، تێکدانی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدایە.

سامر زیبان حەمدانی، پەرلەمانتاری هاوپەیمانیی فەتح کە یەکێکە لەوانەی واژۆی لەسەر یاداشتی لێپرسینەوەکە کردووە، بە (رووداو)ی راگەیاند: "هەندێک لە پەرلەمانتاران گلەیی ئەوە دەکەن کە ناتوانن وەزیری دارایی ببینن و وەڵامی پرسیار و بەدواداچوونەکانیان ناداتەوە. هەندێکی دیکەش بابەتەکە پەیوەست دەکەن بە جێبەجێکردنی یاسای بودجە و رادەستنەکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە".

ئەو کە پەرلەمانتاری کوتلەی سادیقوونی سەر بە عەسایبی ئەهلی حەقە لە نێو هاوپەیمانیی فەتح، دەڵێت دەخوازن کێشەی نەوت و بودجەی نێوان هەولێر و بەغدا بە تەواوی چارەسەر بکرێت، تاوەکو هەموو ساڵێک ئەو گرفتە سەرهەڵنەداتەوە.

هەرچەندە پەرلەمانتارانی شیعە دەڵێن لەسەر بەهەدەردانی بودجە بانگهێشتی د.فوئاد حوسێن دەکەن بۆ پەرلەمان، بەڵام پەرلەمانتارانی کورد دەڵێن ئامانجێکی سیاسی لە پشت بانگهێشتکردنەکەیە.

د.ئەحمەد سەفار، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی کە هاوکات بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراقە، بە (رووداو)ی گوت: "هەتا لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان نزیکتر ببینەوە دەنگی دژ بە کورد زیاتر بەرز دەبێتەوە، بانگهێشتکردنی د.فوئاد حوسێنیش لە چوارچێوەی دژایەتی کوردە و مەرامێکی سیاسی لەپشتە، فراکسیۆنەکانی دەوڵەتی یاسا، فەتح، سائیروون و بەشێکیش لە حیکمە رۆڵی سەرەکی لە دژایەتیکردنی کورد دەگێڕن".

بەڵام شێروان میرزا، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە شیعەکان لەو کارەدا دوو مەرامیان هەیە: "هەوڵی بانگهێشتکردنی وەزیرە کوردەکە بۆ دوو مەرامە.

> ئامانج لە بانگهێشتکردنی فوئاد حوسێن تێکدانی پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدایە
>
> پەرلەمانتارێکی یەکێتی

رەوتی حیکمە، هاوپەیمانی نەسر، هاوپەیمانیی سائیروون و دەوڵەتی یاسا دەیانەوێ لەم پرسەدا بە تیرێک دوو نیشانە بپێکن، یەکەمیان دروستکردنی لەمپەر لەبەردەم حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی، دووەمیان تێکدانی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا".

ئەمە یەکەمجار نییە هەوڵی بانگهێشتکردن و وەرگرتنەوەی متمانە لە وەزیرێکی کورد دەدرێ. لە کابینەی رابردوو ئەمە بەرامبەر هۆشیار زێباری، وەزیری پێشووی دارایی کرا.

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی 2016/9/21 پرسی سەندنەوەی متمانەی لە وەزیری دارایی خستە دەنگدانەوە و دواتر بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران، متمانە لە هۆشیار زێباری سەندرایەوە. لەو دانیشتنەدا: 158 پەرلەمانتار دەنگیان بۆ سەندنەوەی متمانە لە زێباری دا، لە بەرامبەردا 77 پەرلەمانتار دەنگیان بۆ رەتکردنەوەی سەندنەوەی متمانە دا و 14 پەرلەمانتاریش دەنگیان نەدا.

مانگێک بەر لەوەی متمانە لە هۆشیار زێباری بسەندرێتەوە، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، متمانەی لە وەزیری بەرگری، خالید عوبێدی وەرگرتەوە کە سوننەیە.

بەپێی دەستوور و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەگەر بێت و زۆینەی پەرلەمانتاران بە (50+ 1) دەنگ بۆ سەندنەوەی متمانە لە هەر وەزیرێک بدەن، ئەوا ئەو وەزیرە بە دەستلەکارکێشاوە ئەژمار دەکرێت.

ناسر هەرکی، پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی عێراق پێیوانییە بانگهێشتکردنی ئەو وەزیرە بۆ پەرلەمان شتێکی یاسایی و ئاسایی بێت و دەڵێت: "بانگهێشتکردن چەند رێکارێکی یاسایی خۆی هەیە. ناکرێ گوێ بۆ چەند کەسێک بگیرێت کە نزیکبوونەوەی هەولێر و بەغدا لە بەرژەوەندییاندا نییە. د.فوئاد حوسێن هیچ سەرپێچییەکی یاسایی نەکردووە لە ناردنی بودجە و مووچەدا، ئەگەر بانگهێشتەکەشی سیاسی بێت، باوەڕ ناکەم هیچ فراکسیۆنێکی کوردستانی قبووڵی بکات".

لە کاتی سەندنەوەی متمانە لە هۆشیار زێباری، چەند پەرلەمانتارێکی کوردیش دەنگیان بە سەندنەوەی متمانە لەو دابوو، بەڵام شێروان میرزا بەدووری دەزانێ ئەمە بەرامبەر د.فوئاد حوسێن دووبارە ببێتەوە و دەڵێت: "ئەگەر د.فوئاد حوسێن بۆ مەرامی سیاسی و بانگەشەی هەڵبژاردن بانگهێشت بکرێت، یان لەبەر ناردنی بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان بێ، هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکان دژی دەوەستنەوە، بەڵام ئەگەر بەڵگەیان لەسەری هەیە کە گەندەڵی کردبێ و سامانی گشتی بەهەدەردابێ، ئەوکاتە ئێمە قسەیەکی دیکەمان دەبێ".



(فۆتۆ: رووداو)

> باوەڕ ناکەم پەرلەمان بتوانێ متمانە لە د.فوئاد بستێنێتەوە
>
> پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو

هەرچەندە تاوەکو ئێستا وادەی بانگهێشتکردنی فوئاد حوسێن دیار نییە، بەڵام بۆ ئەو مەبەستە بەشێک لە پەرلەمانتارە عەرەبەکان واژۆی پێویستیان کۆکردووەتەوە، بە گوتەی شێروان میرزا، بیانووی ئەو پەرلەمانتارانە بۆ بانگهێشتکردنی وەزیری دارایی بەهەدەردانی سامانی گشتی و پارەی نەوتە، بەڵام دەڵێت تاوەکو ئێستا هیچ بەڵگەیەکیان بۆ ئەمە نییە.

شیعەکان زۆرینەن لە پەرلەمان، ئەوانەشی واژۆیان بۆ بانگهێشتکردنی وەزیری دارایی کۆکردووەتەوە لە زۆربەی فراکسیۆنەکە شیعەکانن، بۆیە ترس هەیە د.فوئاد حوسێنیش بە دەردی هۆشیار زێباری بچێ.

موسەننا ئەمین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت: "هیچ ئامانجێکی چاکسازی لە پشت ئەو هەوڵەوە نابینم، تەنیا بۆ لێدانە لە کورد و بۆ گوشارخستنە سەر عادل عەبدولمەهدی و فوئاد حوسێنە بۆ ئەوەی ئەو کارئاسانییەی بۆ کوردیان کردووە کەمی بکەنەوە".

موسەننا ئەمین گوتیشی: "دیار نییە چەند واژۆ کۆکراوەتەوە، بەڵام زیاتر لەوەی کە بۆ بانگهێشتکردنی وەزیرێک پێویستە کۆکراوەتەوە، هەرچەندە بڕوا ناکەم بتوانن وەکو کابینەی پێشوو وەزیری دارایی دووربخەنەوە، چونکە ئێستا هەلومەرجەکە جیاوازە و هیچ بەڵگەیەکی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتیشیان لەسەر وەزیری دارایی نییە".

## وەزیری دارایی چی دەڵێت؟

پێشتر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)، د.فوئاد حوسێن لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا هیچ مەترسییەک هەیە لەسەر ئەوەی ئەو سیناریۆیەی لە ساڵانی رابردوو لەگەڵ وەزیرەکان کراوە، لەگەڵ ئەویش دووبارە بکرێتەوە بۆ سەندنەوەی متمانە؟ ئەو لە وەڵامدا گوتبووی: "لەکاری پەرلەمانی شتێکی ئاساییە لێپرسینەوە و میوانداری هەبێت، ئەمە بەشێکە لە کاری پەرلەمان، بەشێکە لە کاری وەزیریش بچێتە پەرلەمان و وەڵام بداتەوە، ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر لێپێچینەوەمان لەگەڵ بکرێت لەسەر جێبەجێکردنی یاسا، من شانازی پێوە دەکەم".

## ئەوانەی تەقەیان لە لقی چواری پارتی کرد دەستگیرکران



**ڕووداو- سلێمانی**

ئاسایشی سلێمانی لە ڕاگەیێندراوێکدا دەستگیرکردنی ئەو تەقەکەرانەی ڕاگەیاند، کە شەوی 20ی ئەم مانگە تەقەیان ئاراستەی لقی چواری پارتیی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی کرد. لە ڕاگەیێندراوەکەدا ڕۆژی 22-9-2019 ئاسایشی سلێمانی بڵاویکردووەتەوە ڕایدەگەیێنێت: "دوای 48 کاژێر لە ڕووداوەکە توانیمان کەسی تەقەکەر لەگەڵ هاوکارەکەی دەستگیربکەین و دانیشیان ناوە بە تاوانەکانیاندا". ئاسایشی سلێمانی، دەستی بەسەر ئەو ئۆتۆمبێل و چەکەشدا گرتووە کە لەکاتی تەقەکردنەکەدا بەکاریانهێناوە. بە گوتەی ئاسایش "ئەم کەسانە سەربەخۆ ئەو کارەیان کردووە، لێکۆڵینەوەش بەردەوامە و بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت".

### سێ تۆمەتی ڕووبەڕوو کراوەتەوە

# مەلا ئیسماعیل سووسەیی سزا دەدرێ

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**



مەلا ئیسماعیل سووسەیی لەسەر سێ دۆسیە دادگایی دەکرێ، لە یەکەمیاندا بە شەش ساڵ بەندکردن حوکم درا. لە دۆسیەی دووەم بێ تاوان دەرچووە و بڕیارە هەفتەی داهاتوو لەسەر دۆسیەی سێیەم ببرێتەوە بەردەم دادگا.

ئیسماعیل نەجمەدین ئیسماعیل کە بە مەلا ئیسماعیل سووسەیی ناسراوە، مەلایەکی ناسراوی شاری هەولێر بوو، بە گوتارە توندەکانی ناوبانگێکی زۆری دەرکرد، سەرەتای مانگی تەمووزی 2018 لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکرا و ئێستاش سێ تۆمەتی بەرەوڕوو کراوەتەوە.

ئەو سێ تۆمەتەی ئاراستەی مەلا ئیسماعیل کراون بریتین لە یەکەم: هەڵگرتن و دروستکردنی تەقەمەنی. دووەم: پەیوەندی لەگەڵ داعش و سێیەم: پەلامارەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر لە تەمووزی 2018.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دۆسیەی مەلا ئیسماعیل سووسەیی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "مەلا ئیسماعیل 21 ڕۆژ پێش پەلامارەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکرا بەبێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکی ڕووبەڕوو بکرێتەوە. تەنیا ئەوە بوو کە مەلا ئیسماعیل مامۆستایەکی ئاینی بوو، وتارەکانی توند و دژی دەسەڵات بوو".

بەڵام بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، دوای پەلامارەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر لە 2018/7/23 سێ دۆسیە لە دژی کرانەوە.

ڕۆژی 2019/9/15 دانیشتنێکی دادگایی ئیسماعیل سووسەیی بەڕێوەچوو. ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: "مەلا ئیسماعیل لە دۆسیەی یەکەم کە بەپێی یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 1992 بۆی کراوەتەوە و تایبەتە بە هەڵگرتن و دروستکردن و بەکارهێنانی تەقەمەنی، بێ تاوان دەرچووە".

سەبارەت بە دۆسیەی دووەم، ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: "دۆسیەی دووەمی مەلا ئیسماعیل بەپێی بڕگەی حەوت لە ماددەی سێی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2006ی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کراوەتەوە. لەو دۆسیەدا مەلا ئیسماعیل بە شەش ساڵ بەندکردن حوکمدراوە، بەڵام هێشتا بڕیاری تەمیزی ماوە. هەفتەی داهاتوو تەمیز دەکرێتەوە و دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەم دۆسیە دەدات".

بەپێی ئەو ماددەیەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، حوکمی تۆمەتبار تا سزای لەسێدارەدانیش دەڕوات.

لەبارەی دۆسیەی سێیەمیش کە مەلا ئیسماعیل سووسەیی تۆمەتبار کراوە بەوەی لەپشت پەلامارەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر بووە، سەرچاوەکە دەڵێ: "لەو دۆسیەیەش مەلا ئیسماعیل سووسەیی بەپێی ماددەی 197 لە یاسای سزادانی عێراقی تۆمەتبار کراوە و بڕیار بوو دادگا بڕیار لەسەر ئەو دۆسیەش بدات، بەڵام لەبەرئەوەی داواکاری گشتی لائیحەی ئامادە نەبوو، دۆسیەکە بۆ دانیشتنی داهاتوو دواخرا، بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا بەڕێوەبچێت و دادگا دوا بڕیار لەسەر ئەو دۆسیەش دەدات".

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە لە ڕۆژی 2018/8/2 بڵاوکرایەوە "هاندەر و هۆکاری پێشوەختەی پەلامارە تیرۆریستیەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر لە 2018/7/23 مەلا ئیسماعیل سووسەیی بووە. چەک و پارە و پێداویستی بۆ گرووپی ئەنجامدەری کردە تیرۆریستیەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر دابین کردووە کە لە پێنج کەس پێکهاتبوون بەناوەکانی: عەبدولڕەحمان ڕەحیم قادر، بیلال سلێمان عەبدولڕەحمان، ڕەهێڵ محەممەد ڕۆستەم ناسراو بە عەلی، محەممەد جەبار و محەممەد شێرزاد".

> سووسەیی هەفتەی داهاتوو لەسەر پەلامارەکەی سەر بینای پارێزگای هەولێر دەبرێتەوە دادگا

> مەلا ئیسماعیل سووسەیی لە دۆسیەی هەڵگرتنی چەک و تەقەمەنی بێ تاوان دەرچووە

سێ کەسی ئەو گرووپە لەو پەلامارەدا کوژران و دوویشیان دەستگیر کران.

ئەو سەرچاوەیە باس لە سکاڵاکانیش لە دژی ئیسماعیل سووسەیی دەکات و دەڵێت: "هیچ سکاڵایەکی شەخسی لەدژی مەلا ئیسماعیل نییە. ئەو سکاڵایەی لەسەریەتی داوای مافی گشتییە. هەروەها کەسوکاری ئەو سێ گەنجەش کە لە پەلامارەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر کوژران، بە دیاریکراوی سکاڵایان لە دژی مەلا ئیسماعیل سووسەیی نییە، بەڵکو سکاڵایان لە دژی ئەو کەسە هەیە کە فەرمانی بە کوڕەکان کردووە و هانیداون بۆ هێرشەکە و لە پشتی تاوانەکە بووە".

ئەو سێ گەنجەی هێرشیانکردە سەر پارێزگای هەولێر بە ناوەکانی ڕەهێڵ محەممەد ڕۆستەم، لە دایکبووی ساڵی 2002، بیلال سلێمان عەبدولڕەحمان، لەدایکبووی ساڵی 2000 و عەبدولڕەحمان ڕەحیم قادر لەدایکبووی ساڵی 2002، پێشتر لەلای مەلا ئیسماعیل سووسەیی وانەی ئاینییان خوێندووە، بۆیە گومان دەکرێت لەلایەن ئەوەوە ڕاهێنرابن.

محەممەد شێرزاد لە 2015 بەهۆی پەیوەندی بە داعشەوە بۆ ماوەی ساڵێک حوکم درا، بەڵام دوای ئازادبوونی، دووبارە پەیوەندی بە داعشەوە کردەوە و لەو هێرشە تیرۆریستییەدا بەشدار بوو کە بووە هۆی شەهیدبوونی کارمەندێکی پارێزگا و برینداربوونی چەند کارمەندێکی هێزە ئەمنییەکان.

مەلا ئیسماعیل سووسەیی لە 2018/7/3 بە بڕیاری دادوەر و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیر کرا، بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان "مەلا ئیسماعیل سووسەیی لە ساڵی 2014ـەوە پەیوەندی بە داعشەوە کردووە، دوو جار بەیعەتی داوە. تۆماری دەنگی بۆ سەرکردەکانی داعش ناردووە و زانیاریی سیخوڕی لەسەر هێزەکانی پێشمەرگە داوەتە داعش".

دەزگای ئاسایش دواتر ڤیدیۆی دانپێدانانی سووسەیی و دوو گەنجە دەستگیرکراوەکەی بڵاوکردەوە.

### مەلا ئیسماعیل شووشەیی و دەستبار

ڕۆژی 2018/11/21 دادگای باڵای شتوتگارت لە ئەڵمانیا یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی گەنجێکی کوردی بەڕێوەبرد کە لە ئەڵمانیا لەدایکبووە و پەیوەندی بە داعشەوە هەبووە. گەنجەکە ناوی دەستبار بوو، پێشتر مەلا ئیسماعیل سووسەیی لە ڤیدیۆی دانپێدانانەکەیدا باسی ئەو گەنجەی کردبوو، گوتبووی کە لە ئەڵمانیاوە هاتووەتە هەولێر.

لەبارەی ئەو گەنجە کوردە کە بە "دەستبار" ناوی هاتووە، دادگای باڵای شتوتگارت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە "دەستبار تۆمەتی ئەوەی لەسەرە لە ساڵی 2016 بووەتە ئەندامی داعش، لە مانگی 7ی 2016 هاتووەتە کوردستان و بە دیاریکراویش هاتووەتە شاری هەولێر، لە هەولێر چاودێری و سیخوڕیی بۆ داعش کردووە، پلانی ئەنجامدانی هێرشێکی هەبووە بۆ سەر ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام پلانەکەی جێبەجێ نەبووە و گەڕاوەتەوە ئەڵمانیا".

لەو ڤیدیۆی دانپێدانانەی لە 2-8-2018 بڵاوکرایەوە، مەلا ئیسماعیل سووسەیی دەڵێت: "کوڕێک هات کە لە ئەڵمانیا لەدایکبووبوو، لەوێش ژیابوو، لەهجە کوردییەکەشی مەزبووت نەبوو، بەناوی دەستبار ئیحسان. ئەویش چەند جارێک دەهاتە مزگەوتی ئێمە. پێشتریش کە چەند جارێک لە ئەڵمانیا دەهاتەوە ناسیبووم، ئەویش هات داوای کرد گوتی مامۆستا لەناو دەوڵەتی ئیسلامی زۆر باسی تۆ دەکەن و تۆیان خۆشدەوێت و تۆیان پێ موهیمە، تۆش هیچ ناکەی لەگەڵیان، منیش هیچ قسەم نەکرد".

دادگای باڵای شتوتگارت بەڵگەی ڤیدیۆیی لەلایە کە چۆن دەستبار گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و مەشق و ڕاهێنانی لەسەر بەکارهێنانی چەک کردووە.

مەلا سووسەیی تۆمارێکی دەنگیشی بڵاوکرایەوە کە تێیدا بەیعەت بە ئەبوبەکر بەغدادی و خەلافەتەکەی داعش دەدات.

# لە دهۆک 10 بەرپرس لەسەر گەندەڵی سزا دراون

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەپێی ئاماری دەستەی دەستپاکی، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا 60 دۆسیەی گەندەڵی لە دادگاکانی دهۆک یەکلایی کراونەتەوە کە 10 دۆسیەیان هی بەرپرسانی پارێزگاکەن و سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی زانکۆ و بەرپرسی دیکەیان تێدابووە. لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا لێکۆڵینەوە لە 60 دۆسیەدا کراوە و 12 دۆسیەیان ڕەوانەی دادگا کراون.

ئەحمەد ساڵح، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکانی دەستەی دەستپاکی لە دهۆک، وردەکاری ئەو دۆسیانەی بۆ (ڕووداو) خستنەڕوو و گوتی: "لە ساڵی 2017دا 23 دۆسیە، ساڵی ڕابردوو 24 دۆسیە و لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 12 دۆسیە ڕەوانەی دادگا کراون و یەکلایی کراونەتەوە. لە بەشێکی ئەو دۆسیانەدا زیاتر لە کەسێک تێوەگلاون".

ئەحمەد ساڵح ئامادە نەبوو ناوی ئەو کەسانە ئاشکرا بکات کە لەسەر گەندەڵی دراونەتە دادگا، ئەو گوتی کە ئەوە ئیشی ئەوان نییە، بەڵام دەڵێت: "پۆستی جۆراوجۆریان هەبووە، وەکو سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی زانکۆ".

سەبارەت بە سزای ئەو کەسانەش، ئەو بەرپرسەی دەستەی دەستپاکی گوتی: "سزاکانیان جۆراوجۆرە، هەیە بە سێ ساڵ بەندکردن سزادراوە، هەشە بە 18 ساڵ. بەشێکیان دەست بەسەر موڵک و پارەیاندا گیراوە. هەشبووە بێ تاوان دەرچووە و ئازاد کراوە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دادگای دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت: "لەو دۆسیانەی لەلایەن دەستەی دەستپاکییەوە بۆمان هاتوون، 10 دۆسیەیان هی بەرپرسان بووە و سزا دراون، لەوانەش: سەرۆکی زانکۆ، سەرۆکی شارەوانی، بەڕێوەبەری ناحیە، بریکاری وەزیر، بەڵێندەر، بەڕێوەبەری یاسایی لە شارەوانییەکان و بەڕێوەبەری ژمێریاری".

لەدوای دەستبەکاربوونی کابینەی نوێ، باس لەوە دەکرێ کە خەڵکێکی زۆر لەسەر گەندەڵی دەستگیرکراون، ئەحمەد ساڵح دەڵێت، ئەوان وەکو پێشتر کاری خۆیان دەکەن "بەڵام ئەمساڵ ژمارەی دۆسیەکان بەراورد بە ساڵی ڕابردوو زیاتر بوون".

ئەگەرچی خەڵک لێرە و لەوێ بەتایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زوو زوو باسی گەندەڵیی بەرپرسان دەوروژێنن، بەڵام بەرپرسەکەی دەستپاکی لە دهۆک گلەیی لە خەڵک هەیە و دەڵێت: "خەڵک زۆر بە کەمی زانیاریمان لەبارەی گەندەڵی دەدەنێ. بۆ نموونە لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا تەنیا چوار کەس زانیارییان لەسەر گەندەڵی پێداوین، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لە سۆشیالمیدیا، خەڵک زۆر باسی گەندەڵی دەکەن، بەڵام زانیاریش نادەن".

> هیچ بەرپرسێک لە دهۆک فۆرمی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی پڕنەکردووەتەوە
>
> بەرپرسێکی دەستەی دەستپاکی لە دهۆک

ئەحمەد ساڵح لەڕێی (ڕووداو)ەوە داوای لە خەڵک کرد هەر کەسێک زانیارییەک یان بەڵگەیەکی لەسەر گەندەڵی هەبێت، دەتوانێت بیگەیێنێتە ئەوان و ناو و ناونیشانی کەسەکەش لەلای ئەوان پارێزراو دەبێ.

بەپێی یاسای دەستەی دەستپاکی، دەبێ سەرجەم وەزیرەکان، ڕاوێژکارەکان، پەرلەمانتاران و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، پارێزگارەکان، پلە تایبەتەکان، بەرپرسی یەکە ئیدارییەکان، قایمقامەکان و سەرۆک شارەوانییەکان، فۆرمی تایبەت بە ئاشکراکردنی سەروەت و سامانیان پڕ بکەنەوە.

ئەحمەد ساڵح دەڵێت: "فۆرمی ئاشکراکردنی سەروەت و سامان دراوەتە سەرجەم ئەو بەرپرسانەی دهۆک کە فۆرمەکە شمولیان دەکات، بەڵام هیچ بەرپرسێک فۆرمەکەی نەگەڕاندووەتەوە. لە کاتێکدا دەبێ ئەوانەی لە پۆستەکانیان نامێنن، فۆرمێکی نوێ پڕ بکەنەوە و لەگەڵ فۆرمی سەرەتای دەستبەکاربوونیان بەراورد بکرێ، بەڵام ئەو ڕێکارە بۆ هیچ بەرپرسێکی دهۆک نەکراوە".

### پەیوەندیکردن بە دەستەی دەستپاکی

ئەحمەد ساڵح، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکانی دەستەی دەستپاکی لە دهۆک، ئەو ڕێگایانە بۆ هاووڵاتیان ڕووندەکاتەوە بۆ ئەوەی زانیارییان لەبارەی گەندەڵییەوە پێبدەن. ڕێگاکانیش بریتین لە هەردوو ژمارە تەلەفۆنی (07510109767 - 07714484040)، یان لە ڕێگەی ئیمەیلی دەستە کە لە نێو وێبسایتی دەستە (www.despaky.krd)دا هەیە. یاخود دەتوانێ سەردانی ئۆفیسی دەستەکە بکات".

# 20 ڕۆژە گەنجێکی شیلادزێ بە برینداری لەلایەن پەکەکەوە دەستگیرکراوە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

ماوەی 20 ڕۆژە گەنجێکی دانیشتووی ناحیەی شیلادزێ سەر بە قەزای ئامێدی بە برینداری کەوتووەتە دەست هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و تا ئێستا ئازاد نەکراوە. چارەنووسی دوو گەنجی دیکەی دێرەلووکیش دیار نییە و کەسوکارەکەیان گومان دەکەن لەلای پەکەکە بن.

> هێشتا لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو گەنجە تەواو نەبووە
>
> پەکەکە

ئێوارەی ڕۆژی 2019/9/2 لە گەلیی باڵندا شەڕە تەقە لە نێوان شەوکەت عەلی، تەمەن 35 ساڵ و دانیشتووی شیلادزێ و هێزەکانی پەکەکە دروستبوو، بەو هۆیەوە گەنجەکە بریندار بوو، پاشان هێزەکانی پەکەکە گەنجەکەیان لەگەڵ خۆیان برد.

شوکری عەلی کە برای ئەو گەنجەیە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "براکەی ئێمە پێشمەرگەیە، بۆ بەسەربردنی کات چووبوو بۆ گەلیی باڵندا، هەندێ کەلوپەل و خۆراکی پەکەکە لە شوێنێک بوو، ئەویش لە نزیک ئەو شوێنە ڕاوەستابوو، چەکدارەکانی پەکەکە بە جلی مەدەنی تەقەیان لێکرد، ئەویش نەیزانیبوو پەکەکەن، وەڵامی دابوونەوە، گوللەیەک بە دەستی کەوتبوو، پاشان چەکدارەکان بە برینداری لەگەڵ خۆیان بردبوو".

شوکری دەڵێت لەگەڵ موختاری گوندی ڕەزگە کە گوندی خۆیانە، تاوەکو ئێستا شەش جار چوونەتە لای هێزەکانی پەکەکە و داوای ئازادکردنی کوڕەکەیان کردووە، بەڵام پەکەکە پێیگوتوون، هێشتا لێکۆڵینەوە لەگەڵی تەواو نەبووە، بۆیە ناتوانن ئازادی بکەن".

بە گوتەی شوکری، براکەی پێشتر گەریلای پەکەکە بووە: "براکەم 15 ساڵ پێش ئێستا کە ئەوکات تەمەنی 20 ساڵ بوو، بۆ ماوەی نۆ مانگ چووە ناو پەکەکە، بەڵام دوایی هاتەوە و بوو بە پێشمەرگەی زێرەڤانی. پێدەچێ پەکەکە ئەوەیان کردبێتە بیانوویەک و نەیانەوێ ئازادی بکەن".

جگە لەو گەنجە، ڕۆژی 25ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ، بەهۆی بۆردومانی هێزەکانی تورکیا لە نزیک گوندی ڕەشاڤەی سەر بە دەڤەری نهێل، شەش گەنجی ناحیەی دێرەلووک بەر بۆردومانەکە کەوتن، بەو هۆیەوە چواریان گیان لەدەستدا و دووانی دیکەش بەناوەکانی وەحید عەبدولباقی و ڕێدار محەممەد تاهیر هەتا ئێستا بێسەروشوێنن.

محەممەد تاهیر عومەر کە باوکی ڕێدارە، بە (ڕووداو)ی گوت: "هەواڵمان بۆ هاتووە کە ئەوان بریندارن و ئێستا لەلای پەکەکەن، چونکە ئەو شوێنەی بۆردومان کرا، لەژێر دەسەڵاتی ئەواندایە. ئێمە زوو گەیشتینە شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام هێزەکانی پەکەکە بە ئێمەیان گوت، ئێمە کەسمان نەبینیوە".

باوکی ڕێدار بۆ زانینی چارەنووسی کوڕەکەی لە زۆر دەرگای داوە، بەڵام هیچی دەستنەکەوتووە. چووەتە لای هێزەکانی پەکەکە کە گومان دەکات کوڕەکەی لەلای ئەوان بێ، بەڵام دەڵێت پەکەکە نکۆڵی لەوە دەکەن.

وارشین سەلمان، بەڕێوەبەری ناحیەی دێرەلووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەر دوای دەستگیرکردنی ئەو گەنجە هەوڵی خۆیان خستووەتەگەڕ بۆ ئازادکردنی، بەڵام دەڵێت کێشەکەی ئەوان ئەوەیە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەو هێزەدا نییە کە گەنجەکەیان دەستگیرکردووە.

### چوار گەنجی دهۆک بێسەروشوێنن

حەمدی بەرواری، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان- لقی دهۆک، دەڵێت هێشتا کەیسی ئەو سێ گەنجەیان بۆ نەچووە و داوا لە کەسوکاریان دەکات سەردانیان بکەن بۆ ئەوەی وەکو ونبوو ناویان تۆمار بکەن و سۆراغیان بکەن.
حەمید بەرواری گوتیشی: "جگە لەو سێ گەنجە، فۆرمی چوار گەنجی دیکەی سنووری دهۆک لەلای ئێمە هەن کە بێسەروشوێنن، دەمێکە بەدواداچوونیان بۆ دەکەین، بەڵام هیچ شتێکمان لەبارەی چارەنووسیان دەستنەکەوتووە".

## د.کوردستان موکریانی، نووسەر و ئەدیبی کورد بۆ (ڕووداو):

# باوکم لەبەر کچەکانی نەبوو بە پێشمەرگە


(فۆتۆ: ڕووداو)

د.کوردستان موکریانی، ئەکادیمیست و ئەدیب و زمانزانی کورد لە بەشی دووەمی بەرنامەی پەنجەمۆردا کە شەوانی هەینی لە تەلەڤزیۆنی (ڕووداو) پەخش دەکرێ، شایەتی لەسەر چەند ڕووداوێک دەدات، لەوانەش گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر کە ئەوکات ئەو لەو زانکۆیە مامۆستا بووە. هەروەها باسی کوردەکانی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی کوردی دەکات لە بەغدا و دەڵێت هەندێکیان بە زۆر کرابوون بە بەعسی. جگە لەوەش باسی گواستنەوەی خۆی و د.جەمال رەشیدی هاوژینی دەکات لە زانکۆی سەلاحەددینەوە بۆ بەغدا.

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**
**ڕووداو - هەولێر**

**بەشی دووەم**

**ڕووداو: پێش ئەوەی سەفەری سۆڤیەت بکەن، سەفەری ئێران دەکەن؟ کێ ئەو سەفەرەی ڕێکخستبوو؟**

**موکریانی:** سەردانەکەمان بۆ ئێران، زانکۆی بەغدا رێکیخستبوو. ئەوانەی کە چوون زۆرتر قوتابی بەشی کوردی بوون. ئەوەی سەرپەرشتی سەفەرەکەشی دەکرد، مامۆستا ساڵح تەقی بوو کە مامۆستای زمانی فارسی بوو. ساڵی 1967 بوو کە چووین بۆ ئێران. باوکم ئەمەی بە هەل زانی بۆ ئەوەی پەیوەندی بە خزمەکانەوە بکەم. نامەیەکی بۆ نووسیم بۆ ئەوەی لە رادیۆی کرماشان بیخوێنمەوە. لەوێ داوام کرد کە شوکروڵڵای بابان ببینم، باوکم نامەیەکی بۆ ئەو نووسیبوو، کۆمەڵێک کتێبیشی پێدابووم بۆ ئەوەی بیدەمێ. ئەوەی سەرپەرشتی دەکردین گوتی بیدە بە ئێمە، خۆمان دەیدەینێ، منیش باوەڕم پێکرد و دام بە ئەو. دوای سەعاتێک شوکروڵڵا بابان پەیدابوو، یەکسەر منی برد بۆ رادیۆ. پێمگوت من شتێکی وام هێنابوو، گوتی: وەڵڵا هیچ شتێکیان نەداوە بە من. لەوانەیە نەگاتە دەستیشم. ئیدی من نامەکەم لەوێ خوێندەوە. دوای ئەوە چووین بۆ رادیۆی تاران. لەوێ ژنێک داوای بینینی منی کرد. گوایە چاوپێکەوتنم لەگەڵ دەکات، کە چووم بینیم میدیا زەندییە. گوتی: وەرە کۆمەڵێک کەس دەیانەوێ بتبینن. کاتێک کە چووم یەکێک لەو چیرۆکانەیان تۆمار دەکرد کە شەوانە بڵاویان دەکردەوە. لەوێ مامۆستا جەمیل رۆژبەیانیم بینی.

**ڕووداو: مەلا جەمیل رۆژبەیانی چی دەکرد لەوێ؟**

**موکریانی:** ئەویش لەوێ لە تۆمارکردنی دراماکان دەورێکی هەبوو. بەرنامەی هەبوو. بۆ ئێوارە منی دەعوەت کرد. منیش چووم. مامۆستا سوجادییەکیشی لێبوو. کوڕێکی دیکەش لەوێ بوو ناوی شەماڵ بوو. فازڵ دزەییم لەگەڵ خۆم برد. لە رێستورانتێک یەکدیمان بینی. لەوێ شەماڵ هەر هەواڵی هەولێری لێ دەپرسیم. نەمدەزانی کێیە. دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەوە شەمسەددین موفتییە. ئەوکات نوێنەری شۆڕش بوو لە تاران. رۆژی دواتر ئێمەیان برد بۆ شانۆگەرییەک. شانۆگەرییەکە دەربارەی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، کاتێک ژوورەکە تاریک بوو، یەکێک لە دواوە قژی راکێشام. ئاوڕم دایەوە کاغەزێکی لەنێو دەستم نا. کە لە هۆڵەکە دەرچووین، سەیری کاغەزەکەم کرد، بینیم لێی نووسراوە: من مریەمی قازیم، لەبەر تۆ هاتوومەتە ئێرە بۆ ئەوەی بتبینم. ژمارە تەلەفۆنی خۆی نووسیبوو، بۆ ئەوەی پەیوەندی پێوە بکەم و لە شوێنێک یەکدی ببینین.

**ڕووداو: ئەوان لە ژێر چاودێریدا بوون؟**

**موکریانی:** بەڵێ لەژێر چاودێرییەکی زۆر توندا بوون. ئەمجارەشیان هەر فازڵ دزەییم لەگەڵ خۆم برد، تاکسییەکم گرت و چووینە ئەو شوێنەی کە بۆیان دەستنیشان کردبووم. ئەمیر قازی و مریەم قازی هاتبوون. ماوەیەکی زۆر بەپێ رۆیشتین، چووین بۆ ماڵەکەیان، لەوێ مینا قازیم بینی. زۆر پرسیاری لێکردم، ئاگاداری هەموو شتێک بوو، دەیزانی پێشمەرگە هەیە، شۆڕش هەیە. منیش پرسیارم لێکردن، گوتیان خۆت حاڵمان دەبینی، ئەگەر بمانەوێ کەسێک ببینین دەبێ بەو شێوەیە ببینین. گوتی حەز دەکەم ساڵی داهاتووش بێیتەوە. من ناونیشانی مریەمی قازیم وەرگرت، تاوەکو ساڵانێکی زۆر نامەمان ئاڵوگۆڕ دەکرد.

> بایی نۆ جار لەسێدارەدان راپۆرتیان لەسەر من و جەمال رەشید نووسیبوو

**ڕووداو: باسی شەمسەددین موفتیت کرد، ئەو دوای لە باوکت کردبوو کە پێکەوە بچنە دەرەوە و ببنە پێشمەرگە، باوکت زۆر کوردپەروەر بوو، بۆچی نەبوو بە پێشمەرگە؟**

**موکریانی:** رۆژێکیان باوکم هاتەوە و گوتی لە بەغدا ناوی دوو کەس هاتووە کە زیندانی بکرێن، منم و شەمسەددین موفتی. شەمسەددین بە باوکمی گوتبوو من دەچم بۆ ناو شۆڕش، حەز دەکەم تۆش بێیت، باوکم گوتبووی: پێمخۆشە ببمە پێشمەرگە، بەڵام من شەش کچم هەیە. ئەگەر من ببمە پێشمەرگە کچەکانم دەگرن. خۆم بدەم بە دەستەوە باشترە. بە دایکمی گوت باوڵێکم بۆ ئامادە بکە، هەرچی پێویستیی بەندیخانەیە بیخە ناوی. نزیکەی ساڵێک لە زیندان مایەوە.

**ڕووداو: تۆ بۆ خوێندن دەچیت بۆ سۆڤیەت، شایەتی چی لەسەر کوردی سۆڤیەت دەدەی؟ چونکە بێگومان ئەوکاتەی لەوێ بوون، پەیوەندیتان لەگەڵیان هەبووە.**

> لە زانکۆ بە منیان گوت دەبێ تەنیا لەسەر دیالێکتی کرمانجی خواروو بابەت بنووسی

**موکریانی:** هەموو بۆنەکانی نەورۆز کوردەکانی قەفقاسیامان دەبینین. لەگەڵ قوتابیانی کورد یادی نەورۆزیان دەکردەوە. مامۆستاکان، بۆ نموونە کوردۆییڤ مامۆستای من بوو. هەروەها ئەو مامۆستایانەی لە تبلیسی بوون یان یەریڤان، کە دەیانزانی ئێمە هاتووین، سەردانیان دەکردین. هەمیشە دیارییان بۆ دەهێناین.

**ڕووداو: ئەی قەناتی کوردۆ؟**

**موکریانی:** ئەو سەرپەرشتیاری من بوو. پێکەوەش کارمان دەکرد، بۆ نموونە ئەو فەرهەنگە کوردی – رووسییەی من دامنا، ئەو سەرپەرشتی دەکرد. قەناتی کوردۆ کەسێکی زۆر ئیشکەر و کوردپەروەر بوو. زۆر پشتگیری قوتابیانی کوردی دەکرد. پەیوەندییەکی بەتینی هەبوو لەگەڵ باوکم، زۆر جار نامەی بۆ باوکم دەنارد. هەروەها پرۆفیسۆر زەرێ، زۆر زیرەک بوو، خۆی فێری هەموو دیالێکتەکانی

> بەڵێننامەم لێوەرگیرابوو کە نابێ شوو بە بێگانە بکەم

زمانی کوردی کردبوو.

**ڕووداو: جگە لە تۆ ئەوکات کەسی دیکە هەبوو لەوێ بخوێنێ؟**

**موکریانی:** بەڵێ هەبوون، لەوانەش چوار قوتابی کە کۆڕی زانیاریی کورد ناردبوونی بۆ خوێندن. د.عەبدولجەبار قادر غەفوور، د.فاروق عومەر سدیق، د.شوکریە رەسوڵ و... هەر چواریان بوونە کادیری باش و گەڕانەوە کوردستان.

**ڕووداو: ئەی کەمال مەزهەر و ئەوان؟**

**موکریانی:** د.کەمال مەزهەر، د.عیزەددین رەسوڵ، د.کاوس و د.نەسرین فەخری، ئەوان پێش ئێمە چووبوون.

**ڕووداو: ئەی لە رووی سیاسییەوە سۆڤیەت پەیوەندییەکی چۆنی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد هەبوو؟**

**موکریانی:** قوتابییەکی زۆر هەبوون کە پارتی دیموکراتی کوردستان ناردبوونی. پەیوەندییان باش بوو، بەڵام کاتێک شۆڕش هەرەسی هێنا. تەنیا وەکو هەواڵێک بڵاوکرایەوە.

**ڕووداو: واتە هیچ دەنگدانەوەی نەبوو؟**

**موکریانی:** نەخێر، بەڵام بۆ یەکێکی وەکو کوردۆییڤ وا نەبوو، هەموو جارێک بۆی دەگێڕاینەوە کە لە میترۆ هەواڵەکەی بیستووە، لەسەر قادرمەکان دانیشتووە و گریاوە.

**ڕووداو: ئەی ئێوە ئەو کوردانەی لەوێ دەتانخوێند پەیوەندیتان چۆن بوو؟**

**موکریانی:** پەیوەندیمان زۆر بەهێز بوو لەگەڵ یەکدی، بەڵام کاتێک کە شۆڕش هەرەسی هێنا، باڵیۆزخانەی عێراق ئەمەی بە هەل زانی بۆ ئەوەی پەیوەندی بەو قوتابیانەوە بکات کە لەسەر حیسابی حیزبە کوردییەکان هاتبوون. یەک یەک بانگیان دەکردن. کەمێکیان بوون بە بەعسی، بەڵام زۆربەیان تەسلیم نەبوون و گەڕانەوە. شیرازەی پەیوەندییەکان تێکچوو، بێهواییەکی زۆر زۆر هەبوو. یەکێک لەوانەی کە هیوای بە خەڵک بەخشی لەوێ، عەبدوڵڵا پەشێو بوو. قسەی لەگەڵ دەکردن و دەیگوت کە شۆڕش نەمرا، مانای ئەوە نییە کورد نەما. ئێمە دەبێت بەردەوام بین لە خەباتی خۆمان.

**ڕووداو: دکتۆراتان لە چیدا وەرگرت؟**

**موکریانی:** لە زانستی فیلۆلۆژی. بەر لە گەڕانەوەم کاتێک بەرگریم لە تێزی دکتۆراکەم دەکرد، مامۆستا مومتاز حەیدەری لەوێ ئامادەبوو. وەکو هەواڵێک ناردی بۆ رۆژنامەیەک لە عێراق بڵاوبووەوە. کاتێک زانکۆی سلێمانی بەمەی زانیبوو، نامەیەکیان بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق نووسیبوو، داوایان کردبوو هەر کاتێک گەڕایەوە پێویستمان پێی دەبێ.

**ڕووداو: ئێوە چۆن بوو گەڕانەوە. بەڵێننامەیان پێ پڕکردبوونەوە کە دەبێ بگەڕێنەوە؟**

**موکریانی:** بەڵێ. جگە لەوەش لە بەڵێننامەکە نووسرابوو کە نابێ شوو بە بێگانە بکەم.

**ڕووداو: ساڵی 1977 دەچیت بۆ زانکۆی سلێمانی، ئەوکات رەوشی زانکۆ چۆن بوو، بە تایبەتی کە دوای نسکۆی شۆڕش بوو؟**

**موکریانی:** ئەوسا لە بەشی کوردی تەنیا زمانی کوردی نەدەخوێنرا، بەڵکو فەلسەفە، مێژوو، کۆمەڵایەتی و جوگرافیاش دەخوێنرا، تەقریبەن بەشی کوردی کۆلێژێکی بچووک بوو. مامۆستاکان زۆربەیان عەرەب بوون، مامۆستای زمانی کوردی زۆر کەم بوون، کە من چووم بۆ ئەوێ د.کامەران موکری لەوێ وانەبێژ بوو.

**ڕووداو: ئەوکات رەوشی رۆژنامەگەری چۆن بوو، سانسۆر هەبوو؟**

**موکریانی:** ئەوسا من شتی زمانەوانیم بڵاودەکردەوە. یەکەم ساڵ نا، بەڵام لە دووەم ساڵ و سێیەم ساڵ توندیان کرد لەگەڵمان. بۆ وێنە رۆژێکیان راگری کۆلێژی کارگێڕی بانگی کردم. منیش چووم پیاوێکی ئەمن لەوێ دانیشتبوو، گوتی تۆ گەنجی، ئەو هەموو بەرهەمەت لە کوێ هێناوە؟ گوتی تۆ کە لەسەر زمان دەنووسی پێویست ناکات باسی هەردوو دیالێکتی کرمانجیی خواروو و سەروو بکەی. گوتم بۆ؟ گوتی: تۆ سۆرانیت. منیش گوتم: من کوردم. گوتی: نەخێر ئەمانە زۆر جیاوازن لە یەکدی. گوتم: من زمانەوانم، ئەگەر یەکێک ئەو دوو دیالێکتە نەزانێت مانای وایە زمانەوان نییە. ئیدی گوتی: ئەوە پەیامی منە بۆ تۆ کە کاتێک بابەت لەسەر زمان دەنووسی دەبێ تەنیا لەسەر دیالێکتی کرمانجی خواروو بنووسی. هەڵبەت ئەوە وای لێکردم کاتێک شیعریشم دەنووسی وشەی کرمانجیی سەروو بەکاربێنم. جارێک

> بەعس لەسەر وتارێکی د.جەمال نەبەز لێپرسینەوەی لەگەڵ ئێمە و دایکی کرد

کتێبێکم نووسی، ئەمجارەیان پیاوێکی ئەمن بۆ خۆی هات بۆ بەشی کوردی و گوتی: دەڵێن رستەکانی نێو کتێبەکەت باسی کوردایەتی دەکات، تۆ دەبێ تەنیا باسی برایەتیی کورد و عەرەب بکەی. هەندێک دەستەواژەت بەکارهێناوە ئەوروپایین، پێویست ناکات دەستەواژەی ئەوروپایی بەکاربهێنی. ئەگەر لە کوردی دەستەواژەیەکت دەستنکەوت پەنا ببە بۆ دەستەواژەی ئیسلامی، مەبەستی عەرەبی بوو.

**ڕووداو: ئەوکاتەی زانکۆی سلێمانی گواسترایەوە بۆ هەولێر، ئێوە مامۆستا بوون لەوێ، هۆکاری گواستنەوەی زانکۆکە چی بوو؟**

**موکریانی:** هۆکارەکەی کوژرانی چوار مامۆستای عەرەب بوو، من لەو باوەڕەدام هەر خۆیان ئەوانەیان کوشت. بۆ ئەوەی ببێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی زانکۆکە بگوازنەوە. ئەوان نەیاندەویست زانکۆیەک لە سلێمانی هەبێ و زیاتر بووژێتەوە. چونکە بەڕاستی زۆر کاریگەری هەبوو، کاتێک من لەوێ کۆڕێکم دەگێڕا، خەڵک لەناو هۆڵەکە کە پێیاندەگوت هۆڵی فارابی، بەپێوە دەوەستان، ئەوەندە تینووی وشەی کوردی بوون. دەڵێن لە وڵاتانی دەوروبەرەوە داوایان لێکرابوو نابێ لە نزیک ئەوانەوە زانکۆیەک هەبێ.

> مریەمی قازی لەناو هۆڵێکی سینەما لە تاران نامەیەکی بە نهێنی کردە دەستمەوە

**ڕووداو: ئەوکاتەی بڕیاری گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی درا، کێ سەرۆکی زانکۆ بوو؟**

**موکریانی:** د.تارق راوی سەرۆکی زانکۆ بوو. ئەو لەگەڵ گواستنەوەی زانکۆدا نەبوو. بەعسی نەبوو، گوتی: من بیستوومە مرۆڤ بگوازرێتەوە، بەڵام زانکۆ ناکرێ بگوازرێتەوە. ئیدی لەسەر ئەوە لە زانکۆ دەریانکرد، کردیان بە فەرمانبەرێکی زۆر ئاسایی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا. لە شوێنی ئەو د.خەسرەو شاڵی بوو بە سەرۆکی زانکۆ. کە زانکۆ گواسترایەوە بۆ هەولێر، یەکێکیان هێنا کردیان بە راگری کۆلێژی زمان، زۆر توند بوو لەگەڵ مامۆستا و قوتابیان. عەرەبێکی بەعسی بوو. بانگی قوتابیانی دەکرد و لێیدەدان، دەیگوت بۆ نابی بە بەعسی. وەکو پۆلیسێک رەفتاری دەکرد، بەڵام دواتر کوردێک هات و بە بەرچاوی مامۆستا و قوتابیانەوە پۆستاڵێکی خستە نێو دەمی و حەشری پێکرد. لەسەر ئەمە ئیدی گواستیانەوە بۆ بەغدا.

**ڕووداو: ئەو کوردە کێ بوو؟**

**موکریانی:** نازانم، گوتیان شنگالی بوو.

**ڕووداو: ئەی لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکرد؟**

**موکریانی:** نەخێر بیانوویەکی بەجێی هەبوو، دەیتوانی وای لێبکات.

**ڕووداو: بیانووەکە چی بوو؟**

**موکریانی:** ناتوانم بیڵێم.

**ڕووداو: ئێوە زۆرجار لەلایەن بەعسەوە لێپرسینەوەتان لەگەڵ دەکرێ، یەکێک لەوانەی لێپرسینەوەی لەگەڵ کردووی، ئەبوو عەلا بوو؟ ئەو ئەبوو عەلایە کێ بوو؟**

**موکریانی:** بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی باکووری عێراق بوو. ساڵی 1982 کە خۆپیشاندانێکی زۆر گەورە لە زانکۆی سەلاحەددین کرا لە دژی رژێمی بەعس، 104 قوتابی و 37 مامۆستایان گواستەوە

> عەبدوڵڵا پەشێو یەکێک بوو لەوانەی دوای نسکۆی شۆڕش لە سۆڤیەت هیوای بە خەڵک دەبەخشی

بۆ زانکۆکانی مووسڵ و بەغدا و بەسرە کە من و د.جەمال لەناو ئەوانە بووین. ئەبوو عەلا داوای بینینی ئێمەی کرد. چووین بۆ لای. یەک کۆمەڵ فایلی دانابوو، گوتی ئەوە هەمووی راپۆرتە لەسەر ئێوە نووسراوە، ئەگەر من بە گوێرەی ئەو راپۆرتانە برۆم، دەبێ نۆ جار لەسێدارەتان بدەم. بەڵام ئێمە بڕیارمان داوە تەنیا بتانگوازینەوە.

**ڕووداو: کێ ئەو راپۆرتانەی لەسەر ئێوە نووسیبوو؟**

**موکریانی:** بەعسییەکان، یەکێتی قوتابیانی سەر بە حیزبی بەعس. قوتابییەکانیان فێرکردبوو لەسەرمان بنووسن. پێیانگوتین ئەو قوتابیانەی لە زیندانن زۆر بەڕێزەوە ناوتان دەهێنن. خۆشیاندەوێن. جەماوەرتان زۆرە، تەنیا حیزبی بەعس دەبێ جەماوەری هەبێ، بۆیە بڕیارمان دا ئێوە بگوازینەوە. گوتیان هەر سێ مانگ لەوێ دەبن.

> د.تارق راوی دژی گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بوو بۆ هەولێر، بۆیە دەریانکرد

**ڕووداو: ئێوە نەتانزانی ئەو راپۆرتنووسانە کێن؟**

**موکریانی:** ئەوجارەیان نەمانزانی، بەڵام جارێکیان من و کامەران موکری زانیمان کێیە. من و ئەو دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئاسۆی زانکۆ بووین. مامۆستا د.جەمال نەبەز وتارێکی ناردبوو، هەندێک رەخنەی تێدابوو لەسەر کۆڕی زانیاری. ئێمە وتارەکەمان بڵاوکردەوە. ئیدی لەسەر ئەمە دووچاری پرسیار و وەڵام بووین. نەک هەر من و ئەو، بەڵکو دایکی د.جەمال نەبەزیش تووشی لێپرسینەوە بوو.

**ڕووداو: کێ راپۆرتەکەی نووسیبوو؟**

**موکریانی:** ناتوانم بیڵێم.

**ڕووداو: ئێوە گوازرانەوە بۆ بەغدا، چەند ساڵ لەوێ مانەوە؟**

**موکریانی:** گوتیان بۆ سێ مانگ دەتانگوازینەوە، بەڵام پێنج ساڵ لەوێ ماینەوە.

**ڕووداو: د.جەمال بۆ بەسرا گوازرایەوە؟**

**موکریانی:** بەڵێ، لە یەکدییان جیاکردینەوە. من بۆ بەغدا، ئەویش بۆ بەسرا. لە بەغداش یاسایەک هەبوو کە نابێ ئافرەت بە تەنیا لە هوتێل بێ، دەبێ نێرینەیەکی لەگەڵ بێ. جەمال رازی نەبوو بچێتە بەسرە. لەگەڵ جەمال چووین بۆ لای وەزیری خوێندنی باڵا. ئیدی رازی بوو کە جەمال لە بەغدا بمێنێتەوە.

**ڕووداو: تۆ بە چ سیفەتێک لە دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی کوردی دامەزرابووی؟**

**موکریانی:** من بە ناوی نووسەر دامەزرابووم، بەڵام بۆ ماوەی ساڵێک هیچ شتێکیان نەدەدا پێم. ناوبەناو وتارێکیان بۆ دەناردم کە لە رووی زمانەوانییەوە سەیرێکی بکەم.

> موسڵیح جەلالی کەسێکی کوردپەروەر بوو، رقی لە جلە زەیتوونییەکانی بوو

**ڕووداو: ئەوەی لەو دەزگایە بوو، مەرج بوو بەعسی بێ؟**

**موکریانی:** نەخێر. بۆ نموونە من لەبەر ئەوەی بەعسی نەبووم، گوازرامەوە بۆ ئەوێ وەکو سزایەک. بەڵام بەرێکەوت کەوتمە ئەوێ، وەکو موسڵیح جەلالی بۆی باس دەکردم کاتێک فەرمانەکەی تۆ و د.عیزەددین هات لەلای جێگری وەزیری رۆشنبیری بووم، گوتی: یەکێکی زۆر ترسناکمان بۆ هاتووە، پێمگوت بیدە بە من، ئیشم پێی دەبێت. ئەوە نووسەرە.

**ڕووداو: دەگوترێ موسڵیح جەلالی بەعسییەکی زۆر خراپ بووە، زۆر دژە کورد بووە. ئێوە شایەتی چی لەسەر دەدەن؟**

**موکریانی:** من پێنج ساڵ لەگەڵ موسڵیح جەلالی کارم کرد. موسڵیح خۆی کۆمۆنیست بوو، پێشمەرگە بوو، بەڵام گەڕابووەوە، بۆی باسکردم کە بۆچی گەڕابووەوە. گوتی دووبەرەکی کەوتە نێو حیزبی شیوعی، هەر یەکێک بەلایەکدا رۆیشتن، من بە تەنیا مامەوە، کەس نەبوو ئاگای لە منداڵەکانم بێ. موسڵیح جەلالی راستە بوو بە بەعسی، بەڵام زۆر یارمەتی کوردی دەدا. زۆر کەس هەبوو دەهاتنە لای کێشەیان لەگەڵ حکومەت هەبوو، ئەو یارمەتی دەدان. دواتر لە نێو دەزگا ئەو کەسانەی لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە کە بیروڕای چەپیان هەبوو. موسڵیح جەلالی زۆر کوردپەروەر بوو. ئەگەر کوردپەروەر نەبووایە بۆچی منی دەبردە لای خۆی!

**ڕووداو: بەعسی لە نێو دەزگاکە زۆر بوون؟**

**موکریانی:** هەبوون، بەڵام بە زۆری کرابوون بە بەعسی. بە زۆر شتیان پێدەنووسین.

**ڕووداو: کێ بوون ئەوانەی گوتارەکانی بەعسیان دەکرد بە کوردی؟**

**موکریانی:** جارێکیان مامۆستا موسڵیح جەلالی بەدوایدا ناردم و گوتی: تۆ و جەمال باری داراییتان زۆر خراپە. نووسراوێک هاتووە لەمەودوا ئێمە چاودێریی کتێبەکان دەکەین کە چاپ بکرێ یان نا. گوتم: من ئەو کارە ناکەم. گوتی: ئەی بۆ ماڵی فڵان کەس ئەو کارە دەکەن؟ گوتم: ماڵی کێ؟ گوتی: ماڵی عەبدولکەریم مودەڕیس. گوتم: ئەوان جیان، من ئەو کارە ناکەم. موسڵیح هەموو شتێکی لەلای من باس دەکرد. زۆر رقی لە جلی زەیتوونی بوو.

**ڕووداو: بۆچی بەو شێوەیە باسی ماڵی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسی کرد؟**

**موکریانی:** چونکە ئەوان وا ناسرابوون کە کۆمۆنیستن، لە هەمانکاتدا ئەمەشیان دەکرد. کەسانی دیکەش هەبوون ئەو کارەیان دەکرد، بۆ نموونە کرمانجییەکە خێزانی فندی دەیانکرد.

گەڕانەوەی دووبارەی داعش بۆ گۆڕەپانی شەڕ

# بەغدادی خەریکی بنیاتنانەوەی بەشەکانی فەرماندەیی و چاودێریی داعشە



بەشی یەکەم

**ڕووداو- هەولێر**

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) تێکنەشکاوە، هەرچەندە ئەو ناوچانەی لەدەستداون کە لە عێراق و سووریا بەناوی "خەلافەت"ـەوە دەستی بەسەردا گرتبوون. بە گوێرەی توێژینەوەیەکی پەیمانگەی توێژینەوەی جەنگ کە لە حوزەیرانی ئەمساڵ ئامادە کراوە، داعش ئێستاش بەهێزترە لە ڕێکخراوی قاعیدەی عێراق لە 2011، واتە ئەو ساڵەی کە ئەمریکا هێزەکانی لە عێراق کشاندەوە. ئەوکاتە ڕێکخراوی قاعیدەی عێراق نزیکەی 700 تاوەکو 1000 چەکداری هەبوو، بەڵام بەگوێرەی مەزندەکانی ئاژانسی هەواڵگریی بەرگری، داعش لە مانگی ئابی 2018 نزیکەی 30 هەزار چەکداری لە سووریا و عێراق هەبوون. داعش لە پاشماوەی بچووکی ئەلقاعیدە لە 2011 سوپایەکی هێندە گەورەی دروستکرد کە بەس بوو بۆ ئەوەی فەللوجە، مووسڵ و شارەکانی دیکەی عێراق بگرێت و تەنیا لە سێ ساڵدا بەسەر بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی سووریادا باڵادەست بێ. ئەو ڕێکخراوە زۆر خێراتر (لە قاعیدە) هەڵدەستێتەوە و دەگاتە ئاستێکی مەترسیدارتر لەو هێزە زۆرەی ئێستا هەیەتی.

بچووکبوونەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و کەمبوونەوەی هێزی ئەو ڕێکخراوە کە لە سەردەمی سەرۆک ئۆباما دەستیپێکرد و لەسەردەمی سەرۆک ترەمپ بەردەوام بوو، زۆر بە هێواشی بەڕێوەچوو، ئەوەش کاتێکی زۆری بەو گرووپە دا بۆ قۆناخی داهاتوو پلان دابنێ و خۆی ئامادە بکات. داعش پێش ڕووخانی خەلافەت پلانێکی ئامادەی هەبوو بۆ هەڵسانەوە. لە ماوەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی داعش لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراق، هێزەکانی سووریای دیموکرات و هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش بە سەرکردایەتی ئەمریکا، خەریکی جێبەجێکردنی ئەو پلانە بوو. داعش بە ئەنقەست پاشەکشێی دەکرد و ژمارەیەکی زۆر لە چەکدار و خێزانەکانی لە مووسڵ و ڕەققە و شارە گرنگەکانی دیکە بۆ زۆنە کۆن و نوێیەکانی پشتیوانی خۆی لە عێراق و سووریا گواستەوە. ئێستا هێزەکانی سەر بە داعش لە هەردوو وڵات بڵاوەیان پێکراوە و گورزی بەهێز دەوەشێنن. داعش هێشتاش خاوەنی تۆڕی دارایی جیهانیی خۆیەتی کە خەرجییەکانی قۆناخی گەڕانەوەی ئەو ڕێکخراوە بۆ ڕێکخراوێکی گورزوەشێن دەدات، وەک چۆن ئەو ڕێکخراوە توانیویەتی چەک و پێداویستی لە تونێلەکان و زۆنەکانی خۆیدا هەڵگرێ، تاوەکو پێداویستییەکانی هێزی گورزوەشێنی خۆی پێ دابین بکات، کە خەریکە سەرلەنوێ دەژییەتەوە.

داعش لە کۆتاییەکانی 2018 دەستی بە بنیاتنانەوەی تواناکانی خۆی کردەوە، ئەوەش هێزی ئەوەی پێدەدات لە مانگەکانی داهاتوودا گورزی سەختتر بوەشێنێ. ئێستاش خەریکی بنیاتنانەوەی بەشەکانی فەرماندەیی و چاودێریی ڕێکخراوەکەیە. لەلایەکی دیکەوە، خەریکی بنیاتنانەوەی تواناکانی خۆیەتی بۆ تەقاندنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لە سەرتاسەری عێراق و سووریا. ئەو

> ئەمریکا دەبێ لایەنە عەرەبییەکانی نێو هەسەدە بەهێز بکات

جۆرە هێرشە تایبەتمەندییەکی سەرەکیی هێرشەکانی سەرەتای ئەو ڕێکخراوە بوو کە سەرئەنجام کەوتنی فەللوجە و مووسڵی لێکەوتەوە. داعش هەر ئێستا ژمارەیەک ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوی لە شارە ڕزگارکراوەکانی وەک مووسڵ و ڕەققە تەقاندووەتەوە. لە مانگی تەمموزی 2018، دەستی بەو جۆرە کارە میدیاییە کردەوە کە بەشێوازی کاری میدیایی داعش ناسراوە، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئەو گرووپە توانا میدیاییەکانی دروستکردووەتەوە.

گورزوەشاندنی داعش بەهێزتر دەبێ، لەبەرئەوەی ئەو ناوچانەی لە عێراق و سووریا لەدەستیداون تا ئێستاش سەقامگیر و پارێزراو نین. لە عێراق، داعش بەشێوەیەکی سیستەماتیک سەرکردە و دانیشتووانی ئەو گوندانەی کوشتووە کە لەگەڵ هێزەکانی دژی خۆی هاوکارییان کردووە. ئامانجی ئەو گرووپە ئەوەیە خۆڕاگریی خەڵکی ناوچەکان لەهەمبەر خۆی کەم بکاتەوە و تۆوی بێ متمانەیی بەرامبەر حکومەت لەنێو خەڵکدا بچێنێ. داعش لەو ناوچانەی پشتیوانی لێدەکرێت، دەستی بە سەپاندنەوەی باج بەسەر خەڵکی ناوچەکاندا کردووە، خەڵکی ناوچەکان ڕادەگوازێ و کۆنترۆڵێکی دیفاکتۆیی بەسەر کۆمەڵێک ناوچەی بچووکدا هەیە لە عێراق. لە سووریا، داعش لە سێ بەرەوە هەڵمەتێکی

> ئەمریکا دەبێ هاوکارییەکانی بۆ هەسەدە مەرجدار بکات بەوەی چاکسازی لە ڕەفتاری خۆیدا بکات

گورزوەشاندنی دەستپێکردووە لە دژی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)، هێزەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەد و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە سووریا کە بە هەیئەی تەحریری شام ناسراوە. هەڵمەتەکەی داعش پێکهاتەکانی حوکمڕانی لاواز دەکات، هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوە دەوەستێنێ و دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی شکستی حکومەت و درێژەکێشانی توندوتیژی لە شەڕی نێوخۆی سووریادا.

داعش هەوڵدەدات جارێکی دیکە لە عێراق و سووریا ناوچەی جوگرافی کۆنترۆڵ بکاتەوە، ئەگەر ئەمریکاش بکشێتەوە، ئەوە ئەگەری سەرکەوتنی ئەو ڕێکخراوە هەیە. پشتیوانیی مەیدانیی ئەمریکا لە سووریا وایکردووە هێزە جۆراوجۆرەکانی ناو هەسەدە یەکڕیز بن، بێگومان ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە هەسەدە پارچە پارچە دەبێ. ئامادەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی سووریا توانای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هەواڵگری و ئاسمانی هێناوەتە ئاراوە، ئەگەر ئەمریکا لە سووریا بکشێتەوە، هیچ هێزێک ناتوانێ جێگەی پڕبکاتەوە. بوونی هێزەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیە ڕێگرە لە هێرشی تورکیا بۆ سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، لەکاتێکدا ئەو هێرشە لە بچووکترین حاڵەتدا هەسەدە ناچار دەکات هێزەکانی لە دۆڵی نێوەڕاستی ڕووباری فورات بکشێنێتەوە، تاوەکو لەبەرامبەر هێرشەکانی تورکیا لە باکوور بەرگری بکات، ئەوەش بۆشاییەکی زیاتر بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش لەو ناوچەیە دروستدەکات. هەسەدەیەکی بەهێز و بەتوانا لە ڕۆژهەڵاتی سووریا پێویستە بۆ ئەوەی ڕێگربێ لەوەی داعش سووریا وەک بنکەیەک بۆ خۆشکردنی ئاگری هێرشەکانی لە عێراق بەکاربێنێ.

ئەگەر داعش ئەمجارە سەرهەڵبداتەوە، ئاکامەکەی کارەساتبارتر دەبێ لە هێرشەکانی 2014. ویلایەتەکانی دیکەی داعش لە دەرەوەی عێراق و سووریا سەرچاوەی جۆراجۆری دەخەنە بەردەست بۆ ئەوەی لەو دوو وڵاتە هەڵمەتی گورزوەشاندنی خۆی بەڕێوەبەرێ، لە کاتێکدا لە ئاستی جیهانیشدا گڕوتینێکی نوێ بەو ڕێکخراوە دەدەن. داعش لە 31ی ئایاری 2019ـەوە دەستپێکی هەڵمەتێکی جیهانیی

> ئەمریکا بکشێتەوە هەسەدە پارچە پارچە دەبێ

نوێی بەناوی "شەڕی پەرتکردن" ڕاگەیاند. دەزگای پڕوپاگەندی داعش داوای لە هێزەکانی ئەو ڕێکخراوە کرد بۆ ماوەیەکی کاتی دەست بەسەر ناوچەکاندا بگرن، ئەوەش وەک ڕێگەیەک بۆ پەرتکردنی نەیارەکانیان. توانای داعش بۆ هێرشی هاوکات لە عێراق و سووریا و دەرەوەی ئەو دوو وڵاتە هەلی نوێ دەخاتە بەردەستی ئەو گروپە. ئەگەر داعش لە بنیاتنانەوەی خەلافەت لە عێراق و سووریا سەرکەوتووبێ، ئەوە شەپۆلێکی نوێی هێرشەکانی ئەو ڕێکخراوە لە ئەورووپا دەبینین کە ڕەوایەتی بە گوتاری داعش لەبارەی سەرکەوتنی حاشاهەڵنەگری دەدات.

ئەمریکا هەڵەیەکی کوشندە دووبارە دەکاتەوە ئەگەر هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی داعش لە ئەولەویەتی خۆی لابدات. ئەمریکا دەبێ هەنگاوی دەمودەست بنێت بۆ لاوازکردنی ئەگەرەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش لە عێراق و سووریا، بۆ ئەوەش دەبێ کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا ڕابگرێت و هێزەکانی زیاد بکات. پشتگیریی زیاتری ئەمریکا لە هەسەدە پێویستە. هاوبەش و هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش دەبێ لەوەدا بەشداربن، بەڵام ئەمریکا دەبێ ئەوە بزانێت کە تاکە وڵاتە بتوانێ سەرکردایەتی ئەو هەوڵە بکات. لەلایەکی دیکەوە، ئەمریکا دەبێ ئۆپەراسیۆنەکانی هاریکاری مرۆیی بکاتە کاری لەپێشینەی خۆی و فراوانتریان بکات تاوەکو بانگەشەکانی داعش لاواز بکات، بەتایبەتیش لەنێو ئەو خەڵکە کەم تەمەنە تۆقیوەی لە کەمپەکانی ئاوارەکان لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەژین. ئەم هەنگاوانە ڕێژە و ئاستی گەشەی دووبارەی داعش کەمدەکەنەوە و کاتی پێویست دەدەنە ئەمریکا بۆ ئەوەی ستراتیژێکی

> داعش لەو ناوچانەی پشتیوانی لێدەکرێت دەستی بە وەرگرتنی باج کردووەتەوە

تۆکمە بۆ تێکشکاندنی ڕاستەقینەی دابنێ و هەلومەرجی پێویست بۆ ڕێگری لە بنیاتنانەوەی داعش بڕەخسێنێ.

لە داهاتووشدا تورکیا هەر دژی پشتگیرییە زۆرەکانی ئەمریکا بۆ هەسەدە دەوەستێتەوە. ئەمریکا دەبێ هەوڵەکانی زیاتر بکات بۆ بەرزکردنەوەی هێز و توانای لایەنە عەرەبییەکانی نێو هەسەدە کە هێندەی هێزە کوردییەکانی نێو هەسەدە هەڕەشە نین بۆ سەر تورکیا. پشتگیریکردنی ئەو گرووپە عەرەبانە وادەکات ئەمریکا باشتر بتوانێ بەرەنگاری داعش ببێتەوە کە لە ناوچە عەرەبییەکان بەهێزترە. ئەو هەنگاوە وادەکات هەسەدە هێندە پشت بەو هێزە کوردییانە نەبەستێ کە تورکیا دژایەتییان دەکات. ئەمریکا دەبێ زیادکردنی هاوکارییەکانی خۆی بۆ هەسەدە مەرجدار بکات بەوەی چاکسازی لە ڕەفتاری خۆیدا بکات و دڵنیایی بدات کە هەسەدە نوێنەرایەتی عەرەب و کورد دەکات، بەبێ ئەوەی بایەخ بەوە بدرێت ئاخۆ ئەو هێزانە پشتگیری لە ئایدیۆلۆژیای سیاسی هەسەدە دەکەن یان نا. ئەم هەنگاوانە بە تەنیا بەس نین بۆ هێورکردنەوەی تورکیا، بەڵام ئەگەری ئەوە

> داعش ئێستاش بەهێزترە لە ڕێکخراوی قاعیدەی عێراق لە 2011

کەمدەکەنەوە کە هەوڵە بەردەوامەکانی ئەمریکا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی درێژخایەن بۆ داعش لە عێراق و سووریا ململانێی زیاتریان لێبکەوێتەوە.

لە ئاداری 2019، ئیدارەی ترەمپ شکستی جوگرافیی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ڕاگەیاند. دەیان هەزار چەکداری عێراقی و سووری لەکاتی ڕزگارکردنی دانیشتووانی ژێر دەسەڵاتی داعش کە باجە هەرە قورسەکەیان دابوو، کوژران. سەرەڕای ئەوەش، داعش لە سەرتاسەری جیهان و لە ناوچە ڕزگارکراوەکان درێژەی بە هێرشە وێرانکەر و فرەلایەکانی دا. ئەو هێرشانە نیشانەی بێهیوایی نین، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ستراتیژی ئاڵۆزی بەرگریی داعشن کە ئەو ڕێکخراوە لە کاتی بەشداریی ئەمریکا لە 2014ـەوە پەیڕەوی دەکات. داعش هەڵمەتێکی ڕێکخست بۆ ئەوەی ڕێ لە شکستی ستراتیژیی خەلافەتەکەی بگرێ و توانای خۆی وەک هێزێکی جووتەوانە بەکارهێنا بۆ ئەوەی هەلومەرجی گورزوەشاندنێکی نوێ بڕەخسێنێ کە ئێستا بەڕێوەیە.

دامەزراوە هەواڵگرییەکانی ئەمریکا مەزندە دەکەن هەڵمەتی گورزوەشاندنی داعش دەستپێبکاتەوە، بەڵام لەبارەی ڕێچکە و خشتەی کاتی سەرهەڵدانەوەی ئەو هەڵمەتە کۆدەنگییەکی ئەوتۆ نییە. لە ئایاری 2019 نووسینگەی پشکنینی گشتی OIGی سەر بە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە ئاژانسی هەواڵگریی بەرگری و هێزە مەیدانییەکەی ئەمریکا لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی (CTJF/OIR) بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە ئاستی جموجۆڵەکانی داعش بەدەست گەیشتووە. هێزی مەیدانیی ئەمریکا لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بانگەشەی ئەوەی کردووە کە "چالاکییەکان"ی داعش بە بەراورد بە ساڵی 2018 "بەشێوەیەکی بەرچاو کز بوون"، لەکاتێکدا ئاژانسی هەواڵگریی بەرگری (DIA) لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیە بۆ عێراق هاوڕا نییە. ئەو ناکۆکییە ئەوە دەردەخات کە جیاوازییەکی بەردەوام لەنێوان هەڵسەنگاندنی ئەو دامەزراوانە لەبارەی هەڕەشەی داعش هەیە. لە مانگی تەمموزی 2018 (DIA) مەزندەی کرد داعش تاوەکو 30 هەزار چەکداری لە عێراق و سووریادا هەبێ، لەکاتێکدا بە گوێرەی هەڵسەنگاندنەکانی ( (CJTF/OIR، دەبێ ژمارەی چەکدارانی داعش لە کانوونی یەکەمی 2017 بۆ 1000 چەکدار کەمی کردبێ.

لەنێو شارەزایانیشدا دیبەیتێکی هاوشێوەی ئەوە هەیە. داعش لە هێرشە گەورە و بەرچاوەکانی خۆی لە دەرەوە بەردەوامە کە دوایین نموونەیان لەکاتی جەژنی هەڵسانەوەی 2019 بوو لە سریلانکا. جگە لەوەش، داعش لە 2019 ژمارەیەکی زۆر ویلایەتی نوێی لە دەرەوەی عێراق و سووریا دروستکردووە، لەوانەش ویلایەتەکانی نێوەڕاستی ئەفریقا و هیندستان. چەندان ساڵە سیاسەتڤانان و ئەکادیمییەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە سەبارەت بەوەی ئایا هەنگاوە جیهانییەکانی داعش سەلمێنەری هەلپەرستیی داعشن یان نەخشەن بۆ هەڵمەتێکی سەرکەوتوو. هەندێک کەسی وەک جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا پێیانوایە هێرشە جیهانییەکانی داعش "هەوڵێکی هیوابڕاوی دوژمنێکە کە دەبینێ پێیان بە تەڵەوە بووە". هەندێکی دیکە هۆشداری دەدەن لەوەی هەڵمەتە جیهانییەکەی داعش ستراتیژێکی فرەڕەهەند و پێداگرییەکی لەبننەهاتووی ئەو ڕێکخراوە دەسەلمێنن.

پەیمانگەی توێژینەوەی جەنگ ISW مەزندەی ئەوە دەکات کە داعش وەک ڕێکخراوێکی سەربازیی پرۆفیشناڵی جیهانی ماوەتەوە. لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوە تا ئێستاش داعش وەک گرووپێکی ڕەوا و بە توانا دەبینن، هەرچەند خەلافەتە فیزیکییەکەی لەدەستچووە. داعش هەر ئێستا لە عێراق و سووریا سەریهەڵداوەتەوە. ئەم ڕاپۆرتە لەوە دەکۆڵێتەوە داعش چۆن دوای خۆدزینەوە لە شکستێکی تەواو، دەست بە هەڵمەتێکی نوێی گورزوەشاندن دەکات.

## پێناسەی شکست

سوپای ئەمریکا "شکست" بەو ساتەوەختە پێناسە دەکات کە تێیدا "هێزی دوژمن بەشێوەیەکی کاتی

> داعش هێشتاش خاوەنی تۆڕی دارایی جیهانیی خۆیەتی

یان هەمیشەیی ئامرازە فیزیکییەکان یان ویستی شەڕ لەدژی نەیارەکانی لەدەستدەدات". داعش دوژمنێکی سەختە بۆ تێکشکاندن. کادیرە سەرەکییەکانی هەمووکات ویستی شەڕیان هەیە، لەبەرئەوەی ناسنامە و ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە لە بڕوای ئایینییەوە سەرچاوە دەگرن. هەر بۆیە ئەمریکا دەبێ ئامرازە فیزیکییە جەنگییەکانی داعش لەنێوبەرێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو ڕێکخراوە تێکبشکێنێ. داعش لە کۆمەڵێک هێزی چەکداری لۆکاڵی پێکهاتووە کە بەیعەتیان پێداوە. یەکێک لە شێوازەکانی لەنێوبردنی ئامرازە فیزیکییەکانی داعش ئەوەیە هێزە سەربازییەکەی پارچەپارچە بکرێ، دواتریش بەشە پێکهێنەرەکانی ئەو ڕێکخراوە بە هاوکاریی هێزە هاوبەشە خۆجێییەکان تێکبشکێنرێ.

بەڵام داعش زۆر ئامرازی شەڕ بەکاردەهێنێ. (ISW) لە ڕاپۆرتی ئاداری 2015یدا بەوجۆرە وەسفی داعش دەکات کە "ڕێکخراوێکی خاوەن بونیاد و ڕێسایە، بۆ زۆر ئاستی جەنگ بە مانا باوەکەی پلان دادەنێ و هەندێجاریش بڕیار دەدات شێوازی دیکەی شەڕ بگرێتەبەر کە هەندێکیان بەشێوەی هاوکات لەگەڵ شێوازەکانی دیکە پەیڕەو دەکات". ئەم شێوازانە مانۆڕی باوی جەنگی لەخۆدەگرن، لەوانەش:

- هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر دوژمن بۆ بنبڕکردنی هێرشی دوژمن و گرتنی ناوچە.
- شەڕی پارتیزانی، واتە هێرشی یەکەی بچووک بۆ سەر هێزەکانی دوژمن بۆ کەمکردنەوەی کارایی جەنگی و دابەزاندنی وورەی دوژمن، پچڕاندنی ئۆپەراسیۆنەکانیان و کۆکردنەوەی هێزی پارتیزانیی نوێ.
- تیرۆر، واتە هێرشی گەورە و بەرچاو بۆ سەر ئامانجە مەدەنییەکان لەپێناو تۆقاندن و چاندنی تۆوی ترس لە دڵی خەڵکدا.

داعش لەنێو ئەو ئامرازانەدا هەڵدەبژێرێ و تێکەڵیان دەکات، ئەوەش نەک هەر بەپێی گۆڕانی تواناکانی، بەڵکو بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەش کە لە مەیدانەکانی جەنگدا دێنە ئاراوە. شێوازە جۆراجۆرەکانی شەڕی داعش توانای خۆگونجاندن و هەڵسانەوەی ڕێکخراوەیی ئەو گروپەیان زیاتر کردووە. هەر بۆیە مەرج نییە لەنێوبردنی ئامرازی فیزیکی داعش بۆ یەکێک لە شێوازەکانی شەڕ وابکات ئەو ڕێکخراوە لەڕووی جەنگییەوە بێ توانا بووبێ یان تێکشکابێ.

داعش ئەزموونێکی کۆنی هەیە لە شکستدا، هەر ئەوەش وادەکات ئەو ڕێکخراوە توانای هەڵسانەوەی زیاتر بێت. هێرشەکانی 2007 هەتا 2009ی ئەمریکا لە عێراق، قاعیدەی عێراقی تووشی شکستێکی کاریگەر کرد. چەکدارانی قاعیدەی عێراق کە بەو قۆناغەدا تێپەڕین، وانەی باشیان وەرگرت لەبارەی ئەوەی چۆن دوای زیانی وێرانکەر درێژە بە خۆیان بدەن و هەڵسنەوە. گەورەبوونەوەی خێرای قاعیدە لە فۆرمی داعشدا و دەستگرتن بەسەر بەشێکی گەورە لە عێراق و سووریادا لەنێوان ساڵانی 2012 بۆ 2014، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو ڕێکخراوە سوودی لە زۆر لەو وانانە وەرگرتووە. داعش شارەزایی هەیە لەوەی دوای شکست تواناکانی خۆی زیندوو بکاتەوە، ئەوەش لەو ڕێکخراوەدا وەک ڕێباز یان نەخشەڕێیەکی لێهاتووە بۆ ئەوەی ئەو گروپە لەدوای زیانی گەورە جارێکی دیکە هەڵسێتەوە. کەوابێ، بۆ تێکشکاندنی داعش، ئەمریکا نابێ هەر بەوەندە قایل بێ کە داعش لەڕووی فیزیکییەوە توانای ئەنجامدانی شەڕی باوی نەبێ، بەڵکو دەبێ توانای ئەوەشی لێ ببڕێ کە شەڕی ناباو و تیرۆر هەڵگیرسێنێ، چونکە ئەو شێوازانە لە شەڕ توانای ژیانەوە بە داعش دەدەن.

ئەمریکا هەوڵیدا داعش وەک نیمچە دەوڵەتێک لە عێراق و سووریا تێکبشکێنێ. ستراتیژی ئەمریکا لەسەر ئەو مەزندەیە دانرابوو کە داعش وەک سوپایەک (سوپایەک لە تیرۆریستان) ئەوەندە درێژە بە شەڕ دەدات کە هێزەکانی (CJTF/OIR) بتوانن ئەو گروپە لەنێوببەن، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆنترۆڵ بکەنەوە و ڕێکخستی ئەو گروپە تێکبشکێنن. هەر بۆیە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا چەند کیلۆمەتر چوارگۆشەیەک لە ناوچەیەکی وەک ئاماژەی سەرەکی بۆ پێشکەوتن لە دژی داعش لە عێراق و سووریا لە قەڵەم دا. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕێکخستنی داعشیان شێواند و بە هێزی سەربازیی گەورە توانای چەکداریی داعشیان بچووککردەوە، بەڵام نەیانتوانی توانای سەربازیی ئەو ڕێکخراوە بۆ شەڕ لەناوبەرن. بەشێک لەمەش بۆ ئەو ستراتیژە زیرەکانەیەی داعش دەگەڕێتەوە کە تێیدا خۆبنیاتنانەوەی خستووەتە پێش ڕاگرتنی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی. ئەمریکا بە چاوی کەمەوە سەیری شێوازی دووسەرەی جەنگی داعشی کرد، لە کاتێکدا ئەو شێوازە توانای ئەوە بەو گروپە دەدا کە خۆی لەگەڵ گوشارە سەربازییەکاندا بگونجێنێ و هەرچەندە ناوچەکانیشی لە دەستدەدا، بەڵام دیسانیش خۆی لە شکست دەدزییەوە.

> ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕێکخستنی داعشیان تێکدا، بەڵام نەیانتوانی توانای سەربازییەکەی لەناوبەرن

> هەسەدەیەکی بەهێز پێویستە بۆ ئەوەی سووریا نەبێتە بنکەی هێرشی داعش بۆ سەر عێراق

نی ڕوچی، کونسوڵی گشتیی کۆماری چین لە هەولێر بۆ (ڕووداو):

# هەموو هەوڵێک دەدەین ساڵی داهاتوو بەشی پێدانی ڤیزا لە کونسوڵخانە بکەینەوە



(فۆتۆ: ڕووداو)

نزیکەی پێنج ساڵە کونسوڵخانەی گشتی کۆماری چینی میللی لە هەولێر کراوەتەوە. ساڵ و نیوێکە، نی ڕوچی بەرپرسی یەکەمی کونسوڵخانەکەیە. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) هەواڵ و مژدەی خۆش دەداتە خەڵکی هەرێمی کوردستان، لەوانەش کردنەوەی بەشی پێدانی ڤیزا لە کونسوڵخانە، کردنەوەی بەشی زمانی کوردی لە گەورەترین زانکۆی چین، هەروەها کردنەوەی بەشی زمانی چینی لە زانکۆی سەلاحەددین. ئەو دەڵێت ساڵانە 10 هەزار ڤیزا دەدەنە خەڵکی هەرێمی کوردستان.

**هەڤپەیڤین: شاهۆ ئەمین**
**ڕووداو – هەولێر**

**ڕووداو: بۆ دڵخۆشیی جەنابت، یەکەم خاڵ دەمەوێ باسی ڕۆژی یەکی ئۆکتۆبەر بکەین کە حەفتایەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری چینە، لە 70 ساڵی ڕابردوودا چ دەستکەوتێکتان هەبووە؟**

**ڕوچی:** یەکی ئۆکتۆبەر یادی ڕۆژی سەربەخۆیی کۆماری گەلی چینە، ئەمساڵ یادی حەفتا ساڵەی دامەزراندنی چینی نوێیە. حەفتا ساڵ ماوەیەکی زۆر کورتە بەراورد بە مێژووی پێنج هەزار ساڵەی چین. لەو حەفتا ساڵەدا بە سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی چین و بە کاری سەختی خەڵکی چین پێشکەوتنی زۆرمان بە دەستهێناوە لە بواری جیاجیادا. هەندێ داتام لەلایە دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم. بۆ نموونە حەفتا ساڵ لەمەوبەر کۆی بەرهەمی ناوخۆی چین تەنیا 30 ملیار دۆلار بوو. بەڵام ئێستا زۆرترە لە سێزدە تریلیۆن دۆلار. گەشەی داهاتی تاکەکەس لە چین 135 هێندە زیادی کردووە. واتە لە 30 دۆلارەوە زیادی کردووە بۆ 9500 دۆلار. چین دووەم گەورەترین ئابوورییە لە جیهاندا. گەورەترین وڵاتی پیشەسازی و بازرگانی کەلوپەلە. خاوەنی گەورەترین یەدەگی دراو و ماددە گرانبەهاکانە. لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا لە چین 700 ملیۆن کەس لە هەژاری ڕزگاریان بووە. ئەوەش مانای ئەوەیە چین گەورەترین چینی ناوەندی هەیە لە جیهاندا. ژمارەی خەڵکی چینی ناوەند لە

> **ساڵی ڕابردوو ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان چین و عێراق 30 ملیار دۆلار بووە**

چین 400 ملیۆن کەسە. هەروەها لەڕووی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی چین تۆڕێکی فراوانی خزمەتگوزاری هەیە. بۆ نموونە سیستمی دڵنیایی و بیمە 900 ملیۆن کەس دەگرێتەوە. سیستمی چاودێریی تەندروستی بنەڕەتی یەک ملیار و سێ سەت ملیۆن کەس دەگرێتەوە. کەواتە دەکرێ بگوترێ لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا چین زۆر گۆڕاوە.

**ڕووداو: ئەوەی جەنابت باسی دەکەیت، پێشکەوتنێکی گەورەی تێدا دەبینم، نهێنی پشت ئەم گەشە زەبەلاحە چییە؟**

**ڕوچی:** گرنگترین خاڵ ئەوەیە گەلی چین لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی چینەوە سەرکردایەتی دەکرێن. پارتی کۆمۆنیستی چین خزمەتی خەڵک دەکات. هەروەها پێشکەوتنەکە بەهۆی کاری سەختی خەڵکی چینەوەیە. ئێمە چل ساڵ لەمەوبەر سیاسەتی گەشە و چاکسازیمان دارشت، ئەو سیاسەتە وایکرد چین بەخێرایی گەشە بکات.

**ڕووداو: ئێستا دەمەوێ لە چینەوە بتهێنمەوە هەولێر. وابزانم ماوەی ساڵ و نیوێکە لە کوردستان وەک کونسوڵی گشتی کار دەکەیت، ئایا لەو ماوەیەی کارکردنت لە کوردستان کاتی گەڕانت هەبووە؟**

**ڕوچی:** بەڵێ، ڕاستە من ساڵ و نیوێکە لێرەم. لەو ماوەیەدا جگە لە هەولێر، سەردانی سلێمانی و دهۆکم کردووە. هەروەها چەند ناوچەیەکی سەرنجڕاکێشیش، بۆ نموونە چیای کۆڕەک کە لە زستاندا زۆر زۆر جوانە. هەروەها بەنداوی دوکانیش ناوچەیەکی زۆر جوانە.

**ڕووداو: ئەگەر بەراوردی کولتووری بکەین، ئایا هیچ خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خەڵکی کوردستان و چین دەبینی؟**

**ڕوچی:** چین و هەرێمی کوردستان هەردووکیان لانکەی شارستانیی دێرینن. چین مێژوویێکی دێرینی هەیە کە بۆ پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. پێموایە کوردستانیش مێژوویێکی درێژی هەیە. هەروەها کولتووری خەڵکی چین و خەڵکی کوردستان زۆر لێک نزیکن. هەردوولا سەر بە ئاسیا و کولتووری ڕۆژهەڵاتن. خەڵکی زۆر میهرەبانن، میواندۆستن، زۆر خاسیەتی هاوبەش هەن لە نێوان خەڵکی چین و خەڵکی کوردستان.

**ڕووداو: ئەگەر فۆکەس بخەینە سەر پەرەپێدان و گەشە، ئەگەر کوردستان بیەوێ لە شتێکدا لاسایی چین بکاتەوە، ئێوە پێشنیاری چی دەکەن؟ دەبێ کوردستان چی بکات بۆ ئەوەی پێشکەوتنی زۆر بەخۆوە ببینێ؟**

**ڕوچی:** ئاماژەم بە گەشەی چین کرد لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا، بە تایبەتی لەدوای ڕاگەیاندنی سیاسەتی چاکسازی کە چل ساڵ لەمەوبەر بوو، گەشەی زۆرمان بینیوە. بەتایبەتی لە بواری ئابووری. ئێمە ئەزموونی زۆرمان هەیە و ئامادەین ئەو ئەزموونە لەگەڵ حکومەتی کوردستان بەش بکەین لەڕێی چالاکیی هاوبەش و ئاڵوگۆڕ و سەردانی وەفدی جیاجیا. شەڕی دژی داعش لە کوردستان تەواو بووە. ڕەوشی ئەمنی ئارامترە لەچاو پێشتر. بەتایبەتی کە

> **مانگی داهاتوو لە زانکۆی سەلاحەددین بەشی زمانی چینی دەکرێتەوە**

کابینەی نوێی حکومەت بە سەرکەوتووانە پێکهات. باوەڕم وایە، دوای شەڕ بنیاتنان دەستپێدەکاتەوە. بەهۆی شەڕەوە گەشەی ئابووری وەستابوو، دەگەڕێتەوە سەر ڕێڕەوی خۆی. لەم قۆناغەدا، حکومەتی چین هانی کۆمپانیا چینییەکان دەدات کە بێنە ئێرە و هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

**ڕووداو: هیچ کۆمپانیایەک هەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا بیەوێ بێتە کوردستان و دەست بە بزنس بکات؟**

**ڕوچی:** لە دە ساڵی ڕابردوودا چەندین کۆمپانیای چینی لێرە کاریان کردووە، تەنانەت ئەو کاتەش کە شەڕی داعش هەبوو، چەندین کارگەیان لە سلێمانی و هەولێر دروست کرد، وەکو کارگەی چیمەنتۆ و شیش. هەروەها کۆمپانیای هواویش لێرە لەبواری تەکنەلۆژیای پەیوەندیدا چالاکە. لە بواری نەوتدا تیممان لێرە هەن بۆ ڕاهێنانی خەڵک. لەو ساڵ و نیوەشدا کە من لێرەم،

> **ساڵی داهاتوو بەشی زمانی کوردی لە گەورەترین زانکۆی چین دەکەینەوە**

باسی هەماهەنگی لە بواری کارەبا و کەرتەکانی نەوت و گازی سرووشتی کراوە. هەروەها لە بواری پیشەسازیی دۆستی ژینگە و کشتوکاڵ.

**ڕووداو: بەپێی ڕاگەیەندراوی ئێوە، بە نیازن وەبەرهێنان لە کوردستان بەرز بکەنەوە؟**

**ڕوچی:** لەبەرئەوەی خەڵکی چین دۆستی خەڵکی کوردستانن، ئێمە ئامادەین هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکەین بۆ بنیاتنانەوە، بەتایبەتی لەبواری دارایی. ئێمە بانگهێشتی کۆمپانیا چینییەکان دەکەین بۆ ئەوەی بێنە ئێرە و لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئێرە کۆببنەوە بۆ دۆزینەوەی هەلی پێکەوە کارکردن. پێموایە هەندێ کۆمپانیای چینی ئێستا لێرە لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵدا وەبەرهێنان دەکەن.

**ڕووداو: دۆخی ئەمنیی کوردستان چۆن دەبینی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنانی خۆتان لێرە؟**

**ڕوچی:** پرسیارێکی باشە، وەبەرهێنان هەمیشە ڕوو لە ناوچەی سەقامگیر دەکات. هەرێمی کوردستان ساڵانێکی زۆر بەهۆی شەڕەوە ناڵاندوویەتی. خۆشبەختانە ئێستا شەڕ تەواو بووە. ڕەوشی ئەمنی ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووی لە باشترە. بۆیە پێموایە خەڵکی چین لە چاو جاران زۆرتر دێنە ئێرە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ خەڵکی کوردستان.

**ڕووداو: قەبارەی بازرگانیی نێوان عێراق و چین چەندە؟**

**ڕوچی:** پەیوەندی و هەماهەنگی زۆر باشمان لەگەڵ عێراق هەیە. پێموایە چین گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی عێراقە. بۆ نموونە، ساڵی 2018 بەهای ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان چین و عێراق نزیکەی 30 ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە. وابزانم ماوەی 10 ساڵە چین گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی عێراقە. لە هەمانکاتدا عێراق سێیەم هاوبەشی بازرگانیی چینە لە نێو وڵاتە عەرەبییەکاندا.

> **گەشەی داهاتی تاکەکەس لە چین 135 هێندە زیادی کردووە**

**ڕووداو: لەو 30 ملیار دۆلارە، ئەگەر زانیاریتان هەبێ، چەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بووە؟**

**ڕوچی:** پێموایە هاوسەنگە، نیوەی هەناردەیە لە چینەوە بۆ عێراق، نیوەش هاوردەیە لە عێراقەوە بۆ چین.

**ڕووداو: ئێستا دەمەوێ باسی کولتوور و خوێندن بکەین. نازانم ئاگادارن یان نا لەمساڵی خوێندندا بەشی چینی لە زانکۆی سەلاحەدین دەکرێتەوە. پشتگیری و ڕۆڵی ئێوە لەو پرۆژەیەدا چییە؟**

**ڕوچی:** بەڵێ ئەوە هەواڵێکی خۆشە. دوای ساڵێک لە هەوڵی دوو لایەنە، پەیمانگای کۆنفۆشیوسی چینی ڕێککەوتنێکی لەگەڵ زانکۆی سەلاحەددین واژۆ کرد. مانگی داهاتوو لە زانکۆی سەلاحەددین بەشی زمانی چینی دەکرێتەوە. نزیکەی 20 بۆ 25

> **ئەمساڵ شەش زەمالەمان داوەتە خوێندکارانی کوردستان**

خوێندکار وەردەگرێت. هیوادارم دوای چوار ساڵ خوێندکارەکان بتوانن زۆر بەباشی بە زمانی چینی قسە بکەن. هەروەها پلانمان هەیە بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەیجینگ بکەینەوە کە گەورەترین زانکۆی چینە.

**ڕووداو: ئایا ئەمە هەر لە قۆناغی باسکردندایە، یان پلانی تەواویشتان بۆی هەیە؟**

**ڕوچی:** بەڵێ پلانمان هەیە و هێشتا گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە دەکرێت. گەشبینین کە ساڵی داهاتوو بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەیجینگ دەکرێتەوە.

**ڕووداو: سەبارەت بە پێدانی زەمالەی خوێندن بە خوێندکارانی کوردستان، هیچ پرۆژەیەکتان بۆ پشتگیریکردن لە خوێندکاران و بردنیان بۆ چین هەیە؟**

**ڕوچی:** لەبارەی ئاڵوگۆڕی کولتووری، پێویستە کاری هاوبەشی زۆر بکەین. ساڵانە پتر لە 10 خوێندکاری زانکۆ لە کوردستانەوە بانگهێشتی چین دەکەین. دە ڕۆژ بۆ دوو هەفتە دەمێننەوە. ئەمساڵ شەش زەمالەمان دایە خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان بۆ ئەوەی بچن لە زانکۆکانی چین بخوێنن. هەموو ساڵێک چەندین کۆرسی ڕاهێنانمان هەن لە چین. لە سەرەتای ئەمساڵەوە نزیکەی 60 کەسمان لێرەوە ناردووە بۆ چین بۆئەوەی بەشداری کۆرسی ڕاهێنان بکەن لە بواری جیاوازدا. هەروەها لێرەش کۆرسی ڕاهێنانمان کردووەتەوە و نزیکەی 20 کەس بەشدارییان کردووە. کونسوڵخانەی چین پێنج ساڵ لەمەوبەر لێرە کرایەوە، لەم

> **ساڵی ڕابردوو 10 هەزار ڤیزامان داوەتە خەڵکی هەرێمی کوردستان**

پێنج ساڵەدا نزیکەی 500 کەسی خەڵکی هەرێمی کوردستانمان ڕاهێناوە. پێموایە ئەوە بەشێکی گرنگی ئاڵوگۆڕی کولتووریی نێوان چین و هەرێمی کوردستانە.

**ڕووداو: ئێوە کۆمەڵێک دامودەزگاتان هەیە بۆ ئەوەی خەڵک گەشت بکەن بۆ چین، لەوێ بخوێنن یان کاری بازرگانی بکەن، بەڵام کێشەیەکی گەورە هەیە، بۆچی ئێوە لێرە لە کوردستان و لە هەولێر ڤیزا نادەن بە خەڵک؟ خەڵک دەبێ بچنە بەغدا و ڕووبەڕووی پرۆسەیەکی سەخت ببنەوە بۆ ئەوەی ڤیزا وەربگرن کە هەندێکیان دواجار ڤیزاش وەرناگرن؟**

**ڕوچی:** ڕاستە، زۆر کەس لەلای من گلەیی دەکەن. ئێستا کونسوڵخانەی چین لە هەرێمی کوردستان ناتوانێ ڤیزا بداتە خەڵک. وەک باسمکرد پێنج ساڵ لەمەوبەر کونسوڵخانەمان کردەوە، ژمارەیەکی زۆر کەمی دیپلۆماتمان لێرە کار دەکەن. ئەگەر بەشی ڤیزا بکەینەوە پێویستمان بە کارمەند و دیپلۆماتی زۆرترە. داوامان لە سەرووی خۆمان کردووە دیپلۆماتی زۆرتر بنێرێت بۆ هەرێمی کوردستان.

**ڕووداو: هێنانی دیپلۆمات ئەوەندە سەختە؟ هیچ بەربەستێک هەیە؟**

**ڕوچی:** بەڵێ، دەزانی ئێمە نزیکەی 300 باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەمان لە جیهاندا

> **تەنیا پێنج کارمەند لە کونسوڵخانەکەمان کار دەکەن**

هەن. وەزارەتی دەرەوە کارمەندی کەمی هەیە. پێویستمان بە دیپلۆمات زۆرترە. ئێستا تەنیا پێنج کەس لە کونسوڵخانەی ئێرە کار دەکەن.

**ڕووداو: بۆچی زیاتر ناهێنن، ئێوە لە ملیارێک زیاتر دانیشتووتان هەیە؟**

**ڕوچی:** وەک کونسوڵخانە ئەو داوایەمان لە باڵیۆزخانەی چین لە بەغدا کردووە. ساڵی ڕابردوو باڵیۆزخانەی چین 20 هەزار ڤیزای داوەتە خەڵکی عێراق، نیوەی ئەو ژمارەیە

> **لە سەرەتای ئەمساڵەوە نزیکەی شەست کەسمان ناردووەتە چین**

بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان بووە، واتە 10 هەزار ڤیزا.

**ڕووداو: کەواتە ئەوە پرسێکی گەورەیە بۆ ئێوە کە لێرە لە کوردستان ڤیزا بدەن. زۆرینەی ئەو خەڵکەی کە گەشت دەکەن خەڵکی کوردستانن، بۆیە دەبێ وەک پرسێکی جیدی مامەڵەی لەگەڵ بکەن؟**

**ڕوچی:** بەڵێ، ئەگەر هەموو ساڵێک 10 هەزار ڤیزا بدەین، پێویستمان بە دیپلۆماتی زۆرترە بۆئەوەی بێن لێرە یارمەتیمان بدەن.

**ڕووداو: ئێستا ئەگەر وەڵامێکی ڕوونم بدەیتەوە، ئێوە ڕەنگە کەی بتوانن لە کوردستان ڤیزا بدەن؟**

**ڕوچی:** هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین ساڵی داهاتوو بەشی ڤیزا لێرە بکەینەوە. بۆ ئەوەی ڤیزا بدەینە خەڵکی هەریمی کوردستان.

**ڕووداو: کەواتە ئەوە بۆ بزنسکارە پیاو و ئافرەتەکان، خوێندکاران و گەشتیارانە؟**

**ڕوچی:** پێموایە زۆربەیان بزنسمانن، واتە ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ بۆ مەبەستی بزنس سەردانی چین بکەن. هەروەها هەندێک خوێندکار و بەرپرس کە دەیانەوێ سەردانی چین بکەن.

**ڕووداو: سیستەمی بانکی لە کوردستان هەتا ئێستاش لە قۆناغی پەرەسەندندایە. ئێوە دەتوانن چی بکەن بۆ ئەوەی سیستەمی بانکیی کوردستان لە ئێستا باشتر بێ و بۆ ئەوەی کاری وەبەرهێنان لە کوردستان بۆ خۆشتان ئاسانتر بێ؟**

**ڕوچی:** کەرتی بانکی زۆر گرنگە بۆ هاوئاهەنگیی ئابووری. بەداخەوە لێرە هیچ بانکێکی چینی نییە. لە هەرێمی کوردستان

> **کۆی بەرهەمی ناوخۆی چین ئێستا زۆرتر لە 13 تریلیۆن دۆلارە**

چەندین بانکی جیاواز هەن. بەپێی زانیاریی من چین و هەرێمی کوردستان ساڵێک لەمەوبەر دەستیان کرد بە گفتوگۆ لەبارەی شێوازی هاوئاهەنگی لەو بوارەدا. ئەگەر هاوئاهەنگی لەبواری کەرتی بانکیدا دروستببێت، ئەوە زۆر سوودبەخش دەبێت بۆ هاوئاهەنگی ئابووری. ئێمە هانی بانکە چینییەکان دەدەین بێنە ئێرە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ بانکە لۆکاڵییەکان بکەن و هاوئاهەنگی بکەن بۆ دروستکردنی سیستمێکی هاوبەش. ئێستا گفتوگۆ بەردەوامە. هیوادارین ئەنجامی باشی هەبێت و ئەو هاوئاهەنگییە لەنێوان هەردوولا دروست بێت.

**ڕووداو: سەرۆکوەزیرانی عێراق لە چینە، بۆ ئەوەی گرێبەستی بازرگانیی نوێ واژۆ بکەن، پێگەی کوردستان لەو گرێبەستانە چی دەبێ؟**

**ڕوچی:** بەبۆچوونی من لەو سەردانەدا پەیوەندییەکانی نێوان چین و عێراق بەهێزتر دەبن لەچاو جاران. هەر لەو سەردانەدا، چەندین ڕێککەوتن واژۆ دەکرێن لەبواری ئابووری و کولتووریدا. با چاوەڕێ بین بزانین چ جۆرە ڕێککەوتنێک لەماوەی ئەو سەردانەدا واژۆ دەکرێ. بەڵام دڵنیام دوای ئەو سەردانە ئاستی هەماهەنگیی نێوان هەردوو وڵات بەرز دەبێتەوە. ئەوە سوودی بۆ خەڵکی عێراق دەبێ، بە خەڵکی هەرێمی کوردستانیشەوە.

> **لە 70 ساڵی ڕابردوودا لە چین 700 ملیۆن کەس لە هەژاری ڕزگاریان بووە**

## بازرگانانی کوردستان دەچنە بەلجیکا

ڕووداو- هەولێر

شاندێکی ژوورە بازرگانییەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان سەردانی بەڵجیکا دەکات. دارا جەلیل خەیات، سەرۆکی یەکێتیی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند:"شاندەکە ڕۆژی دووشەممە 2019/9/23 بە سەرۆکایەتی ئەیاد حەسەن عەبدولحەمید، جێگری سەرۆکی یەکێتیی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان سەردانی بەلجیکا دەکات. شاندەکە تاوەکو 26ی ئەیلول لەو وڵاتە دەمێننەوە و لەگەڵ ژوورە بازرگانییەکانی بەلجیکا و کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە دیداریان دەبێت." هەروەها دلاوەر ئاژگەیی نوێنەری نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە درێژەی هەوڵەکانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا، ئەو سەردانە ڕێکخراوە. مەبەست لێی پتەوکردنی پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەلجیکایە".



ئابووری
ڕووداو
ژمارە (571) - دووشەممە 2019/9/23

بە قاچاخ هاوردە دەکرێ

# هەناری میسری نرخی هەناری خۆماڵی دابەزاندووە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بۆ هاوسەنگکردنی نرخ و فرۆشتنی بەرهەمی جووتیاران، ڕۆژی 10ی ئەم مانگە وەزارەتی کشتوکاڵ هاوردەکردنی هەناری بۆ کاتێکی نادیار قەدەغە کرد، بەڵام لەئێستاوە کە هێشتا هەناری خۆماڵی بە تەواوی پێنەگەیشتووە، بازاڕەکان پڕبوون لە هەناری بە قاچاخهێنراوی میسری، بۆیە نرخی هەناری خۆماڵی دابەزیوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ کە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان پشتی بە بەرهەمی بەبازاڕکراوی هەناری خۆماڵی لە گومرگەکان بەستووە، لە 5 ساڵی ڕابردوودا بەرهەمی باخەکانی کوردستان 116 هەزار و 842 تۆن بووە.

بەپێی داتاکان ساڵانە جۆرێک لە زیادبوون و کەمبوون لە بەرهەمی هەنار هەبووە، بۆ نموونە لە ساڵی 2014 بەرهەمی باخەکانی هەنار 21،418 تۆن بووە، لە ساڵی 2015 بۆ 24،852 تۆن زیاد بووە، بەڵام لە ساڵی 2016 بۆ 19،807 تۆن دابەزیوە و لە ساڵی 2017 بەرهەم بۆ 26،338 تۆن زیاد بووە، ساڵی ڕابردوو جارێکی دیکە بۆ 24،426 دابەزیوە.

هەناری خۆماڵی بەشی ناوخۆ ناکات، بۆیە ساڵانە نزیکەی 19 هەزار تۆن لە دەرەوە هاوردە دەکرێ، لە 5 ساڵی ڕابردوودا 93،112 تۆن هەنار لە ئێران، سووریا، میسر و باشووری عێراقەوە هاوردەی هەرێمی کودستان کراوە.

بەپێی داتاکان ساڵی ڕابردوو زۆرترین هەنار لە هەرێمی کوردستان خوراوە کە 52،739 تۆن بووە، کەمترینیشی لە ساڵی 2016 بووە کە 36،693 تۆن بووە.

حوسێن حەمەکەریم، گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت: "ئامانجمان لە قەدەغەکردنی هاوردنی هەنار، هاوسەنگکردنی نرخ و بەبازاڕکردنی بەرهەمی جووتیارانە، چونکە لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەم بەهۆی زۆریی خستنەڕووەوە نرخی هەنار دادەبەزێ".

حوسێن حەمەکەریم پێیوایە بەرهەمی هەناری خۆماڵی زۆر زیاترە لەوەی لە داتاکانی وەزارەتدا تۆمار کراوە و دەڵێت: "25% تاوەکو 30%ی بەرهەمی باخەکان ناهێنرێتە گومرگەکان. هەندێک لە جووتیاران هەر لەناو کێڵگە و شەقامی نزیک باخەکانیان، بەرهەمەکانیان دەفرۆشن و بەشێکیشی لێدەکەن بە سرکە".

هەرچەندە بەشێوەی فەرمی لە 10ی ئەیلولەوە هاوردنی هەنار قەدەغەکراوە، بەڵام گومرگەکان پڕن لە بەرهەمی هاوردە. ڕۆژانەش بەرهەمی تازەی هاوردە دەگاتە گومرگەکان، ئەمەش وایکردووە لەئێستاوە نرخی هەناری خۆماڵی دابەزێت.

سەباح هادی، خاوەنی نووسینگەیەکی کڕین و فرۆشتنی سەوزە و میوە لە عەلوەی هەولێر دەڵێت: "هەناری هیران و نازەنین و دۆڵی سماقوڵی لە هەولێر پێگەیشتووە و ئێستا بەرهەمیان لەگومرگ هەیە، بەڵام بەهۆی بە قاچاخ هاوردنی هەناری میسری کە لە شارەکانی عێراقەوە دێت، لەئێستاوە هەناری خۆماڵی وەک پێویست پارە ناکات. بۆ نموونە نرخی هەناری خۆماڵی کیلۆی لە نێوان 250 تاوەکو 750 دینارە، ئەمە لەکاتێکدایە ساڵی ڕابردوو لەو کاتەدا نرخی هەناری باش لە سەرووی 1000 دینار بوو".

تاوەکو ناوەڕاستی مانگی داهاتوو هەناری زۆربەی ناوچەکانی کوردستان پێدەگات. سەباح دەڵێت: "ئەگەر عێراق لەسەر هاوردنی هەناری میسری بەردەوام بێت و هەناری سووریش بگاتە بازاڕەکان، نرخی هەناری خۆماڵی زۆر دادەبەزێت، بۆیە پێویستە ڕێگری لە بەقاچاخ هاوردنی هەناری میسری بۆ گومرگەکانی کوردستان بکرێ، لەگەڵ بەغداش گفتوگۆ بکرێت لەجیاتی هاوردنی هەناری میسری و سووری پشت بە هەناری کوردستان ببەستێ".

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت: "بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان هەولێر و بەغدا کراوە، دەبێت بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ هەماهەنگی هەبێت، بۆیە لە داهاتوویەکی نزیکدا سەردانی بەغدا دەکەین، چونکە یەکێک لە گرفتەکانمان ئەوەیە بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ کاتی قەدەغەکردنی بەرهەمی هاوردە لەگەڵ بەغدا ڕێکنەخراوە".

خاکی هەرێمی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتیش ناوچە ئاو و هەوا مامناوەندەکان زۆر گونجاون بۆ چاندنی هەنار، جووتیاران دەڵێن ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێکی گشتگیری بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی هەنار هەبێت و هاوکاریی جووتیاران بکات و هانیان بدات بۆ زیادکردنی باخی هەنار، لە ماوەی سێ بۆ چوار ساڵ هەرێمی کوردستان پێویستی بە هاوردنی هەنار نامێنێ.

بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ بەهۆی کەمیی بودجە نەیتوانیوە ئەم هەنگاوە بنێ، ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی پلانی ستراتیژیی پێنج ساڵەی خۆی کە لە ساڵی 2013 کۆتایی هات ، هەنار وەک یەکێک لە بەرهەمە ستراتیژییەکانی میوە دیاری کرابوو، دەبوو ئەم بەرهەمە لە کۆتایی ساڵی 2013 بگەیشتبایە ئاستی خۆبژێوی، بەڵام 44%ی ئەو هەنارەی لە بازاڕەکانە، هاوردەیە.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت: "بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی هەنار لە ماوەی ساڵانی 2009 تا 2011 ، بە 196 ملیۆن دینار پاڵپشتی 76 جووتیارمان کرد کە 232 دۆنم زەوی بکەن بە باخی نموونەیی هەنار. بەگوێرەی پلانەکەش دەبوو ئەم هەڵمەتە بەردەوام بێت، بەڵام بەهۆی کەمیی بودجە و قەیرانی دارایی لە 6 ساڵی ڕابردوودا جگە لە دابینکردنی نەمام بەنرخی پاڵپشت و قەدەغەکردن یان دانانی ڕەسمی گومرگی لەسەر بەرهەمی هاوردە لە وەرزی پێگەیشتن، هیچ پرۆژەیەکمان بۆ گەشەپێدانی هەنار نەبووە".

لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان هەنار دەچێنرێت، بەڵام هەناری هەندێ ناوچە بەناوبانگە، لەوانەش نازەنین و ئاژگە و هەڵەبجە لەڕووی کواڵیتی و بڕی بەرهەمەوە لەناوچەکانی دیکە باشترن.

زۆرترین باخی هەنار لە سنووری پارێزگای هەڵەبجەیە، بەپێی تازەترین ڕووپێوی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی هەڵەبجە بۆ باخەکانی ئەو پارێزگایە کردوویەتی، زیاتر لە 9 هەزار دۆنم باخی هەنار هەیە.

ستار محەممەد، بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی پارێزگای هەڵەبجە، دەڵێت: "زۆربەی باخەکانی هەنار لە هەڵەبجە لە جۆری ساڵەخانین کە هەر دۆنمێکی نزیکەی سێ تۆن بەرهەم دەدات، بۆیە تێکڕای بەرهەمی ساڵانەی باخەکانی هەڵەبجە دەگاتە 25 تاوەکو 30 هەزار تۆن".

بە گوتەی ستار محەممەد، 90%ی ئەو هەنارەی ساڵانە لە گومرگەکانی سلێمانی فرۆشراوە بەرهەمی باخەکانی هەڵەبجە بووە. بەشێکیشی دەگاتە گومرگەکانی هەولێر و دهۆک و هەندێ لە شارەکانی عێراق.



44%ی هەناری بازاڕەکانی کوردستان هاوردەیە



### بازرگانان گورزی خۆیان وەشاندووە

لە 10ی ئەم مانگەوە هاوردنی هەنار قەدەغەکراوە. هەناری هەڵەبجەش لە ناوەڕاستی مانگی داهاتوو پێدەگات. بەڵام ستار محەممەد. بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە پێیوایە ئەم بڕیارە هیچ کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی هەنار نابێ، چونکە دەڵێت "ئاگادارین ساڵانە بەشێک لە بازرگانان پێش کاتی قەدەغەکردن. هەنارێکی زۆر هاوردە دەکەن و لە ساردخانەکان دایدەنێن. بەم هۆیەشەوە نرخ زۆر دادەبەزێ و جووتیاران زەرەری زۆر دەکەن"

# ساڵانە بایی 500 ملیۆن دۆلار فەرش و موکێت دەهێنرێتە کوردستان

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بازرگانانی هاوردەکردنی فەرش و موکێت دەڵێن بەهۆی باشبوونی باری ئابووریی هەرێمی کوردستان، خواست لەسەر کڕینی فەرش و موکێت زیاد بووە و بەراورد بە ساڵی ڕابردوو فرۆشیان زیادی کردووە.

ساڵانە لەگەڵ دابەزینی پلەکانی گەرما، وەرزی فرۆشتنی فەرش و موکێت لە هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات، زۆرترین فرۆشی فەرش و مۆکێتیش لە مانگی تشرینی دووەمدایە.

پێشتر لە بازاڕەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان فەرش و موکێتی ئیماراتی، سووری، ئوردنی، سعودی و تەنانەت چینیش هەبوون، بەڵام ئێستا زیاتر فەرش و موکێتی تورکی و ئێرانی و چینی هەن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کە پشتی بەداتای وڵاتانی هەناردەکار بەستووە، ساڵی ڕابردوو تەنیا لە تورکیا و ئێران و چینەوە بایی 778 ملیۆن دۆلار فەرش و موکێت هاوردەی عێراق و هەرێمی کوردستان کراوە.

بەپێی داتاکان زۆرترین هاوردەی فەرش و موکێت بۆ عێراق بەرهەمی کارگەکانی تورکیا بووە کە بایی 550 میلۆن دۆلار (380 ملیۆن دۆلار موکێت و 170 ملیۆن دۆلار مافوور) هاوردە کراوە.

لە ئێرانیش بایی 217 ملیۆن دۆلار مافوور (180 ملیۆن دۆلار مافووری کارگە و 37 ملیۆن دۆلار مافووری دەستکرد) هاوردە کراوە، لە چینیش بایی 11 ملیۆن دۆلار فەرش و موکێت هاوردە کراوە.

عیرفان محەممەد غەفور، بازرگانی فەرش و موکێت لە سلێمانی کە 72 بریکاری هەیە لە کوردستان، دەڵێت: "بەهۆی باشبوونی باری ئابووریی هەرێمی کوردستان، ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بەشێوەیەکی گشتی فرۆشی موکێت و فەرش بەڕێژەی نزیکەی 15% زیادی کردووە".

لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 15 بازرگانی گەورە و 200 بازرگانی بچووک موکێت و فەرش هاوردە دەکەن، بازرگانە گەورەکان کاڵاکانیان زیاتر بەشێوەی کۆ دەفرۆشن، بازرگانە بچووکەکانیش زیاتر بۆ پێشانگاکانی خۆیان فەرش و موکێت هاوردە دەکەن.

عیرفان محەممەد دەڵێت: "بەشێوەیەکی گشتی بازرگانانی هەرێمی کوردستان ساڵانە تەنیا لە تورکیا 5000 بارهەڵگر موکێت و فەرش هاوردە دەکەن، هەر بارهەڵگرێکیش بەتێکڕا نزیکەی 13 هەزار مەتر لەخۆدەگرێت، نرخی مام ناوەندی هەر بارهەڵگرێک موکێت و فەرشیش لەنێوان 40 بۆ 80 هەزار دۆلاردایە".

> **بەهۆی دابەزینی بەهای تمەنەوە 500 ڕۆژانە فەرشی ئێرانی دەفرۆشین**
>
> بازرگانێک

ئەو بازرگانە ئاماژەی بەوەدا کە فەرشی ئێرانی بەراورد بە موکێت و فەرشی تورکی کەمتر دەهێنرێ، بەڵام نرخی فەرشی ئێرانی زۆر گرانترە، بۆ نموونە نرخی مەترێک موکێت و فەرشی تورکی بەگوێرەی کواڵیتی لەنێوان 3 بۆ 5 دۆلاردایە، بەڵام نرخی مەترێک فەرشی ئێرانی 21 دۆلارە.

بەهۆی کاریگەریی گەمارۆی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران بەهای تومەن بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، ئەمەش نرخی فەرشی ئێرانی دابەزاندووە.

عیرفان محەممەد دەڵێت: "بەهۆی دابەزینی بەهای تومەن، خواست لەسەر کڕینی فەرشی ئێرانی زیاد بووە، بۆ نموونە ئێمە لە ڕێگەی بریکارەکانمانەوە ڕۆژانە 500 فەرش دەفرۆشین، پێشتر ڕۆژانە تەنیا 150 فەرشمان دەفرۆشت".

پێشتر بەهۆی گرانیی نرخەکەی، فەرشی ئێرانی لە هەولێر زۆر خواستی لەسەر نەبوو، بەڵام ئێستا خواست لەسەری زیاد بووە، نرخەکەشی بەگوێرەی چنین و کواڵیتی داوەکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە فەرشێکی سێ بە چواری 500 شانەیی بە 110 دۆلارە، 700 شانەیی بە 220 دۆلارە، 1500 شانەیی بە 550 دۆلارە.

سەنگەر ئەسکەندەر، بازرگانێکی فەرش لە شاری هەولێر دەڵێت: "هەندێک بازرگان فەرشی ئێرانی دەستکردی کۆنیان هەیە کە ئاوریشمیان تێدایە. نرخیان لە نێوان 5 تاوەکو 20 هەزار دۆلاردایە".

ئەو بازرگانە دەشڵێت: "تورکیا لە موکێت توانیویەتی بازاڕەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ خۆی قۆرخ بکات، بۆیە 95%ی ئەو موکێتانەی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان هەن تورکین، چونکە کواڵیتییەکەی باشە و نرخەکەی هەرزانە، بەپێچەوانەشەوە ئێران توانیویەتی لە فەرش بازاڕی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ خۆی قۆرخ بکات".

سەنگەر بۆ فرۆشتنی کاڵاکانی 5 لقی لە هەولێر هەیە و بەشێوەی جوملەش کاڵاکانی بە پێشانگا و بازرگانە بچوکەکان دەفرۆشێت، ساڵی ڕابردوو 169 بارهەڵگر موکێتی فرۆشت، پێشبینی دەکات ئەمساڵ فرۆشی زیاتر بێ "ئەمساڵ بازاڕ باشترە، بۆیە گەشبینین فرۆشمان زۆر زیاتر بێت لە ساڵی ڕابردوو".

دوای یەکخستنی تەعریفەی گومرگی، هاوشێوەی زۆربەی کاڵاکانی دیکە، ڕەسمی گومرگی سەر هاوردەکردنی فەرش و موکێتیش زیاد کرا، ئەمەش کاریگەری لەسەر جۆری هاوردەی کۆمپانیاکان هەبووە.

دڵشاد حاجی مەجید، ساڵانە زیاتر لە 150 بارهەڵگر موکێت و فەرش لە تورکیاوە هاوردە دەکات، دەڵێت: "پێشتر بۆ هاوردەی بارهەڵگرێک موکێتی سادە 1100 دۆلارمان دەدا، ئێستا گومرگەکەی بووەتە 2200 دۆلار، بۆ بارهەڵگرێکی موکێتی ژێر بەن پێشتر 1500 دۆلارمان دەدا، ئێستا 7000 دۆلار دەدەین، بۆیە ئەمساڵ هاوردەی موکێتی ژێربەنمان زۆر کەمکردووەتەوە، بۆ نموونە پێشتر 65% موکێتی ژێربەن و 35% موکێتی ژێر لبادمان دەهێنا، ئەمساڵ تەنیا 10% موکێتی ژێربەنمان هێناوە ، 90% موکێتی ژێر لبادمان هێناوە".

پێشتر بەشێک لە کۆمپانیاکان بە قەرز لە کارگەکانی تورکیا فەرش و موکێتیان دەهێنا و لێرەش بەقەرز دەیانفرۆشتەوە، ئێستا کارگەکان کەمتر بە قەرز کاڵا دەفرۆشن و لێرەش فرۆشتن بە قەرز کەم بووە.

دڵشاد حاجی مەجید، دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی دارایی بەشێک لە کۆمپانیا و بازرگانەکان لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا نەیانتوانی قەرزەکان بۆ کارگەکان بگەڕێننەوە، ئەمەش وای لە کارگەکان کرد ، بەرهەمەکانیان بە قەرز نەفرۆش. ئێستا زۆر بەکەمی کارگەکان بەقەرز کاڵا دەفرۆشن".



لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 15 بازرگانی گەورە و 200 بازرگانی بچووک موکێت و فەرش هاوردە دەکەن

### کارگە تاقانەکەی هەولێر خەریکە دادەخرێ

لە هەرێمی کوردستان تەنیا یەک کارگەی بەرهەمهێنانی موکێت هەیە. بەڵام لە نرخدا کێبڕکێی موکێتی تورکی پێ ناکرێ، بۆیە لەژێر هەڕەشەی داخستندایە. کەمال حەمەساڵح ، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیا و کارگەی فۆمیکس دەڵێت: "بەرهەمی ڕۆژانەی کارگەکەمان 5 هەزار مەتر موکێتی بن لبادە. 60%ی بۆ شارەکانی عێراق هەناردە دەکەین. بەڵام بەهۆی کەمیی ئەو باجەی خراوەتە سەر بەرهەمی تورکی و ئێرانی قازانجمان لە هەر مەترێک تەنیا 10 سەنتە. ئەم قازانجەش زۆر کەمە و ناچارین لە داهاتوودا هێڵی بەرهەمهێنانی موکێت لە کارگەکەمان بوەستێنین".

ڕۆبین میڵز، بەڕێوەبەری راوێژکاری کۆمپانیای قەمەر ئێنێرجی بۆ (ڕووداو):

# تورکیا زۆر پێویستی بە گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان نەماوە

ڕۆبن میڵز، بەڕێوەبەری راوێژکاری کۆمپانیای قەمەر ئێنێرجییە کە کۆمپانیایەکی ناسراوی جیهانییە لە بواری پێدانی راوێژ لە بواری وزەدا. هەروەها شارەزایەکی بەناوبانگی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانە و یەکێک بوو لە بەشداربووانی بیستوچوارەمین کۆنگرەی وزەی جیهان کە لە رۆژانی 9 -12/9/2019 لە شاری ئەبوزەبی لە ئیمارات بەڕێوەچوو. عومەر ئەحمەد، نێردراوی (ڕووداو) بۆ کۆنگرەکە ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ کردووە کە تێیدا تیشک دەخاتە سەر دوایین پەرەسەندنەکانی کەرتی نەوت و گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان.

هەڤپەیڤین: عومەر ئەحمەد
ڕووداو – ئەبوزەبی



**ڕووداو: هەموو کەسێک ئێستا چاوەڕوانە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بگەنە ڕێککەوتن لەسەر نەوت و بودجە. بە بڕوای تۆ گەورەترین بەربەست و کێشەی بەردەم هەردوو حکومەت چییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان؟**

**ڕۆبن میڵز:** ئێستا ڕێککەوتنێکی کاتی هەیە لە نێوانیان کە بە باشی کاردەکات. حکومەتی فیدراڵی بودجە دادەتە هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەی پێدراوە نەوتی خۆی هەناردە بکات. ئەوەش هەندێ داهاتی بۆ دەستەبەر دەکات. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێ نەوتی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی فیدراڵیش لە ڕێگەی بۆڕیی خۆیەوە هەناردە دەکات. چونکە بەغدا ناتوانێ ئەو نەوتە هەناردەی تورکیا و بازاڕەکانی ئەورووپا بکات. ئەمەش هاوکارییەکی باشە، بەڵام کێشەی سەرەکی ئێستا کێشەی کۆنترۆڵی نەوتە. حکومەتی فیدراڵی ئێستا لەمە بێدەنگە، بەڵام ئێمە دەزانین، بۆ ماوەیەکی زۆرە حکومەتی فیدراڵی هەر دەڵێت کە دەبێت کۆنترۆڵی فرۆشتنی نەوت لەدەستی خۆی بێت بە نەوتی کوردستانیشەوە. لەبەر ئەوە ئەم پرسە ڕەنگە دووبارە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە بجوڵێنرێت. هەندێ خەڵکی دیار لە حکومەتی فیدراڵی دەڵێن کە بودجەیەکی زۆر دەدرێتە هەرێمی کوردستان، بەبێ ئەوەی حکومەت کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر نەوتی کوردستاندا هەبێت. ئەو کەسانە پێیانوایە هەرێمی کوردستان زیاتر لە پشکی دادوەرانەی خۆی وەردەگرێت. پێموایە سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی ئامادەیە بەردەوام بێت لەمە بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی وڵات بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە و هەرێمی کوردستانیش سەقامگیر بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو بۆ هەتاهەتایە سەرۆکوەزیران نابێت و ڕەنگە حکومەتێکی نوێ هەڵوێستێکی جیاوازی هەبێت.

حکومەتی عێراق دەتوانێت بۆڕی نەوتی کوردستان وەک بەدیلێک بەکاربهێنێ

**ڕووداو: دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سزای سەر ئێرانی قورس کرد و هەندێ پشێوی لە کەنداودا ڕوویدا، بەبڕوای ئێوە بۆڕیی کوردستان –جەیهان دەتوانێت ببێتە بەدیلێک بۆ حکومەتی بەغدا بۆ ئەوەی نەوتەکەی لەوێوە هەناردە بکات؟**

**ڕۆبن میڵز:** بەدڵنیاییەوە بۆڕیی هەرێمی کوردستان ڕێڕەوێکی گرینگە، چونکە حکومەتی عێراق هیچ ڕێگەیەکی دیکەی جگە لەم بۆڕییە نییە بۆ هەناردنی نەوت. ئێستا بڕێکی کەم لە نەوتی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی فیدراڵ بە بۆڕیی کوردستان–جەیهاندا دەڕوات، بەڵام ئەم بڕە دەکرێت زیاد بکرێت. بۆڕییەکە توانای هەناردەکردنی ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل و تەنانەت زیاتریشی هەیە. ئەگەر حکومەتی فیدراڵی بیەوێت نەوتی زیاتر هەناردە بکات لەڕێگەی ئەم بۆڕییەوە، دەبێت کێڵگەی نەوتی زیاتر ببەستێتەوە بەم بۆڕییەوە. یان دەبێت بۆڕی کۆنی کەرکووک نۆژەن بکاتەوە کە بەهۆی داعشەوە زیانی زۆری بەرکەوتووە. کەواتە بەڵێ ئەگەر ئەوان لێکتێگەیشتنی باشتریان هەبێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان و کێڵگەی زیاتر ببەستنەوە بە بۆڕییەکەوە دەتوانن نەوتی زیاتر هەناردە بکەن.

**ڕووداو: هەندێ ڕاپۆرت باسی ئەوە دەکەن حکومەتی ناوەندی بەنیازە بۆڕیی کەرکووک–جەیهان نۆژەن بکاتەوە، بەڕای تۆ چەندە کاتی دەوێت بۆئەوەی حکومەتی عێراق ئەم کارە بکات؟**

**ڕۆبن میڵز:** عەبدولجەبار لعێبی وەزیری پێشووی نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە گرێبەستیان هەیە بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو بۆڕییە، بەڵام من ئاگاداری ئەوە نیم هیچ پێشکەوتنێک لەوڕووەوە بەدی هاتبێت. هەستێکیش هەیە کە ئەو ناوچەیە هێشتا مەترسیدارە و ئاسایشی تێدانییە. لەبەر ئەوە بەبڕوای من نابێت بەمزووانە چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە ئەم بۆڕییە نۆژەن بکرێتەوە و بکەوێتەوە کار.

**ڕووداو: دوای چەند ساڵێک ئەگەر ئەم بۆڕییە چاککرایەوە، ئایا کاریگەری دەبێت لەسەر بایەخی بۆڕیی نەوتی هەرێمی کوردستان –جەیهان؟**

**ڕۆبن میڵز:** بەغدا پێیخۆشە بۆڕیی نەوتی خۆی هەبێت لە خاکی خۆیەوە تێپەڕبێت و بتوانێت نەوتی کەرکووک و کێڵگەکانی دیکە بگوازێتەوە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەو ڕێگەیە ئێستا بە تەواوەتی ناجێگر و مەترسیدارە. بۆڕییەکەی کوردستان بە تەواوەتی سەلامەتە. لەبەر ئەوەش باڵانسەکە گۆڕاوە. ئەگەر لە بیرت بێت تەنانەت پێش هێرشی داعش، بۆڕیی کۆنی کەرکووک–جەیهان چەندینجار هێرشی کرایە سەر. کەواتە ئەو هێڵە تەنانەت پێش داعشیش هێندە سەلامەت و سەقامگیر نەبوو.

**ڕووداو: چۆن لە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەڕوانیت، ئەو جۆرە گرێبەستانە بە گرێبەستی سەرکەوتوو دەزانیت، یان بیرۆکەی دیکەت لەوبارەیەوە هەیە؟**

هەرێمی کوردستان دەتوانێت گازی سروشتی خۆی بداتە بەغدا

**ڕۆبن میڵز:** گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە گرێبەستی هاوبەشکردنی بەرهەم ناسراون، زۆر سەرکەوتوو بوون لە ڕاکێشانی وەبەرهێنان. بە تایبەتی لەبەر ئەو گرێبەستانە کاری دۆزینەوەی زۆر دەکرێت و کێڵگەی گەورەش دۆزراونەتەوە کە هەندێکیان نەوتیان لێ بەرهەمدێت. گرێبەستەکان قازانجێکی دادوەرانە دەداتە کۆمپانیاکان، لە هەمانکاتدا زۆربەی داهاتی نەوت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوەش هاوسەنگییەکی باشی تێدایە، بەڵام ئێستا هەندێ کێڵگەی ئەستەم هەن کە بچووکن یان ئەوەتا کارکردن تێیاندا ئەستەمە. ئەگەر بیانەوێت ئەو کێڵگانە پەرەپێبدەن، دەبێت هاندانی باشتر پێشکەش بە کۆمپانیاکان بکرێن.

گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕاکێشانی وەبەرهێنەراندا زۆر سەرکەوتوو بوو

بەڕای من کێشەی کۆمپانیا نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان ئەوەندە پەیوەست نییە بە جۆری گرێبەستەکانەوە. ئەوان دوو کێشەیان هەیە: یەکەم کێشەی وەرگرتنی حەقدەستەکانیانە، بۆ نموونە دەبێت زۆر چاوەڕوان بن تاوەکو حەقدەستەکانیان وەردەگرن. هەرچەندە ئێستا باش بووە و حەقدەستەکانیان جێگیر بووە و لە کاتی خۆیدا دەدرێت. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە هەندێ لە کۆمپانیاکان چاوەڕوانی مۆڵەت دەکەن بۆ ئەوەی کێڵگەکانیان پەرەپێبدەن، بەڵام مۆڵەتیان پێنەدراوە و نازانن بۆچی پێیان نادرێت. بە بڕوای من ئەوە گرنگە، چونکە هێشتا دەکرێت کێڵگەی نەوت و گازی زیاتر مۆڵەتیان پێبدرێت و پەرەیان پێبدرێت.

**ڕووداو: گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان باشترن یان هی عێراق؟**

**ڕۆبن میڵز:** ڕەوشەکە زۆر جیاوازە. هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی نوێی نەوتییە و تاوەکو پێش 2005 نەوتی کەمی تێدابوو. باشووری عێراق زۆر جیاوازە، کێڵگەی گەورە و زەبەلاحی نەوتی تێدایە کە بۆ چەندین ساڵە نەوت بەرهەمدەهێنن وەک ڕومەیلە و زوبێر و قورنەی ڕۆژاوا و دەیان کێڵگەی گەورەی دیکەی جیهانی. لەبەر ئەوە، بەدڵنیاییەوە دەبێت هەرێمی کوردستان مەرجی باشتر بۆ کۆمپانیاکان دابنێت. مەرجی گرێبەستەکانی عێراق ئەستەمترە. کۆمپانیاکان دەڵێن قازانجی زۆر ناکەن. هەندێ کۆمپانیاش وازیان لە کارەکانیان هێناوە. بۆ نموونە کۆمپانیای شێڵ دەستبەرداری هەموو وەبەرهێنانە نەوتییەکانی بوو لە عێراق. کۆمپانیای ئۆکسیدێنتاڵ کە بەشیک لە کۆمپانیایەکی ئەمریکی بوو، وازی لە کێڵگەکانی هێنا. زۆر لە کۆمپانیاکان لەبەر ئەوەی پێیانوایە قازانجیان نەکردووە، عێراقیان بەجێهێشت. بۆیە پێموایە حکومەتی عێراق بۆ هاندانی وەبەرهێنان بیر لە هەلومەرج و گرێبەستی جۆری دیکە دەکاتەوە. پێنجەمین خولی گرێبەستە نەوتییەکانی عێراق کە ساڵی ڕابردوو ڕاگەیەندرا جیاواز بوو. هەرچەندە خۆیان ناوی گرێبەستی هاوبەشکردنی بەرهەمی لێنانێن، بەڵام ئەو گرێبەستانە زیاتر لە گرێبەستی هاوبەشکرنی بەرهەم دەچن.

**ڕووداو: ئایا ئەم جۆرە گرێبەستانەی هەرێمی کوردستان شیاون بۆ ئەوەی وەبەرهێنەری نوێ و کۆمپانیای نوێ بەلای خۆیدا ڕاکێشێت؟**

**ڕۆبن میڵز:** گرێبەستەکانی هاوبەشکردنی بەرهەم گونجاون. ئەم گرێبەستانە سەرنجی وەبەرهێنەران ڕادەکێشن. گرێبەستەکان ڕێوشوێنی جیاوازیان تێدا گونجێنراوە. بە ئاسانی دەکرێت ژمارەکانی بگۆڕێت. بۆ نموونە بۆ هەندێ لە کێڵگەکان دەتوانیت قازانجی کۆمپانیاکان زیاتر بکەیت. ئەوە نابێتە کێشە. ئەو بابەتەی کە هەیە پەسەندکردنی گرێبەستی زیاتر و پرۆژەی نوێترە. دەبێت ئەو پرۆسەیە خێراتر بکرێت. هەروەها باڵانسێک هەبێت سەبارەت بەوەی کە چ جۆرێکی کۆمپانیا دێتە هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە ئەگەر تۆ کار لە کێڵگەیەکی بچووک بکەیت کە مەترسی کارکردنیش تێیدا زیاترە، کۆمپانیا گەورە نەوتییەکانی جیهان کە ئێستا لە کوردستان نین، نایەن گرێبەست بۆ ئەو کێڵگەیە بکەن. لەبەر ئەوە لە کێڵگەیەکی وەهادا دەبێت هەندێ دەستکراوەیی هەبێت. هەڵبەت ئێوە خوازیارن کۆمپانیای باش و بەتوانا بێتە هەرێمی کوردستان، بەڵام هەندێ کۆمپانیای بچووک هەن کە دەتوانن فۆکەس بکەنە سەر کێڵگەیەکی بچووک و قازانجیش بکەن.

**ڕووداو: سەبارەت بە گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان، پێتوایە سامانی گازی سرووشتی وەک نەوت لە هەرێمی کوردستان پەرەی پێدراوە؟**

**ڕۆبن میڵز:** بۆ دەمێک وەستانێک لە کەرتی گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان ڕوویدا. ئێستا لە قۆناغێکدان کە هەندێ کێڵگەی نوێی گاز پەرەی پێدەدرێت و لەو ڕێگەیەوە دەبێت هێندە گاز بەرهەمبێت کە خواستی هەرێم پڕ بکاتەوە. قۆناغی داهاتوو دەبێتە ئەوەی کە ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت گاز هەناردە بکات؟ لە ساڵی 2013 دا ڕێککەوتنێک هەبوو بۆ هەناردکردنی گازی سرووشتی بۆ تورکیا. هەروەها هەندێ قسەوباس هەبوو لەسەر ئەگەری هەناردەکردنی گاز بۆ عێراق کە کورتهێنانێکی زۆری لە گازدا هەیە. ئەو پرۆژانە دەبێت بەرەو پێشەوە بڕۆن. تەحەددای گەورە لە پەرەپێدانی ئەو کێڵگانەدا هەیە. گۆڕانکاریی گەورە بەراورد بە ساڵی 2013 ڕوویداوە. ڕەنگە تورکیا ئێستا هێندە پێویستی بەگازی هەرێمی کوردستان نەبێت لەچاو شەش ساڵی ڕابردوو. تورکیا گازی لە ڕووسیاوە بۆ دێت و هەروەها خەریکە بۆڕییەکی نوێش ڕادەکێشن. تورکیا گاز لە ئازەربایجان و ئێرانیش وەردەگرێ. لەبەر ئەوە بازاڕەکە بەڕاستی ڕکابەرییەکی توندی تێدایە. بەڕای من باشترە مامەڵە لەگەڵ عێراق بکرێت بۆ ناردنی گازی سرووشتی، ئەوە بۆ هەردوولا قازانجی هەیە.

دەبێت مەرجی باشتر بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان دابنرێت بۆ ئەوەی بێنە هەرێمی کوردستان

**ڕووداو: کەواتە ئەو کێڵگانەی وەک میران و بنەباوی کە دانراون بۆ هەناردەکردنی گازی سرووشتی، بۆچی کەمتر پەرەیان پێدراوە. کێشەی سەرەکی لە پەرەپێدانی ئەو کێڵگانە چییە؟**

**ڕۆبن میڵز:** چەندین پرسی پەیوەست بەو کێڵگانە هەیە. یەکێک لە هۆکارەکانی دەبێت ئەو ڕێککەوتنە بێت کە لەگەڵ تورکیا کراوە. ئەمە کاری زۆری دەوێت. تورکیا دەبێت سەرەتا ئەو گازەی بوێت و پاشان ئەوە گازێکی زۆرە، دەبێت بۆڕی بۆ ڕابکێشرێت. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تورکیا ئەوەندە گازی دەوێت؟

**ڕووداو: ئەی سەبارەت بە گرێبەستەکەی ڕۆسنەفت بۆچوونت چییە کە بەنیازە بۆڕییەکی گاز دابمەزرێنێ. پێتوایە ئەو پرۆژەیە دەکرێت بەمزووانە دەستپێبکات؟**

**ڕۆبن میڵز:** ئەگەر ڕۆسنەفت ئامادە بێت ئەم کارە بکات، ئەوا هەنگاوێکە بەرەوپێش. بەڵام هێشتا دەبێت ڕێککەوتنێکی گازی سرووشتی لەگەڵ ڕووسیا هەبێت. ڕۆسنەفت بەرلەوەی بۆڕی گازی سرووشتی ڕابکێشێت دەبێت بۆی ڕوون بێتەوە کە لەوبەرەوە کڕیارێکی گەورە هەیە پێویستی بە بڕێکی زۆر گازی سرووشتی هەیە. پاشان دەبێت تورکیاش ئامادە بێت بۆ ئەوەی بۆڕی گازی خۆی ڕاکێشێت و بیبەستێتەوە بە بۆڕی گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان و ئەو گازەی کە وەردەگرێت بیگوازێتەوە بۆ ناوچە جیاجیاکانی خۆی.

**ڕووداو: بەپێی خەمڵاندنی تۆ ئێستا کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان چۆنە. چاوەڕوان دەکرێت لەمساڵ و ساڵی داهاتوو بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان چەند بێت و کۆمپانیاکان بە نیازن چەندە پارەی خۆیان لە کێڵگەکان وەگەڕبخەن؟**

**ڕۆبن میڵز:** ئێستا ئاستی بەرهەمهێنان نزیکەی ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیلە. هەروەها ئاستی بەرهەمهێنان بەرزبووەتەوە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری کێڵگەی تاوکێ بکەین، ئەوان ئاستی بەرهەمهێنانیان بەرز کردووەتەوە. کۆمپانیاکە کێڵگەی پێشخابووری پەرەپێداوە. ئەمەش یارمەتیدەر بووە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان. لە کێڵگەی خورمەڵەش ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت زیاد بووە. هەروەها لە ئەترووش بەرهەمهێنان زیاد کراوە. بەرهەمهێنان لە هەندێ کێڵگەی بچووکیش زیاد کراوە. بەبڕوای من زۆر گرینگە کە ئەم جووڵە گەورەیە بەردەوام و جێگیر بێت. چونکە هەندێ لە کێڵگەکان ئیتر خەریکە کۆن دەبن، بۆ نموونە کێڵگەی تەقتەق. ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت لە هەموو هەرێمی کوردستان. هەروەها ئەمساڵ و ساڵی داهاتوو هەندێ کێڵگەی دیکە لە هەرێمی کوردستان دەگەنە لوتکەی خۆیان و نەوتەکەیان بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات.

نەوتی هەندێک کێڵگەی کوردستان بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات

**ڕووداو: سەبارەت بە توانای پاڵاوتنی هەرێمی کوردستان بۆچوونت چییە؟ دەکرێت لە هەرێمی کوردستان توانای پاڵاوتن بەرزبکرێتەوە و ببێتە بازاڕێکی باش بۆ بەرهەمە نەوتییەکان؟**

**ڕۆبن میڵز:** پێموایە ئێستا توانای پاڵاوتن گونجاوە بۆ هەرێمی کوردستان. تەنانەت دەکرێت هەندێ بەرهەمی نەوتیش هەناردە بکرێت. هەندێ لە نەوتی ژێر کۆنترۆڵی عێراق دەڕواتە پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان و لەو پاڵاوگانەوە وەک بەرهەمە نەوتییەکان دەدرێتەوە بە عێراق. پێویستە ئاستی پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان بەرزبکرێتەوە بۆ ئەوەی بەرهەمی کواڵیتی بەرزی باشتر بەرهەمبهێنن. بەتایبەتی لە کۆتایی ئەمساڵ بڕیارێک دەدرێت لەسەر نەوتی ڕەش لە کەشتییەکاندا. لەوە بەدواوە کەشتییەکان ناتوانن نەوتی ڕەش بەکاربهێنن کە گۆگردی زۆرە. لەبەر ئەوە نرخی نەوتی ڕەش تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ زۆر دادەبەزێت. پاڵاوگە ئاساییەکان نەوتی ڕەشی زۆر بەرهەمدەهێنن. بۆیەش ئەم پاڵاوگانە دەبێت ئاستی خۆیان بەرز بکەنەوە کە ئەو نەوتە ڕەشە بتوانن بکەنە بەنزین و گازوایل و بەرهەمی نەوتیی بەنرختر.

**ڕووداو: خەمڵاندنەکانت بۆ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە ساڵی داهاتوودا چۆنە؟**

**ڕۆبن میڵز:** زۆر ئاسانە پێشبینی بکەیت کە بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان لە 400 هەزار بەرمیلی ڕۆژانەوە بەرزبێتەوە بۆ 450 هەزار بەرمیل و زیاتریش. تەحەدداکە ئەوەیە کە لە چەند ساڵی داهاتوودا بەردەوام بیت لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان، ئەوەش تەنیا بە پەرەپێدان و دۆزینەوەی کێڵگەی نوێ دەکرێت. دەبێت ئەو کێڵگانەش کە نەوتی لێ بەرهەمدێت وەبەرهێنانی زیاتری تێدا بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی بەرهەمهێنانیان جێگیر بکرێ. هەندێ کێڵگەی دیکە وەک ئەتروش و شێخان کە نەوتی قورسیان تێدایە، وەبەرهێنان لەو کێڵگانە زۆر ئەستەمترە. چونکە بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی زیاتر، دەبێت پارەی زیاتر خەرج بکرێت.

ساڵی داهاتوو دەکرێت بەرهەمی نەوتی شێخان و ئەترووش زیاد بکرێت

ژنان
رووداو
ژمارە (571) - دووشەممە 2019/9/23



## سێ ئافرەت خۆیان دەخنکێنن

**رووداو- هەولێر**

بەپێی راگەیەنداوێکی رێکخراوی رێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ سێ کچ لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە. رێکخراوەکە ئاماژەی بەوە کردووە لە نەغەدە کچێکی تەمەن 18 ساڵی بە ناوی (س. ئا) بە هۆکارێکی نادیار لە شوێنی کارەکەی خۆی کە (ئارایشگە)یەک بووە خۆی هەڵواسیوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. ژنێکی خەڵکی گوندی "بلۆان ئاوا"ی دێولان بەناوی (دڵگەش محەمەدی) بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە، لە گوندی شیناوێی سەر بە پیرانشاریش کچێکی 16 ساڵ بەناوی (رۆژین مستەفاپوور) خۆی هەڵواسیوە و رۆژی 2019/9/22 گیانی لەدەستداوە.

# بووکە بووکەڵە بەدەستەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان روو لە زیادبوونن

**وریا غەفووری**
**رووداو — سەقز**

تەمەنی 12 ساڵە، ئێستا دەبوو بووکەڵەیەکی بەدەستەوە بێت و لەگەڵ هاوتەمەنەکانی یاری بکات، بەڵام دوو ساڵە بەشوو دراوە و لە بری بووکەڵە، کۆرپەیەکی یەک ساڵانی لە باوەشە. مریەم حەزی لێبووە بخوێنێ و ببێتە پزیشک، بەڵام دابونەریتی خێڵ، حەزەکەی لە گۆڕنا.

مریەم یەکێک لەو هەزاران منداڵەی رۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە تەمەنێکی زۆر کەمدا بەشوودراوە. لە کۆمەڵگەدا بەو منداڵانە دەگوترێ "بووکە منداڵ"، بە تایبەتیش ئەو منداڵانەی دەدرێنە کەسانی زۆر بە تەمەنتر لە خۆیان.

هەندێ لە خێزانەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کچەکانیان پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی 18 ساڵ بە شوو دەدەرێن، لە هەندێک وڵاتدا هاوسەرگیری لە تەمەنی منداڵیدا بە رەزامەندی دایک و باوک، رێگەپێدراوە. لە ئێران بەپێی یاسا تەمەنی شیاو بۆ هاوسەرگیری (بۆ کچان 13 ساڵ و بۆ کوڕان 15 ساڵ)ە، بەڵام یاساکە رێگەی بە تەمەنی کەمتریش داوە بۆ شووکردن، ئەویش بە رەزامەندیی باوک و دایک و وەرگرتنی ئیزنی دادگاکان. واتا دوای پێگەیشتن کە بەپێی شەرع پێگەیشتنی کچان لە تەمەنی 9 ساڵی دەستپێدەکات و کوڕانیش لە 15 ساڵی.

بەپێی ئامارەکان تەنیا لە چوار مانگی سەرەتای ساڵی رابردوودا 970 حاڵەتی هاوسەرگیریی منداڵانی ژێر 18 ساڵ لە پارێزگای کوردستان تۆمار کراوە کە 5% یان ئەنجامەکەی لێک جودابوونەوە و تەڵاق بووە. هەر لەو ماوەیەدا لە پارێزگای ئیلام 98 حاڵەتی هاوسەرگیریی تەمەنی خوار 15 ساڵ تۆمار کراوە.

بەپێی ئامارێکی دیکە، ساڵی 2016 لە هەر چوار پارێزگاکەی رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە 2887 هاوسەرگیریی تەمەنی ژێر 18 ساڵ تۆمار کراوە کە 28 حاڵەتیان هاوسەرگیریی تەمەنی ژێر 10 ساڵان بووە.

بەپێی پەیمانی مافی منداڵان کە ئێرانیش یەک لە ئەندامانی ئەم پەیمانەیە، کەسانی خوار 18 ساڵان بە منداڵ دەژمێردرێن و لەڕووی زەینی و جەستەییەوە بۆ پێکەوەنانی خێزان ئامادەنین. جگە لەوەش زۆربەی ئەوانەی بە منداڵی بەشوودەدرێن، دەرفەتی تەواوکردنی خوێندنیان زۆر کەم دەبێتەوە.

کۆمەڵناسان هەلومەرجی ئابووری و سوننەتیبوونی خێزانەکان بە سەرچاوەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەزانن، بەڵام چالاکانی مافی منداڵ پێیانوایە، هاندانی حکومەت بۆ هاوسەرگیریی پێشوەخت، کاریگەری زۆری هەبووە.

کۆمەڵناسان پێیانوایە هەڵکشانی ئامارەکانی خۆسووتاندن و خۆکوشتن و ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەر و توندوتیژیی دژی ژنان کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان رووی لە زیادبوونە، بۆ پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە.

کامیل ئەحمەدی، کۆمەڵناس و لێکۆڵەر بە (رووداو)ی گوت: "لە دیاردەی بووکەمنداڵدا لە ژێر ناوی هاوسەرگیری، منداڵانی کچ لاقە دەکرێن، کە پێیدەگوترێ (لاقەکردنی کپ)".

مۆژدە محەممەدی، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان سەبارەت بەو گیروگرفتانەی کە هاوسەرگیری لە تەمەنی منداڵیدا بۆ کچانی دروست دەکات، دەڵێت: "بەپێی پێناسەی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، کەسانی خوار تەمەنی 18 ساڵ منداڵن، بۆیە هاوسەرگیری لە تەمەنی منداڵیدا کاریگەریی نەرێنی لەسەر داهاتووی منداڵەکە دەبێت".

بە گوتەی محەممەدی، جەستەی زۆربەی ئەو کچانە بۆ سێکس ئامادە نییە، بۆیە زۆرجار کێشەیان بۆ دروست دەبێ، وەکو هەڵدڕانی کۆئەندامی زاوزێ، هەوکردنی ناوەوەی کۆئەندامی زاوزێ، بە تایبەتی بۆرییەکانی منداڵدان، کە رەنگە دواجار ببێتە هۆی نەزۆکی".

ئەو پسپۆڕەی نەخۆشییەکانی ئافرەتان ئاماژە بە لێکەوتەکانی دیکەی زوو شووکردنی کچان دەدات و دەڵێت "ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی منداڵدان زیاترە. جگە لەوەش لەبارچوونی منداڵ لەو تەمەنە کەمەدا زیاترە".

پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی بووکە منداڵ تا ئێستا چەندینجار لە پارلەمانی ئێراندا خراوەتە بەر باس، بەڵام بە بیانووی ئەوەی لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام ناتەبایە، رەتکراوەتەوە.

نەسیم جەلالیزادە، پارێزەرێکی دانیشتووی شاری سنەیە، دەڵێت یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی هاوسەرگیریی تەمەنی خوار 18 ساڵ، ئەوەیە رێ لە توندوتیژی بەرامبەر ئەو کچانە بگیرێ کە بەهۆی هەژاری یان دابونەریتەوە بە زۆر بەشوودەدرێن.



لە ئێران کچان لە تەمەنی نۆ ساڵیش بەشوو دەدرێن

### چ تەمەنێک بۆ سێکس گونجاوە؟

**دکتۆر بەیان کەریمی، پسپۆڕێکی دیکەی نەخۆشییەکانی ژنانە دەڵێت: "نابێ ئەو تەمەنەی کە شەرع بۆ پێگەیشتنی کچانی داناوە، وەک تەمەنێک بۆ هاوسەرگیریش رەچاو بکرێت، چونکە تەنانەت دوای ئەوەی کچێکی منداڵ بۆ یەکەمجار تووشی سووڕی مانگانە دەبێ، هێشتا چەند ساڵێکی پێویستە بۆ ئەوەی کۆئەندامی زاوزێی پێبگات و کامڵ بێت".**

# چاوەڕێ بوون بمرێ، کەچی بووە گوڵفرۆش

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

تووشی نەخۆشیی سیل بوو، کەسوکارەکەی لێی بێهیوا بووبوون و چاوەڕێی مردنیان دەکرد، بەڵام هێڤی بێهیوا نەبوو، بەرەورووی نەخۆشییەکەی بووەوە و دوای دوو ساڵ چاک بووەوە، ئەو کچە لاوە کە بە خەونی گوڵفرۆشییەوە دەژیا، پێیگەیشت. دەیەوێت لە داهاتوودا ببێتە بازرگانی گوڵ.

هێڤی جەمال رەحمان، 24 ساڵ، دانیشتووی شاری سلێمانییە و لە دووکانێکی گوڵفرۆشتن کار دەکات. چوار ساڵ لەمەوبەر تووشی نەخۆشییەک دەبێت کە پزیشکەکانیش نازانن چییە. هێڤی بە (رووداو)ی گوت: "تەمەنم 20 ساڵ بوو، لە دوا قۆناغی خوێندنی ئامادەیی بووم، لەناکاو تووشی نەخۆشییەک بووم، رۆژانە کێشم دادەبەزی و تووشی بەدهەرسی و ئازاری پشت و قاچ بووم، سەردانی زۆر پزیشکم کرد، هەریەکەیان نەخۆشییەکی لێ دەدۆزیمەوە. دەرمانی نەخۆشییەکەم تەواو نەدەکرد، نەخۆشییەکی دیکەیان لێ دەدۆزیمەوە. دەرمانی نەخۆشیی گورچیلە، غودە، رۆماتیزم و چەند نەخۆشییەکی دیکەم وەرگرت، بەڵام تەندروستیم باش نەبوو".

هێڤی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی چووە ئێران، لەوێش پزیشکەکان پێیانگوت بەهۆی کەمیی ڤیتامینەوە نەخۆش کەوتووە، لەوێ چارەسەری وەرگرت، بەڵام دوای خواردنی چارەسەرەکان، قژی رووتایەوە. دواتر گرێیەک لە لیمفەگرێیەکانی قورگی دروستبوو نەشتەرگەرییان بۆ کرد، ئینجا ئازاری پشت و پێیەکانی هێندە زۆر بوو توانای رۆیشتنی نەما.

دوای ساڵێک نەخۆشییەکەی هێڤی ئاشکرا دەبێت "پزیشکێک نەخۆشییەکەمی دۆزییەوە و پێیگوتم تۆ تووشی نەخۆشیی سیلی ئێسک بووی، مەترسی لەدەستدانی قاچەکانت هەیە. بڕبڕەی پێنجەمی پشتیشت بەرەو ئیفلیجبوون دەڕوات، خێزانەکەم دەستیان بە گریان کرد، بەڵام من پێدەکەنیم، گوتم من ناوم هێڤییە و متمانەم بە خۆم هەیە، نەخۆشیی شکستم پێناهێنێ".

ئەوکات هێڤی لە قۆناغی 12ی ئامادەیی بوو، بەهۆی نەخۆشییەکەوە لە خوێندن دابڕا. زیاتر لە ساڵێک توانای رۆیشتنی نەبوو "ئازارێکی زۆرم هەبوو، بەڵام بۆ جارێکیش فرمێسکێکم نەڕشت و بێهیوا نەبووم، لەوکاتەی دایکم و کەسوکارەکەم بێهیوا بوون لێم و چاوەڕوانی مردنمیان دەکرد، من بە خۆمم دەگوت باش دەبی".

هێڤی رۆژ لەدوای رۆژ تەندروستیی خراپتر دەبێت، بەڵام هێشتا هیوای چاکبوونەوە لەدەستنادات: "نزیکەی دوو ساڵ لەسەر جێگا کەوتم، توانای قسەکردنیشم زۆر کەم ببووەوە، کە لە دایکمیان دەپرسی تەندروستی چۆنە، بەگریانەوە دەیگوت ئینشائەڵڵا باش دەبێت. منیش لەژێر لێوەوە قسەم بۆ دەکرا، دەمگوت دایکە مەڵێ باش دەبێت، بڵێ زۆر باشە. من ئەوەندە متمانەم بە خۆم هەبوو، دڵنیابووم ئەو دۆخە تێدەپەڕێنم".

دوای دوو ساڵ هێڤی لە نەخۆشییەکەی رزگاری دەبێت و دەبێتە گوڵفرۆش. ئەو دەڵێ: "رۆژێک هاوڕێیەکم پەیوەندی پێوەکردم و گوتی من بووم بە گوڵفرۆش، بەپێکەنینەوە پێمگوت تۆ خەونی منت دزیوە، بەڵێنی پێدام کە باش بووم بمکاتە گوڵفرۆش. دوای دوو ساڵ بەسەر نەخۆشییەکەمدا زاڵ بووم و توانیم دووبارە لەسەر پێیەکانم برۆم و هەنگاو بنێم. ئەو رۆژەی پزیشکەکە پێیگوتم لەمەودوا دەتوانی بچیتە دەرەوە. شەو لە خۆشییان خەوم لێنەکەوت".

ئێستا هێڤی لە دووکانێکی گوڵفرۆشی کاردەکات و دەڵێت: "دوای دوو ساڵ لە نەخۆشی و ژیانی سەر جێگا، یەکەمین شوێن کە بۆی چووم ئەو دووکانە بوو کە هاوڕێکەم کاری لێدەکرد، لەوکاتەوە تائێستا نزیکەی دوو ساڵە گوڵفرۆشم، رۆژانە زیاتر لە هەشت کاژێر کاردەکەم. نازانم ماندووبوون چییە، هەست بە ئارامی دەکەم، رۆژانە لەگەڵ گوڵەکان دەدوێم و خزمەتیان دەکەم. هەمووان دەڵێن ئەو گوڵانەی تۆ پەروەردەیان دەکەی، زیاتر دەمێننەوە".

هێڤی دەیەوێت ببێتە بازرگانی گوڵ. ئەو دەڵێ: "لەو دووکانە بە مووچەیەکی مانگانە کاردەکەم، بەشێکی مووچەکەم هەڵدەگرم و کۆیدەکەمەوە، بەو هیوایەی رۆژێک بتوانم ببمە خاوەن کارێکی سەربەخۆ و ببمە بازرگانی گوڵ. لە وڵاتانەوە گوڵ بێنم بۆ کوردستان و ژیانی هەموو ئەوانەش پڕ بکەم لە رەنگ و بۆنی گوڵ کە بێهیوایی یەخەی گرتوون، تاوەکو بە هیواوە بژین و وەکو من بە هیواوە بڕواننە ژیان".

> **حەز دەکەم ببمە بازرگانی گوڵ**
> هێڤی



هێڤی جەمال رەحمان

# گومان لە خنکانی ئافرەتێکی 18 ساڵان دەکرێ

**تریسکە شێرزاد**
**رووداو- کەرکووک**

کەسوکاری هەمین گومان لە مەرگی کچەکەیان دەکەن و دەڵێن کچەکەمان لەگەڵ خەسووی کێشەی هەبوو "ئەوان خنکاندوویانە". خەزووری هەمین ئەو قسەیە رەتدەکاتەوە و دەڵێت "خۆی خنکاندووە".

رۆژی 2019/9/16 ئافرەتێکی تەمەن 18 ساڵ بەناوی هەمین مەسعوود، دانیشتووی گەڕەکی قادسیەی شاری کەرکووک کە دوو ساڵ بوو شووی کردبوو، تەرمەکەی لە ژوورەکەی خۆیدا بە هەڵواسراوی دۆزرایەوە.

عەمید عەدنان عەبدوڵڵا، لە بنکەی پۆلیسی عرووبە بە (رووداو)ی راگەیاند: "دوای ئەوەی لەلایەن نەخۆشخانەی ئازادی لە رووداوێکی خۆخنکاندن ئاگادار کراینەوە، پۆلیس گەیشتە نەخۆشخانەکە و تەرمەکەیان رەوانەی پەیمانگای پزیشکی دادوەری کرد، دوای پشکنین دەرکەوت ئەو ئافرەتە پێش خنکانی لێیدراوە و شوێنەواری ئەشکەنجەدان بە جەستەیەوە دیار بووە".

مێردی ئەو ئافرەتە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە، لە ئیفادەکەیدا نکۆڵی لەوە نەکردووە کە لە ژنەکەی داوە و گوتوویەتی: "شەو لێمداوە، بەڵام ئێمە نەمانخنکاندووە، ئەو رۆژە نانی بەیانیمان پێکەوە خوارد، پاشان چووەتە ژوورەکەی خۆی. لە کاتی رووداوەکەش من لە ماڵ نەبووم".

پۆلیس دەڵێت شوێنەواری ئەشکەنجەدان بە جەستەی ئافرەتەکەوە دیارە، تاوەکو ئەنجامی پشکنین و توێکاری بۆ تەرمی هەمین دەرنەچێ، مێردەکەی بە دەستبەسەری لەلای پۆلیس دەمێنێتەوە.

مەحموود حەمەعەزیز، مامی هەمین دەڵێت، ئەوان لەگەڵ هاوژینی هەمین پێکەوە لە کارگەیەکی چیمەنتۆ کاریان دەکرد، (ئە) کە هاوژینی هەمینە، پێیگوتوون حەز دەکات خزمایەتییان لەگەڵ بکات، ئەوانیش دوای ئەوەی پرسیاری بنەماڵەکە و کەسایەتی ئەو کوڕەیان کردووە، رازی بوون هەمینی بدەنێ.

هەمین دوو ساڵ لەمەوبەر شووی بە (ئە) کردبوو، ئێستا خاوەنی منداڵێکن. لەگەڵ خەسوو و خەزووری لە نهۆمی سەرەوەی ماڵەکەی ئەوان دەژیا.

مامی هەمین دەڵێت: "ئەوان سەرەتا هیچ کێشەیان نەبوو، بەڵام هەمین زۆر بە کەمی دەهاتەوە ماڵی باوکی، جگە لە ماڵی باوکی سەردانی هیچ یەکێک لە خزمەکانی نەدەکرد.

هەمین بەمدواییە وای لێهاتبوو زۆر بە کەمیش سەردانی ماڵی باوکی دەکرد، ئەو بە ماڵی باوکی گوتبوو: "ماڵی خەسووم لەگەڵم خراپن، ناهێڵن بچمە بازاڕیش".

مەحموود دەڵێت: "بەمدواییە بەردەوام کێشە لەنێوان هەمین و مێردەکەیدا هەبوو، کێشەکەش زۆرتر بەهۆی خەسوویەوە بوو، ئەو زۆر تەدەخولی ژیانی ئەوانی دەکرد".

مەحموود دەشڵێت: "چەند جارێک داوامان لە هەمین کرد تەڵاق وەربگرێ، بەڵام ئەو دەیگوت لەبەر منداڵەکەم ناتوانم".

وەک کەسوکاری باسی دەکەن، هەمین چیدی بەرگەی نەگرتبوو، مانگێک لەمەوبەر بە تۆراوی گەڕابووەوە ماڵی باوکی. مەحموود دەڵێت: "هاتەوە ماڵەوە گوتی ئیدی من بەرگەی ماڵی خەسووم ناگرم، دەمەوێت لە مێردەکەم جیاببمەوە، ئێمەش گوتمان زۆر باشە. هەواڵمان بۆ ماڵی خەزووری نارد و گوتمان هەمین بڕیاری داوە جیادەبێتەوە، بەڵام مێردەکەی گوتی: بە هیچ شێوەیەک تەڵاقی نادەم، ئەگەر جیاش ببێتەوە، منداڵەکەی نادەمەوە".

کاتێک هەمین دەزانێت مێردەکەی تەڵاقی نادات و مەرجیشی بۆ تەڵاقدان ئەوەیە منداڵەکەی ناداتێ، بە ناچاری دەگەڕێتەوە لای مێردەکەی.

رۆژی 16ی ئەم مانگە، بیلال نەسرەدین، خەزووری هەمین تەلەفۆن بۆ مەحموود دەکات و پێیدەڵێت بە پەلە وەرن بۆ نەخۆشخانە. مەحموود دەڵێت: "بەپەلە چووین بۆ نەخۆشخانە، خەسوو و خەزووری هەمین لەوێ وەستابوون، پرسیمان چی بووە، گوتیان هەمین خۆی خنکاندووە".

مەحموود گومانی لەوە هەیە کە کچەکەیان خۆی خنکاندبێ و دەڵێت: "کە تەرمەکەمان بینی، شوێنی ئەشکەنجەدانی پێوە دیاربوو، ئەوان گوتیان بە لەچک خۆی خنکاندووە، بەڵام ئاسەواری پەت بەملییەوە دیار بوو. ئەوان درۆیان لەگەڵ ئێمە کرد. ئێمە گومان دەکەین ئەو کچەیان خنکاندبێ".

بەڵام خەزووری هەمین ئەو قسانەی رەتکردەوە و گوتی: "ئێمە ئەو کچەمان خۆشدەویست، لە کچی خۆم زیاتر خۆشمدەویست، ئێمە بۆیە رازی نەبووین جیاببێتەوە چونکە منداڵ بوو، بەیانی ئەو رۆژە لەگەڵ ئێمە نانی خوارد و چووە ژووری خۆی، منیش لەگەڵ کوڕەکەم چوومە دووکان، کچەکەم تەلەفۆنی کرد و گوتی: هەمین خۆی هەڵواسیوە".

کەسوکاری هەمین دەڵێن ئەوان چاوەڕێی ئەنجامی پشکنینی تەرمی هەمین دەکەن، هەر کاتێک ئەنجامەکە دەرچوو، ئەوکات روون دەبێتەوە چ هەڵوێستێکیان بەرامبەر ماڵی خەزووری دەبێ.



ئاسەواری ئەشکەنجەدان بەسەر جەستەی هەمینەوە دیار بووە



## پیاوێک ماڵە خەزوورانی دەداتە بەر چەقۆ

**ڕووداو- هەولێر**

شەوی 2019/9/21 لە خانەقین پیاوێک بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە خەزوور و دوو ژنبرای دەداتە بەرچەقۆ، ئەو پیاوە ئێستا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراوە. عەقید دیار شەوکەوت، بەڕێوەبری پۆلیسی خانەقین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "شەوی 2019/9/21، لە گەڕەکی بەختیاری شاری خانەقین پیاوێک بە چەقۆ هەڵیکوتاوەتەوە سەر ماڵی خەزووری. خەزوور و دوو ژنبرای داوەتە بەر چەقۆ و برینداری کردوون، بریندارەکان گەیەندراونەتە نەخۆشخانە و برینی یەکێکیان سەختە". بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقین گوتیشی: "تۆمەتبارەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە کە بە گوتەی خۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ماڵی خەزووریدا هەبووە".

# موختارێک لە دهۆک هاوژینەکەی خۆی و پیاوێک دەکوژێت

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

موختارێک لە پارێزگای دهـۆک دوای ئەوەی یەکێـک لـە هاوژینەکانی خـۆی دەکوژێت، بە چەکـەوە دەچێتـە سـەر پیاوێک و بە پاسـاوی ئـەوەی پەیوەندیـی خۆشەویسـتی لەگـەڵ هاوژینەکەیدا هەبووە، شـەش گوللەی لێدەدات و ئەویش دەکوژێت.

ئـەو ڕووداوە، سـەعات 8ی بەیانیـی ڕۆژی 2019/9/15 لـە گونـدی موراغـای سـەر بـە شارۆچکەی ئەترۆش لە قەزای شێخانی پارێزگای دهـۆک ڕوویـدا. موختـاری گوندەکـە بەنـاوی (حـازم.س) کە تەمەنی 50 سـاڵە و سـێ ژنی هەیـە، هاوژینـی دووەمی خۆی بەنـاوی دیلمان شـبلی، تەمەن 25 سـاڵ، بە دوو گوللە کوشت. حـازم هـەر دوای ئـەوە، پیاوێکـی تەمـەن 32 ساڵانیشـی بەناوی مستەفا سـاڵح، لە شوێنی کارەکەیدا کوشت. مستەفا خێزاندار بووە و باوکی سێ منداڵ بوو، لە کۆمپانیایەک کاری دەکرد.

موقەدەم هێمن سـلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە تاوانی کوشـتنی ئافرەتێک و پیاوێک ئاگادار کراینەوە. پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ کردنەوە. دەرکەوت ئەو پیاوە و ئافرەتەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەلایەن مێردی ژنەکەوە کوژراون".

بە گوتـەی پۆلیـس، تۆمەتبارەکە کە بەپێی ماددە 406 فەرمانی گرتنی هەیە، دوای تاوانەکە هەڵاتووە و تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراوە. دوو کەسی دیکەش کە لە کاتی تاوانەکە لەگەڵی بوون، بە هەمان شێوە فەرمانی گرتنیان بۆ دەرچووە.



دیلمان 25 ساڵ لە مێردەکەی بچووکتر بوو

کەسـوکاری مسـتەفا باس لـەوە دەکەن کە مسـتەفا تەنیـا پێنـج ڕۆژ بوو لـە کۆمپانیایەک وەکو شـوفێری شۆفڵ دامەزرابوو، هەموو ڕۆژێک حەوتـی بەیانی لە ماڵ دەرچووە و چواری ئێوارە گەڕاوەتەوە.

کەریم فەتاح کە ئامۆزای مسـتەفایە، دەڵێت: "مسـتەفا ئـەو ڕۆژە لەگـەڵ دوو لـە ئامۆزاکانی چوونەتە سەر کارەکەیان. لە ڕێگا نانی بەیانییان خواردووە و پاشـان چوونەتە کۆمپانیا. سـەعات هەشتی بەیانی خەریکی کار بووە، لەو کاتەدا سێ کـەس هاتوونەتە لای کـە یەکێکیان حازم بووە. ئامۆزاکانـم دەڵێن ئەوان زۆر لـەو دوور نەبوون، گوێیان لێبووە کە حازم پێیگوتووە، تۆ ئەمشەو لەگەڵ هاوژینەکەم خەوتووی، بۆیە دەتکوژم".

کەریم دەڵێت هەرچەندە مستەفا چەند جارێک گوتوویەتی کە ئەو هیچ پەیوەندی لەگەڵ ژنەکەی ئەودا نییە، بەڵام حازم شەش گوللەی لە مستەفا داوە و پاشـان لەگـەڵ دوو کەسـەکە هەڵاتوون. ئامۆزاکانی مستەفاش پەیوەندییان بە پۆلیسەوە کردووە.



مستەفا ساڵح،

کەریم ڕەتیکردەوە کە مستەفا ئەوشەوە لەلای هاوژینی حازم بووبێ و گوتی: "هاوژینی مستەفا دەڵێت مستەفا ئەوشەوە لە ماڵ دەرنەچووە، بۆیە ئـەوەی کە دەگوترێ پەیوەندی لەگەڵ ئەو ژنەدا هەبووە، ڕاست نییە".

گوتیشـی: "مسـتەفا هاوژینـی خـۆی زۆر خۆشدەویسـت، قەت لەو بـاوەڕەدا نین خیانەتی لێکردبێ".

بنەماڵەی مستەفا پرسەیان دانەناوە و دەڵێن تاوەکو بکوژی مسـتەفا دەسـتگیر نەکرێ و سزا نەدرێ، پرسەی بۆ دانانێن.

کەریم دەڵێت دوای ڕووداوەکە، بنەماڵەی حازم چەند جارێک ئاغا و خەڵکی گوندەکەیان ناردووە بۆ ئەوەی سوڵحی عەشایەری بکەن، ئەوان دەڵێن مـادام حـازم ژنەکەی خۆی کوشـت و کوڕەکەی ئێوەشـی کوشـت، با کێشـەکە لـەوە گەورەتر نەبێـت و ڕێکبکەوین "بەڵام ئێمە بە هیچ جۆرێک ڕازی نابین سـوڵحی عەشایەری بکرێت و خوێنی مستەفای ئامۆزام بە پارە نافرۆشین".

کەسـوکاری مسـتەفا و حازمیش دەڵێن هیچ بەڵگەیەکیـان نییە کە بیسـەلمێنێ مسـتەفا و دیلمان پەیوەندییان هەبووە.

سـەرچاوەیەکی نزیـک لـە ماڵـی حـازم کە نەیویسـت نـاوی ئاشـکرا بکرێت، گوتـی: "ئەو بەیانییـە حازم زوو چووەتـە ماڵی ژنی دووەمی، دوای ئەوەی بووەتە شەڕیان، ژنەکەی بە حازمی گوتووە شـەو مسـتەفا لای من بـووە. ماوەیەکە پەیوەندیمان هەیە. حازمیش تووڕە بووە و بەبێ ئەوەی هیچ قسـەیەک بکات چووەتـە دەرەوە و چەکەکەی هێناوە و دوو گوللەی لە ژنەکەی داوە".

وەک ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بۆ کرد، حازم دوو کەسیشـی لـە خانەوادەکـەی لەگـەڵ خۆی بردووە و ڕۆیشـتووە بۆ ئەو شوێنەی کە مستەفا کاری لێدەکات، دوای ئەوەی ئەویشی کوشتووە، هەڵاتووە و ئێستا کەس نازانێت لە کوێیە.

### لە حەوت مانگدا پێنج ژن لە دهۆک کوژراون

بەگوێرەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، لە سـەرەتای ئەمسـاڵەوە تاوەکو کۆتایی مانگی تەممووز 5 ژن لە سـنووری پارێزگای دهۆک کوژراون. هاوشـێوەی ڕووداوی کوشتنی دیلمان و مسـتەفا، مانگی تەمووزی ڕابردووش لە پارێزگای دهۆک، کچێکی 18 سـاڵان لەگەڵ پیاوێک پێکەوە کوژران، بەگومانی ئەوەی کە پەیوەندییان هەبووە.

# هاوپیشەکەی خۆی دەکوژێت

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

هێمـن ئـەو بەیانییەش وەکـو ڕۆژەکانی دیکە خواحافیـزی لـە دایکـی کـرد و چـوو بۆ سـەر کارەکـەی، بـەڵام دایکـی چیـدی کوڕەکـەی بە زیندوویی نەدیتەوە. هێمن لەلایەن هاوپیشەکەیەوە دوو چەقۆی لێدرا و لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

ڕۆژە 2019/9/11 گەنجێکی تەمەن 32 ساڵان بەنـاوی هێمـن مەلا حامید، دانیشـتووی شـاری هەڵەبجـە کە کارمەندی یەکێـک لە کۆمپانیاکانی پاککـەرەوەی شـاری هەڵەبجـە بـوو، لـە لایەن کارمەندێکی کۆمپانیاکەوە بە چەقۆ کوژرا.

ڕائید بـارزان عوسـمان، گوتەبێژی پۆلیسـی پارێـزگای هەڵەبجە بـە (ڕووداو)ی گـوت: "کاژێر 12ی نیـوەڕۆی ڕۆژی 2019/9/11 مەفرەزەکانی پۆلیسـی فریاکەوتنـی هەڵەبجـە بەنێـو شـاردا دەگـەڕان. لـەو کاتەدا بینیویانە دوو کەس شـەڕ دەکـەن، تا گەیشـتوونەتە لایـان یەکێکیان دوو چەقۆی لەوەی دیکەیـان داوە. پۆلیس هەر لەوێ تاوانبارەکەی دەسـتگیرکرد و بریندارەکەشی برد بـۆ نەخۆشـخانە، بەڵام بەداخـەوە بریندارەکە لە نەخۆشخانە، مرد".

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش، ڕائید بارزان دەڵێت: "تاوانبارەکە دەڵێت پێکەوە دەچووین بۆ بازاڕ، لە ڕێگە لەسەر قسەیەک بوو بە دەمەقاڵێمان، جوێنمـان بە یەکدی دا، دواتر بوو بە شـەڕمان و منیش دوو چەقۆم لێدا".

بکـوژی هێمن بەپێی ماددەی 406 لە یاسـای سزادانی عێراقی دۆسیەی بۆ کراوەتەوە".

هێمـن برای بـارزان مەلا حامیـدە کە ئەندامی ئەنجوومەنـی پارێزگای سـلێمانییە. هێمن لەگەڵ دایک و براکەی لە شاری هەڵەبجە دەژیان.

بارزان مەلا حامید، بە (ڕووداو)ی گوت: "براکەم هەموو ڕۆژێک سـەعات حەوتی بەیانی دەچوو بۆ سـەر کارەکەی، نیوەڕۆ دەهاتـەوە ماڵەوە و نانی دەخـوارد و دووبـارە دەگەڕایەوە سـەر کارەکەی تاوەکو سەعات چواری ئێوارە".

بارزان زۆر پەسـنی براکـەی دەدات و دەڵێت: "هێمنی برام کەسـێکی زۆر کاسـب بوو، جگە لە ئیشەکەی پەیوەندی بە هیچەوە نەبوو، لە ماڵەوە بـۆ ئیش، لـە ئیش بۆ ماڵـەوە. ئـەو ڕۆژەی کە کـوژراش هەر لە ئیش بوو، کاتی پشـوویان بوو، لەگەڵ بکوژەکە کە هاوپیشەیەتی پێکەوە دەچوون بۆ بازاڕ".

هێمن ژنی نەهێنابوو، لەگەڵ دایکی و برایەکی پێکـەوە دەژیان کە براکـەی دووکانی هەیە. وەک بارزان باسی دەکات، ئەو هەموو نیوەڕۆیەک لەگەڵ براکـەی دەگەڕایـەوە ماڵەوە، بەڵام ئـەو ڕۆژە بە براکەی نەگوتبوو کە ناگەڕێتەوە و دەچێتە بازاڕ.

بارزان باسی کوژرانی براکەی دەکات و دەڵێت: "ئەو ڕۆژە هێمن لەگەڵ هاوڕێکەی لەو کۆمپانیایەی کاریـان لەگەڵ دەکرد چوونەتـە دەرەوە، لە ڕێگا بووەتە دەمەقاڵەیان، بەڵام نازانرێ دەمەقاڵەکەیان لەسەر چی بووە. هەر لە نزیک کۆمپانیاکە بەشەڕ هاتـوون، هاوپیشـەکەی چەقۆی پێبـووە و دوو چەقۆی لێداوە".

بارزان دەڵێت: "ئەو کاتە من لە دەوام بووم لە ئەنجوومەنی پارێزگا، براکەم پەیوەندی پێوەکردم و گوتی هێمن چەقۆی لێدراوە لە نەخۆشخانەیە". بەڵام بارزان فریا ناکەوێ براکەی بەزیندوویی ببینێ و بەر لەوەی بگاتە نەخۆشخانە، براکەی دەمرێ.

بارزان تا ئێستاش نازانێ شەڕی براکەی لەگەڵ ئەو کەسـە لەسەر چی بووە و دەڵێت: "ئێمە ئەو کەسـە ناناسـین، ئەوەندە دەزانین ماوەیەکی زۆر بوو لەگەڵ هێمن بە یەکەوە کاریان دەکرد. بەهۆی پرسەوە تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە بچینە بنکەی پۆلیس و سکاڵای لەسەر تۆمار بکەین".

گوتیشی: "بەهیچ جۆرێک سوڵحی عەشایەری لەگەڵ بنەماڵەی تاوانبار ناکەین، چونکە مەعقول نییـە پیاوێـک لەسـەر دەمەقاڵەیەکـی بچـووک بکوژرێ، دەبێ ئەو کەسە لەسێدارە بدرێ".



هێمن مەلا حامید

## دەگوترێ دوو ملیۆن و 500 هەزار دۆلاری دزیوە

# دۆسیەی مافیایەکی کورد لە دادگا دادەخرێ

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

دۆسـیەی مافیایەکی کورد لە دادگایەکی هەولێـر، بەهـۆکاری ئەوەی کە نەخۆشـیی دەروونـی هەیە، دادەخرێـت. پارێزەری دوو لەوانەی کە سکاڵایان لە دژی ئەو تۆمەتبارە هەبووە، دەڵێ ئەو کەسە کاتێک دێتە دادگا خـۆی شـێت دەکات، بـەڵام لەنێـو زیندان کەسـێکی ئاسـاییە، بۆیە داوا دەکات: "ئەو کەسە مەترسیدارە" ئازاد نەکرێت.

ئەحمـەد جەنگیـز، لەدایکبووی شـاری هەولێرە. هەشـت سـاڵ لە ئەورووپا ژیاوە و وڵاتینامەی سویسـرای هەیە، هـەر لەوێش کۆلێژی پرۆگرامسازی تەواو کردووە. قوتابی بەشـی دەروونناسـیش بووە لە زانکۆیەکی قوبرس. بەهۆی کارە مافیاییەکانی لە چوار وڵاتی ئەورووپی داواکراو بوو. شەش ساڵ بوو پۆلیس بەدوایدا دەگەڕا تا لە کۆتایی مانگی ئەیلولی 2018 لە شاری هەولێر دەستگیر کرا.

ئەحمەد جەنگیز دوای دەسـتگیرکردنی، لـە گرتووخانـەوە قسـەی بـۆ (ڕووداو) کردبـوو، ئـەوکات گوتی: "کاتێـک چوومە دەرەوەی وڵات، لـە یۆنان مافیاکانی ئەوێم ناسین. پاشان کە چوومە سویسرا بەدوای مافیاکانـی ئـەو وڵاتـەدا گـەڕام و توانیـم پەیوەندی لەگەڵ مافیاکانی سویسرا، یۆنان، تورکیا و قوبرس و ئیتاڵیا ببەستم".

ئەحمـەد هـەر زوو ناوبانـگ پەیـدا دەکات و هاوسـەرگیری لەگەڵ کچێکی فەرەنسـی دەکات. ئەو هـەر ئەوکات گوتبووی: "چەند هوتێلێکم لە ئەورووپا کڕی، کاتێکیش چوومە فەرەنسا، لەوێ لەگەڵ سەرمایەدارێک کارم دەکرد، دواتر کچەکەیم ناسی و ئێستاش هاوژینمە و منداڵێکمان هەیە".

ئەحمـەد سەرپەرشـتی کۆمەڵێـک مافیای ئەلبانی، یۆنانی، ئیتاڵی و تورکی کـردووە و بڕیـاری داوە لە تورکیا درێژە بە کارە مافیاییەکانـی بـدات. ئـەو گوتبووی: "ئەوێ شـوێنێکی باش بوو بۆ من، دەستم بە هەموو مافیاکان دەگەیشت".

ئەحمـەد زمانەکانـی عەرەبـی، تورکـی، ئەڵمانی، فەرەنسی، سویسری و ئیتاڵی دەزانێ و لە حەوت وڵاتدا کاری مافیایی کردووە، بۆیە لەلایەن پۆلیسی چـوار وڵاتەوە داواکرابـوو، چەند جارێکیش دەسـتگیرکراوە، بـەڵام بەهـۆی پەیوەندی بەهێـزی لەگەڵ بەرپرسـانی پۆلیسـی ئەو وڵاتانە، ماوەیەکی کەم لە زیندان ماوەتەوە.

ئەحمـەد زوو زوو گەڕاوەتـەوە شـاری هەولێـر، لە ماوەی چەند سـاڵێکدا 12 دزی زۆر گەورەی لە ماڵی پزیشکان و بازرگانانی هەولێر کردووە، پۆلیسی هەولێر شەش ساڵ بوو بەدوایدا دەگەڕان تا دواجار توانییان لە ڕێگـەی هاوڕێیەکییەوە دەسـتگیری بکەن. ئەو هاوڕێیەی بە هەماهەنگی لەگەڵ پۆلیس پەیوەندی بە ئەحمەدەوە دەکات کە ماڵێکی دۆزیوەتـەوە دەتوانـن بیبـڕن. ئەحمەد لە قوبرسـەوە بە فڕۆکە دێتە بەغدا و پاشـان بـە ئۆتۆمبێل دێت بۆ هەولێـر، بێئاگا بووە لەوەی بۆسەی بۆ دانراوە و دواجار دەکەوێتە بۆسەوە و دەستگیر دەکرێ.

لەبارەی دەستگیرکردنی ئەحمەد جەنگیز، ڕائید هۆگر عەزیز گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بـە (ڕووداو)ی گـوت: "شـەش سـاڵ بوو بـەدوای ئەو مافیایەدا دەگەڕاین، کەسـێکی زۆر شـارەزا بـوو. هـەر کارێکـی دەکـرد، شـوێنەواری لەدوای خۆی جێنەدەهێشـت، دوای دزییەکانیـش یەکسـەر کوردسـتانی جێدەهێشـت. بەردەوامیش ڕوخساری خۆی دەگۆڕی، بە تایبەتی ڕەنگی قژ و چاوی".

هۆگر عەزیز باسـی لـەوەش کرد کە زوو زوو پزیشـکان و سـەرمایەدار و بازرگانـان پەیوەندییان پێوە کردوون و لەوە ئاگاداریان کردوونەتەوە کە دزییان لێکراوە. ئەو دەڵێت: "سێ لەو دزیانەی کران زۆر گەورە بوون".

ئەحمـەد جەنگیز تەنیا لـە هەولێر پێنج سکاڵای لەسەر تۆمار کرابوو.

گۆڤەنـد بابـان، پارێـزەری دوو لـە سـکاڵاکەرەکان بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد: "پێنج دۆسیە لەدژی هەبوون، من پارێزەری دوو لەو کەسانەم کە سکاڵایان لەدژی هەبوو، یەکێکیـان 45 هـەزار دۆلار و دەمانچەیەکی دزرابوو، ئەوەی دیکەیان هەشت کیلۆ و نیو زێڕی لەنێو قاسـەی ماڵەکەیـدا لێ دزراوە. کۆی ئەو پارانەی لەو پێنج دۆسیەدا دزراون نزیکەی دوو ملیۆن و 500 هەزار دۆلارە".

ئـەو پارێزەرە دەشـڵێ: "ئەحمـەد دوای دەستگیرکردنی ئیفادەی لەلای پۆلیس داوە و بـۆ چەنـد میدیایەک لەوانـەش (ڕووداو) قسـەی کردووە، هیچ کێشـەیەکی دەروونی نەبووە، بەڵام لە یەکەم دانیشـتنی دادگا وا مامەڵـەی دەکرد کە نەخۆشـە، بۆیە دادگا ناردی بۆ لای لیژنەیەکی پزیشـکی، لیژنەکە دەڵێ نەخۆشیی شـیزۆفرینیای هەیە، بۆیە دوای بەڕێوەچوونی پێنج دانیشتن لە دادگای تاوانـی هەولێـر/1 لـە ڕۆژی 2019/8/6 دادوەر بەپاسـاوی ئـەوەی کـە ئەحمـەد جەنگیـز نەخۆشـیی شـیزۆفرینیای هەیە، هەموو دۆسیەکانی داخست".

بەپێی قسـەی ئـەو پارێـزەرە، ئەحمەد کەسـێکی زۆر زیرەک بووە لە نمایشـکردن و دەڵێ: "خۆشـێتکردنەکەی شـێوازێکە بۆ خۆدەربازکردن لە سـزا. ئەو تەنیا لەبەردەم دادوەر خۆی شێت دەکات، ئەگینا لە زیندان هیچ کێشـەیەکی نییە. بەو نمایشانە وای لە دادگا کـرد بڕیاری داخسـتنی دۆسـیەکانی بـدات، هەرچەنـدە ئـازاد نەکـراوە و ئێمە تەمیزمـان کردووەتەوە، بـەڵام لەبەرئەوەی هەموو دۆسیەکانی داخراون ئازاد دەکرێت".

گۆڤەنـد بابـان داوا دەکات "ئەو کەسـە مەترسیدارە" ئازاد نەکرێ.



پۆلیسی هەولێر شەش ساڵ بوو بەدوای ئەحمەد جەنگیزدا دەگەڕا

## هایکۆ ڤیمەن، بەڕێوەبەری پرۆژەی عێراق، سووریا و لوبنان، لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی:

# تاکە ڕێگە بۆ سەقامگیریی سنوورەکان، دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتییە لە تورکیا

عێراق، هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕن. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەبەرە پێ دەنێتە قۆناغی پاش بەهاری عەرەبی. عێراق و هەرێمی کوردستان لە قۆناغی پاش سەرهەڵدانی داعش و گشتپرسییەکەی 2017دا خەریکی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانیانن. ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی هێناوەتە سەر لێواری جەنگێکی ناوچەیی. بۆ تاوتوێکردنی ئەو دۆخە، (ڕووداو) هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ هایکۆ ڤیمەن، بەڕێوەبەری پرۆژەی عێراق، سووریا و لوبنان، لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی ساز کرد.

ڤیمەن پێشتر لە پەیمانگای کاروباری نێودەوڵەتی و ئاسایشی ئەڵمانیا لە بەرلین لێکۆڵەر بووە. لە 1994ـەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەتی لە لوبنان دەژی. شارەزای سیاسەتی نێوخۆی لوبنان، شەڕی نێوخۆی سووریا و عێراقی پاش جەنگە. ژمارەیەک لێکۆڵینەوەشی لەبارەی تایفەگەری و کۆمەڵگا ناکۆکەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە.

هەڤپەیڤین: ڕێبوار قاسم
ڕووداو – هەولێر



> ناوچەی ئارام هەتا ئەو کاتە دەمێنێ کە ئەمریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوورییایە

**ڕووداو: یەپەگە لە ناوچە سنوورییەکانی سووریا و تورکیا کشاوەتەوە، بەڵام ناکۆکیی نێوان واشنتن و ئەنقەرە هەر بەردەوامە. پێتوایە ئەو ڕێککەوتنەی ئێستا تا ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە، لە کاتێکدا ناکۆکییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا نەبڕاونەتەوە و پرسی کورد لە هەردوو دیوی تورکیا و سووریا پێکەوە گرێدراون و ئەزموونی شکستی نەخشەڕێی منبجیش لە ئارادایە؟ بەربەستە سەرەکییەکان بەڕای تۆ چین؟**

**هایکۆ ڤیمەن:** ڕاستییەکەی ئێستاشی لەگەڵ بێ ڕێککەوتنێک (لە نێوان تورکیا و ئەمریکا) لە ئارادا نییە، ئەوەی هەیە پێکهاتنێکی ئەمنییە لە نێوان ئەمریکا و تورکیا کە لادانی سەنگەر و چەکە قورسەکانی یەپەگە لە هەندێک ناوچەی سنووری لەخۆدەگرێ. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەو چارەسەرە سەربازییەش سەربگرێ، ئەوە دیسان نابێتە ڕێککەوتنێک کە بتوانێ نیگەرانیی تورکیا لە ئاسایشی نیشتمانیی خۆی بڕەوێنێتەوە، کە پەیوەندیی بەوەوە هەیە یەپەگە (یان لەسەر ئاستە بەرفراوانەکەی پەکەکە) بە کۆنترۆڵکردنی هەموو باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا نفووزی سیاسی و سەربازی لەو ناوچەیە بەهێز بکات. هەتا ئەو کاتەی یەپەگە بەردەوام بێت لە

> ئەوەی لە ڕۆژئاڤا هەیە ڕێککەوتن نییە، بەڵکو پێکهاتنێکی ئەمنییە لە نێوان ئەمریکا و تورکیا

پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەکەکە و پەکەکەش لە هێرشی دژی دەوڵەتی تورکیا بەردەوام بێ، ئەوە ئەنقەرە بە نیگەرانییەوە سەیری کۆنترۆڵی یەپەگە لەسەر ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەکات. هەرچەندە یەپەگە چەکە قورسەکانی لەسەر سنووری نێوان سووریا و تورکیا دووربخاتەوە، هەر بەس نییە. یەپەگە، یەپەژە و هەسەدە هەرچی بکەن بۆ ئەوەی پیشانی بدەن کە ئەوان پەکەکە نین، دیسان ئەنقەرە باوەڕ بەوە ناکات. ڕێککەوتنەکە دەشێ هەتا ئەو کاتە تەمەن بکات کە ئەمریکا لەوێیە، بەڵام گومانی تێدا نییە هەرکات ئەمریکا هێزەکانی کێشایەوە، ئەوە دۆخەکە تێکدەچێ. بۆیە ئەم پێکهاتنەی ئێستا (لە نێوان ئەنقەرە و واشنتن) دەشێ بۆ ماوەیەک بەردەوام بێ، بەڵام ناتوانێ کێشە جەوهەرییەکە چارەسەر بکات.

**ڕووداو: ئەمریکا و هاوبەشە ڕۆژئاواییەکانی دەبێ چی بکەن بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنەی ئێستای تورکیا و ئەمریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بپارێزن؟ شکستی ڕێککەوتنەکە چی بەدواوەیە بۆ ئەمریکا و بۆ کورد و ئاسایشی ناوچەکە؟**

**هایکۆ ڤیمەن:** ئەمریکا و هاوپەیمانان دەبێ وجودی خۆیان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی هاوبەشە کوردەکانیان و هاوپەیمانە تورکەکانیان بەرەو کۆمەڵێک ڕێوشوێن هان بدەن کە متمانە دروست دەکات، واتە ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەکرێ ڕێ بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستاندنی سیاسی خۆش دەکەن. تاکە ڕێگە بۆ سەقامگیرکردنی

> گشتپرسی ئەوەی دەرخست کە لە هەرێمی کوردستان پشتگیرییەکی بەهێز بۆ سەربەخۆیی هەیە

سنوورەکان ئەوەیە بەرە بەرە پرۆسەی ئاشتی لە نێوان پەکەکە و تورکیا دەستپێبکاتەوە، ئەوەش بە ئاگربەستێکی تاکلایەنە لەلایەن پەکەکەوە دەبێ. کۆمەڵێک ئاماژە لە قەندیل هەن کە پێماندەڵێن ئەمە مومکینە، بەڵام دیار نییە تورکیا ئەمە قەبووڵ دەکات یان نا. ئەمریکا دەبێ هاوبەشە کوردەکان بەو ئاراستەیەدا هان بدات و هاوبەشە ڕۆژئاواییەکانی یان هاوبەشەکانی لە ناتۆ دەبێ هانی ئەنقەرە بدەن بەشێوەیەکی ئەرێنی وەڵامی ئەو هەنگاوە بداتەوە.

شکستی ڕێککەوتنەکە کە لە شەڕ و پێکدادانی نێوان هەسەدە و تورکیادا دەردەکەوێ، وا لە هێزەکانی هەسەدە دەکات هەوڵەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش کەمبکاتەوە و هێزەکانی بەرەو باکوور بجووڵێنێ، واتە لە دۆڵی فورات دووریان بخاتەوە. (لەو حاڵەتەشدا) داعش دەتوانێ شوێنی خۆی لەوێ قایمتر بکات و جارێکی دیکە کۆنترۆڵی بەشێک لە ناوچە گوندییەکانی پارێزگای دێرەزوور بکاتەوە.

**ڕووداو: دوو ساڵ دوای گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان، وادیارە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا باشتر بووبن، بەڵام ناکۆکییەکان لەسەر کێشە کۆنەکان وەکو خۆیان ماون، لەوانەش کێشەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان، پشکی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی و چارەنووسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. هەردوولا دەبێ چ دەستپێشخەرییەک بکەن بۆ ئەوەی دانوستاندن بەرەوپێش بچێ؟**

**هایکۆ ڤیمەن:** گشتپرسی ئەوەی دەرخست کە لە هەرێمی کوردستان پشتگیرییەکی بەهێز بۆ سەربەخۆیی هەیە، بەڵام ڕووداوەکانی دوای گشتپرسی ئەوەیان پیشاندا کە پشتگیریی دەرەکی بۆ سەربەخۆیی کەمە. هەولێر پەی بەوە برد کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەغدا تەنیا شکستی بۆ دەمێنێتەوە، بەڵام بە سیاسەتکردن لە بەغدا دەتوانێ

> ئەمریکا و هاوپەیمانان دەبێ وجودی خۆیان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی متمانە لە نێوان تورکیا و هەسەدە دروست بکەن

هاوپەیمانی دەستبکەوێ. ئەوەش ڕێگە لەو ڕووبەڕووبوونەوە ڕاستەوخۆیە دەگرێ. ڕەنگە ئەمە خاڵێکی باش بێ بۆ سازش. ڕەنگە دانوستاندن لەسەر ڕێکخستنی ئەمنی لە ناوچە کێشەلەسەرەکان بوارێکی باش بێ بۆ ئەوەی لەوێوە دەست بە دروستکردن یان دروستکردنەوەی متمانە بکرێ و دۆخێک بێتە ئاراوە کە هەردوولا تێیدا براوە بن.

**ڕووداو: حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمیتەیەکی پێکهێناوە بۆ کێشەی ناوچە کێشەلەسەرەکان و ماددەی 140. داعش لەو ناوچانە چالاکە و بۆشاییەکی ئەمنیش بەهۆی نەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان هێزە کوردی و عێراقییەکان دروست بووە، ئەو دۆخەش وایکردووە کێشەی ئەو ناوچانە چیدی کێشەیەکی نێوخۆیی نێوان کوردستان و عێراق نەبێ، بەڵکو کێشەیەکی ناوچەیییە. لایەنە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەبێ چی بکەن بۆ ئەوەی ئەم کێشە ئاڵۆزە چارەسەر ببێ، یان هەر هیچ نەبێ ئاکامەکانی ئەو دۆخەی ئێستا بە کۆنترۆڵکراوی بمێننەوە؟**

**هایکۆ ڤیمەن:** هاوئاهەنگی بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچانە گرنگە بۆ ئەوەی ڕێ لە گەڕانەوەی داعش بگیرێ. بەڵام ئەم ڕێوشوێنە

> یەپەگە، یەپەژە و هەسەدە هەرچی بکەن، ئەنقەرە باوەڕیان پێ ناکات

ئەمنییانە دەتوانن دەستپێکی باش بن بۆ دروستکردنی دۆخێک کە هەردوو لایەن تێیدا براوە بن و متمانە لە نێوانیاندا دروست ببێ. ئەوەی کە دەبێ خۆی لێ بەدوور بگرن، دۆخێکە کە تێیدا لایەنێک دۆڕاو و لایەنێکی دیکە براوە بێت. وەک چۆن نابێ سنووری توند و تۆخ لە نێوان ئەو شتانەدا بکێشرێ کە گوایە هی هەولێر یان هی بەغدان، چونکە ئەمە پێکهاتەی کۆمەڵگە خۆجێییەکان تێکدەدات و لەوانەیە توندوتیژیشی لێ بکەوێتەوە. بە پێچەوانەوە دەبێ حکومەتی لۆکاڵی بەهێز بکرێ، ئەوەش لە چوارچێوەی هەنگاوێکی گشتیدا دەکرێ بەرەو نامەرکەزییەت لە هەموو عێراقدا، بۆ ئەوەی هەموو کۆمەڵگەکان پشکێکی دادپەروەرانەیان لە دەسەڵات بەربکەوێ.

**ڕووداو: وا دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق سوورن لەسەر ڕێککەوتن لەبارەی هەناردەی نەوتی کوردستان و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان. ئەو فاکتەرانە چین کە دەتوانن گفتوگۆکان گەرموگوڕ بکەن یان خاویان بکەنەوە؟**

**هایکۆ ڤیمەن:** سەرکەوتنی ئەم گفتوگۆیانە بەستراوەتەوە بە دۆخی گشتیی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو ڕێکارانەی پەیڕەو دەکرێن بەشێوەیەکی گونجاو دامەزراوەیی بن و پشت بە ڕێککەوتن یان تێگەیشتنی نێوان کەسە سیاسییەکان نەبەستن. هەروەها ڕێککەوتنی گونجاویش لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنیان بکرێ، وەک چۆن دەبێ ڕێککەوتنیش لەسەر ئەو پێوەرانە بکرێ کە داوای گۆڕان دەکەن (لەوانەش یاریکردنی

> ڕەنگە بە ئاگربەستی یەکلایەنەی پەکەکە پرۆسەی ئاشتی دەستپێبکاتەوە

نرخەکانی نەوت، گۆڕانکارییەکانی توانای بەرهەمهێنانی نەوت و ئەو ڕێککەوتنانەی لەگەڵ حکومەتە بیانییەکان دەکرێ).

**ڕووداو: مانگی ڕابردوو جبەخانەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق تەقینەوە. ڕاپۆرتە میدیاییەکان لە زاری بەرپرسانی ئەمنییەوە پەنجەی تۆمەتیان بۆ ئیسرائیل درێژ کرد، ئەگەر ئیسرائیل بەڕاستی لە پشت ئەم ڕووداوانە بێ، ئەوە ئاکامەکانی بۆ عێراق و هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە و ململانێی نێوان واشنتن و تاران چی دەبێ؟**

**هایکۆ ڤیمەن:** دەرئەنجامەکانی یەکجار وێرانکەر دەبن. ئەو هێزە عێراقییانەی هەر ئێستاش هەوڵی کۆتاییهێنان بە وجودی ئەمریکا لە عێراق دەدەن و ئەمریکا بە هاودەستی لەگەڵ ئیسرائیل تۆمەتبار دەکەن، هەستدەکەن پاساویان دەستکەوتووە و هەڵمەتەکەی خۆیان (بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا) زیاتر دەکەن. ڕەنگە ئەمە کەوتنی حکومەتی ئێستای عێراقیشی لێبکەوێتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەمە ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا و ململانێی ئەو دوو وڵاتە لە ڕێگەی هاوپەیمانە عێراقییەکانیان زیاتر دەکات.

**ڕووداو: بۆچی هەموو پەنجەی تۆمەتەکان بۆ لای ئیسرائیل درێژ دەکرێن؟ ئامانجی ئیسرائیل لە لێدانی میلیشیاکانی نزیک لە ئێران چییە؟**

**هایکۆ ڤیمەن:** ئەوە چەند ساڵێکە ئیسرائیل لە سووریا بێ هەژمار هێرشی کردووەتە سەر

> هەولێر لەوە تێگەیشتووە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەغدا تەنیا شکستی بۆ دەمێنێتەوە

ئەو بنکانەی کە دەگوترێ بنکەی ئێرانییەکانن. زۆر ڕێی تێدەچێ کە ئیسرائیل هێرشەکانی بۆ عێراقیش درێژ کردبێتەوە. بنیامین نەتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە ئێران لە هیچ شوێنێک پارێزبەندی نابێ، ئەوەش ئاماژەیەکی ڕوون بوو کە ئەو شتە هەر ڕوودەدات. ئەو هۆکارەی زیاتر لە هەموو هۆکارەکانی دیکە زیاتر ڕێی تێدەچێ، ئەوەیە کە ئیسرائیل دەیەوێ ئەوەندەی بشێ و ئیدارەی ئەمریکا لەگەڵی بن، پێگەی ناوچەیی و سنووری دەسەڵاتی ئێران بەرتەسکتر بکاتەوە.

**ڕووداو: ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا و گوشاری ئابووریی واشنتن لەسەر تاران هەموو ناوچەکەی نیگەران کردووە. بەم دواییە، سەرۆککۆماری ئێران حەسەن ڕووحانی گفتوگۆی ڕووبەڕووی لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا ڕەتکردووەتەوە. ئەو جوڵە ناوچەیی و نێودەوڵەتییانە چین کە دەکرێ دۆخی ئێستای ململانێی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بگۆڕێ؟**

**هایکۆ ڤیمەن:** لەوانەیە ئەکتەرە سەرەکییەکانی ناوچەکە، لەوانەش ئیمارات، پەی بەوە بەرن کە ململانێی درێژخایەنی نێوان ئێران و ئەمریکا لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی ئەواندا نەبێ و تەنانەت هەڕەشەی مان و نەمان لە پێگەیان و مۆدێلی ئابووری و سیاسییان بکات. ڕەنگە ڕووسیا توانای ئەوەی هەبێ ڕێگە لە هێرشی سەربازیی ئەمریکا لەدژی ئێران بگرێ، بەڵام تا ئێستا نەیویستووە خۆی تێکەڵ بە کێشەکە بکات. هەڵوێستی چین گرنگە، ئەگەر چین ئامادە نەبێ پابەندی سزاکانی ئەمریکا بێ، ئەوە کاریگەریی سزاکان زۆر کەم دەبێتەوە، هەڵبەت هەتا ئێستا دیار نییە ئاخۆ بەیجینگ دەیەوێ بەرەیەکی نوێی ململانێ لەگەڵ واشنتن بکاتەوە یان نا.

> هەولێر بە سیاسەتکردن لە بەغدا دەتوانێ هاوپەیمانی دەستبکەوێ

**ڕووداو: لە زۆر بۆنەدا حکومەتی عێراق جەختی لەوە کردووەتەوە کە دەیەوێ لە ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکادا بێلایەن بێ، بەڵام هاوکات پەیوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ هەردوو لایەن بپارێزێ. ئایا عێراق دەتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر ئەم ڕێچکەیە بەردەوام بێ؟ کاریگەریی درێژماوەی ململانێی نێوان واشنتن و تاران لەسەر ئاسایش و سیاسەتی عێراق چی دەبێ؟**

**هایکۆ ڤیمەن:** گومانی تێدا نییە کە

> هەوڵەکانی بەغدا و هەولێر دەبێ دامەزراوەیی بکرێن، نەک لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی کەسە سیاسییەکان بن

هێشتنەوەی پەیوەندییە ستراتیژییەکان لەگەڵ هەردوو لایەنی ململانێکە مامەڵەکردنێکی زیرەکانەیە. بەڵام ئەستەمە وێنای ئەوە بکەین کە عێراق لەسەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوام بێ، ئەگەر ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران توندتر ببن. لەو حاڵەتەدا، وجودی ئەمریکا لە عێراق و بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و واشنتن دەبنە خاڵی ناکۆکی لە سیاسەتی نێوخۆی عێراقدا کە دەکرێ بڵێین چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییە مەحاڵ دەبێ. ئاکامی ئەمە چەقبەستنی سیاسی و ئیفلیجبوونی حوکمڕانییە، ئەمەش ڕەنگە دەرگای ناسەقامگیرییەکی نوێ لە عێراق بکاتەوە. بەغدا دەبێ ئاماژەی ڕوون بۆ واشنتن و وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش بنێرێ کە ئەم جۆرە سیناریۆیانە زیانی گەورە بە سەقامگیری عێراق دەگەیەنێ، وەک چۆن زیان بەو هەوڵانە دەگەیەنێ کە بۆ پتەوکردنی سەرکەوتنەکانی هەڵمەتی دژی داعش دراون. بەغدا دەبێ هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکانی بەهێزتر

> ئەستەمە عێراق بتوانێ تاسەر لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا بێلایەن بێ

بکات و پەیوەندییە ئابوورییەکانی فرەلایەن بکات، تاوەکو دەرئەنجامی سیاسەتی "ئەوپەڕی گوشار"ی (ئابووریی ئەمریکا لەدژی ئێران) بەر عێراق نەکەوێ، عێراق هەروەها دەبێ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران هاوسەنگ بکاتەوە، ئەوەش لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەبێ.

# هەڵامەتتە یان ئەنفلەوەنزا؟

ڕووداو- وێبمێد

لەگەڵ گۆڕانی وەرزەکان بەگشتی و هاتنی وەرزی پایز بەتایبەتی، ئەگەری تووشبوون بە پەتا وەرزییەکان زیاتر دەبێ، هەڵامەت و ئەنفلەوەنزا دوو لە بەربڵاوترین ئەو نەخۆشییانەن کە لەگەڵ دابەزینی پلەی گەرما مەترسیی تووشبوونیان زیاد دەکات.

بەهۆی لێکچوونی نیشانەکانیان زەحمەتە بتوانرێت جیاوازی بکرێت لەنێوان هەڵامەت و ئەنفلەوەنزا، هەرچەندە هۆکاری هەردوو نەخۆشییەکە ڤایرۆسە، بەڵام دوو نەخۆشیی جیاوازن.

زیاتر لە 200 جۆری ڤایرۆس بەرپرسن لە تووشبوون بە هەڵامەت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تووشبوون بە هەڵامەت سووکترە بەراورد بە تووشبوون بە ئەنفەلەوەنزا. کەسی تووشبوو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک هەست بە ئازاری قوڕگ، کۆکە، پژمین، هاتنی ئاو لە لووت و سەرئێشە دەکات. ئەم نیشانانە بۆ ماوەی هەفتەیەک دەمێننەوە. لە سێ ڕۆژی یەکەمدا مەترسیی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە بۆ دەوروبەر زۆرە، ئەگەر بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک نیشانەکانی نەڕۆیشتن و کەسەکە هەستی بە باشبوون نەکرد، مانای ئەوەیە هۆکاری هەڵامەتەکە بەکتریایە نەک ڤایرۆس.

ئەنفلەوەنزا بەهۆی ڤایرۆسی ئەنفلەوەنزاوە تووش دەبی کە چەند جۆرێکی هەیە، نزیکەی هەمان نیشانەکانی هەڵامەتی هەیە، بەڵام حاڵەتەکە توندترە و لەگەڵیشیدا تا و ئازاری ماسولکەش دەبێت.

ئەوکەسەی تووشی هەڵامەت یان ئەفلەوەنزا دەبێت زۆر گرنگە پشوو بدات، چونکە پشوودان و خواردنی خۆراکی تەندروست وا دەکەن لە ماوەیەکی کەمدا چاکببیتەوە بەبێ ئەوەی سەردانی پزیشک بکەی، بەڵام هەندێک حاڵەتی وەکو تا و لەرزێکی توند و بەردەوام، کۆکەی بەردەوام، سنگئێشە، هەناسەتەنگی و سەرئێشەیەکی توند، پێویستی بە سەردانی پزیشک هەیە.





# کەی جووڵەی کۆرپەلە دەستپێدەکات؟

ڕووداو- وێب مێد

یەکێک لە خۆشترین ساتەکان بۆ خانمان لە ماوەی دووگیانیدا، ئەو کاتەیە کە هەست بە یەکەم جووڵەی کۆرپەکەی دەکات، ئەم جووڵەیە هەستێکی خۆشەویستی لەنێوان دایک و کۆرپەکە دروستدەکات.

یەکەم جووڵەی کۆرپە لەنێوان 16- 25 هەفتەی دووگیانیدا دەبێت، ئەگەری خانمێک لە یەکەم دووگیانیدا بێت، لەوانەیە تاوەکو نزیک هەفتەی 25 هەست بە جووڵەی منداڵەکەی نەکات، بەڵام لە دووەم و سێیەم دووگیانیدا، هەندێک لە خانمان لە هەفتەی 13هەمینەوە هەست بە جووڵەی منداڵەکەیان دەکەن. ئەوەش زیاتر لە کاتی دانیشتن و پاڵدانەوە هەستی پێ دەکەن.

بۆ خانمانی دووگیان تۆزێک زەحمەتە بتوانن وەسفی یەکەم جووڵەی منداڵەکەیان بکەن، بەڵام دوای ئەوە دەتوانن جیاوازی بکەن لەنێوان جووڵەی کۆرپەکەیان و کردارەکانی دیکەی نێو کۆئەندامی هەرس.

توێژینەوەکان دەریانخستووە، لە سێ مانگی یەکەمی دووگیانیدا جووڵەی کۆرپە کەمە، دواتر بەرە بەرە زیاتر دەبێت تاکو وای لێدێت لە سێ هەفتەی کۆتایی دووگیانی، کۆرپەلە لە هەر کاژێرێکدا 30 جار دەجووڵێت.

کۆرپەلە زۆرترین جووڵەی لەنێوان کاژێر نۆی شەو بۆ یەکی دوای نیوەشەوە، ڕێک ئەو کاتەی دایکەکە دەیەوێت بخەوێت.

پزیشکانی خانمان و منداڵبوون بە پێویستی دەزانن خانمانی دووگیان هەمیشە ئاگاداری جووڵەی کۆرپەلەکەیان بن و هەر جووڵەیەکی تۆمار بکەن، بۆ ئەوەی لە حاڵەتی کەمبوونەوەی جووڵەی بە زووترین کات سەردانی پزیشک بکەن.

نەجووڵانی کۆرپەلە یان کەمبوونەوەی جووڵەکانی، هۆکاری زۆری هەن، بڵاوترینیان بریتین لە خەوتنی منداڵەکە، بەڵام بە درێژایی ڕۆژ ئەگەر لە ماوەی دوو کاژێر دایکەکە هەستی بە 10 جووڵەی کۆرپەکەی نەکرد، باشترە پزیشکەکەی ئاگادار بکاتەوە.

# ئەو خووانەی زیان بە مێشک دەگەیێنن



ڕووداو- برایت ساید

مێشک یەکێکە لە هەستیارترین و ئاڵۆزترین ئەندامەکانی جەستە کە کێشی لەنێوان 1-1.5 کیلۆگرامە و 200 ملیار دەمارەخانەی تێدایە. مێشک ناوەندی کۆنترۆڵکردنی ئەندامەکانی لەشە، بەڵام هەندێک لەو خووانەی ڕۆژانە پێیانەوە خەریک دەبین، زیانێکی زۆر بە مێشک دەگەیێنن، لەوانە:

- کەمیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:

توێژینەوەیەکی زانکۆی میشیگان لە ئەمریکا دەریخستووە ئەوانەی ڕۆژانە بۆ ماوەی 10 خولەک گفتوگۆ لەگەڵ دەوروبەریان دەکەن و تێکەڵاویی کۆمەڵایەتییان باشە، توانای مێشکیان باشتر دەبێت.

- زۆر خواردنی شەکر:

زۆر توێژینەوە دەریانخستووە، زۆر خواردنی شەکر دەبێتە هۆی ڕێگەگرتن لە دروستبوونی (BDNF) کە ئەم فاکتەرە بەرپرسە لە دروستکردنی دەمارەخانەکان، دروستنەبوونیشی هۆکارێکە بۆ کەمبوونەوەی توانای یادەوەری و فێربوون.

- نەخواردنی ژەمی بەیانی:

پزیشکان هەمیشە جەخت لەسەر خواردنی نانی بەیانی دەکەنەوە. توێژینەوەیەکی پزیشکانی زانکۆی کاردیف کە لەسەر پێنج هەزار منداڵ کراوە، دەریخستووە ئەو منداڵانەی ژەمی بەیانیان دەخۆن لە قوتابخانە زیرەکترن و توانای فێربوونیان باشترە لەچاو ئەوانەی ژەمی بەیانی ناخۆن، چونکە پشتگوێخستنی ژەمی بەیانی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی شەکر لە خوێندا و ئەمەش بە نەرێنی کار دەکاتە سەر فرمانی مێشک.

- خۆراک و خواردنەوەی سارد:

خواردن و خواردنەوەی هەر شتێک کە سارد بێت، هۆکارێکە بۆ سەرئێشە، چونکە خۆراکە ساردەکان لوولەکانی خوێن گرژ دەکەن و دواتر جەستە بۆ هاوسەنگ ڕاگرتنی پلەی گەرما، هەوڵدەدات لوولەکانی خوێن خاو بکاتەوە، ئەو میکانیزمەش سەرئێشە دروستدەکات.

- خواردنەوەی کحول:

پەیوەندیی نێوان دەمارەخانەکان ناهێڵێت، بەڵام بە وازهێنان لە کحول ئەم کاریگەرییە نامێنێ.

# چوار ڕێگە بۆ نەهێشتنی قەبزی



ڕووداو- برایت ساید

قەبزی زۆر هۆکاری هەیە. لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا ساڵانە زیاتر لە 250 ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی دەرمانەکانی کەمکردنەوەی قەبزی خەرج دەکرێت. ڕۆژانە کەمخواردنی ئەو خۆراکانەی بە ریشاڵ دەوڵەمەندن یان کەمخواردنەوەی ئاو لەو هۆکارە بەربڵاوانەن کە بەهۆیەوە بەشێکی خەڵکی بەدەست قەبزییەوە دەناڵێنن، بەم چەند ڕێگەیە ئەگەری قەبزی کەمبکەرەوە:

## چای لیمۆ:

ئامادەکردنی چا و دانانی پارچە لیمۆیەک لەنێوی و تێکەڵکردنی لەگەڵ هەنگوین، یەکێکە لەو ڕێگەیانەی قەبزی ناهێڵێت. هەنگوین بەشێوەیەکی سروشتی کاریگەریی دەرمانی نەهێشتنی قەبزی هەیە و لیمۆش پرۆسەی هەرس چالاک دەکات و جەستە لە ژەهر پاکدەکاتەوە.

## شلەمەنی:

ڕۆژانە پیاوان دەبێت لانیکەم 3.5 لیتر و خانمانیش 2.7 لیتر ئاو بخۆنەوە، زۆر خواردنەوەی ئاو جگە لەوەی پرۆسەی هەرس ئاسان دەکات، یارمەتی بەئاسانی دەرچوونی پیسایی دەدات، خواردنەوەی شەربەتە سروشتییەکانیش سوودی هەیە لە نەهێشتنی قەبزی، بەتایبەتی شەربەتی سێو و هەرمێ.

## ریشاڵە خۆراکییەکان:

ڕۆژانە دەبێت لانیکەم 20-35 گرام ریشاڵی خۆراکی بخورێت، وەرگرتنی ریشاڵەکان یەکێکە لە ڕێگە کاریگەرەکانی نەهێشتنی قەبزی، ئەو خۆراکانەی بە ریشاڵە خۆراکییەکان دەوڵەمەندن بریتین لە میوەکان بەگشتی، سێو، هەرمێ و هەنجیر بەتایبەتی و هەروەها پاقلەمەنییەکان.

## خواردنی ماست:

پزیشکان دەڵێن ئەوانەی قەبزییان هەیە، باشترە لە خواردنی بەرهەمە شیرەمەنییەکان دووربن، بەڵام ئەمە ماست ناگرێتەوە، ماست بە پرۆبایۆتیکەکان دەوڵەمەندە کە بەکتریای سوودبەخشن. توێژینەوەکان دەریانخستووە خواردنی ماست ئازاری کاتی دەرچوونی پیسایی کەمدەکاتەوە.

# لێکەوتەکانی سڕکردنی گشتی

ڕووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی

سڕکردنی گشتی مانای ئەوە دەگەیێنێت کە بۆ ماوەیەک هۆشت نامێنێ، ئەمەش ڕێگە بە پزیشکی نەشتەرگەر دەدات تاوەکو نەشتەرگەری بکات بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ شتێک بکەی. سڕکردنی گشتی بە چەند جۆرێک بە نەخۆش دەدرێت لەڕێگەی خوێنهێنەرەکان یان لەڕێگەی ماسکێکەوە کە نەخۆش دەرمانەکە هەڵدەمژێت.

مێژووی سڕکردنی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1842 کاتێک کراوفۆرد یەکەم نەشتەرگەری بە سڕکردنی گشتی کرد، ئەویش بە پێدانی دەرمانی (دایئێسیل).

سڕکردنی گشتی بێ زیان نییە، لەوانەیە دواتر لێکەوتەکانی لەسەر نەخۆشەکە دەربکەون، بۆیە دەبێت بەر لە نەشتەرگەری، پزیشک نەخۆشەکە لە هەموو لێکەوتەکانی نەشتەرگەری بەگشتی و سڕکردن بەتایبەتی ئاگادار بکاتەوە و ڕەزامەندی لێوەربگیرێت.

مەرج نییە هەموو کەسێک کە نەشتەرگەری لەژێر سڕکردنی گشتی بۆ دەکرێت، هەست بە لێکەوتەکانی دەرمانە سڕکەرەکان بکات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لێکەوتە نەخوازراوەکانی سڕکردنی گشتی بریتین لە: گێژبوون، بە زەحمەت میزکردن، ڕشانەوە، هێڵنجدان، لەرز و ئازاری قوڕگ.

هەر نەخۆشێک بەر لە نەشتەرگەری دەبێت لەلایەن پزیشکەوە ببینرێت، بەتایبەت ئەوانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە، وەک بەرزەپەستانی خوێن، شەکرە یان ئەوانەی قەڵەون، جگەرەکێشن، کحول دەخۆنەوە یان هەندێک دەرمان وەردەگرن، لەوانەش ئەسپرین.

سڕکردن چەند جۆرێکی هەن، سڕکردنی لۆکاڵی کە ئەم جۆرەیان زیاتر لە پرۆسە سادەکاندا بەکاردەبرێت، سڕکردنی نیوەیی ئەم جۆرەیان بەشێکی جەستە دەگرێتەوە، بۆ نموونە لە نەشتەرگەری منداڵبوون دەکرێت ئەم ڕێگەیە بەکارببرێت و سڕکردنی گشتی کە هەموو جەستە دەگرێتەوە.



# داهاتووی ئیدلب..
# دەسەڵاتێکی تەکفیری یان کوشتارێکی بە کۆمەڵ



**رووداو - هەولێر**

پێنجەم کۆبوونەوەی سێ قۆڵیی سەرکردەکانی رووسیا، ئێران و تورکیا هیچ هەواڵێکی خۆشی بۆ ئیدلب تێدا نەبوو کە بە دوایین بنکەی شۆڕشی هەشت ساڵەی سووریا لە قەڵەم دەدرێ. خەڵک و ئاوارە نیشتەجێیەکانی ناوچەکە بەدەست دەسەڵاتی سەرکوتکەری هەیئەی تەحریری شامەوە دەناڵێنن. لە کاتێکدا دەشزانن گەڕانەوەی هێزەکانی دیمەشق بۆ ئیدلب کوشتاری بە کۆمەڵ و تاڵانی بەدواوەیە.

هەیئەی تەحریری شام کە رەگوڕیشەی بۆ ئەلقاعیدە دەگەڕێتەوە، بیانووی سەرەکیی رووسیا و رژێمی سووریایە بۆ هێرشەکانی چەند مانگی رابردوویان بۆ سەر پارێزگای ئیدلب. هەیئە بەهێزترین گروپی ئۆپۆزیسیۆنی سووریایە و ئێستا لە چوارچێوەی حکومەتی رزگاریدا حوکمی ئیدلب دەکات کە بە خەڵکی رەسەن و ئاوارەی پارێزگاکانی دیکەوە نزیکەی سێ ملیۆن کەسی تێدا دەژی.

هەتا ساڵێک لەمەوبەریش خەڵک جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێوان هەیئەی تەحریری شام و گروپە تەکفیرییەکانی دیکەدا نەدەبینی، بەڵام رەفتاری ئەو گروپە لە چەند مانگی رابردوودا گۆڕاوە و سازشی لەسەر کۆمەڵێک بنەمای ئایدیۆلۆژیی خۆی کردووە. هۆکارێکی ئەم گۆڕانکارییە راگرتنی دڵی خەڵکی ناوچەکەیە، هۆکارەکەی دیکەشی راگرتنی دڵی ئەو هەزاران چەکدارەیە کە هەیئە لە گروپە میانڕەوترەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریاوە بۆی هاتوون.

مازن یەکێکە لەو چەکدارانە کە لە 2018 و دوای تێکشکانی هێزەکانی سوپای ئازادی سووریا لە نزیک دیمەشق، بە ناچاری رووی لە ئیدلب کردووە. مازن کە ریشی لووس کردووە، بە دەم قوم لێدان لە جگەرەکەی بە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکی دەڵێ: "کاتێک لە دیمەشق بووم وامدەزانی هەیئەی تەحریری شام وەک داعشە، کەسیان جگەرە ناکێشێ و هەموو لەو جلە ئیسلامیانەیان لەبەرە، بەڵام کاتێک هاتینە ئیدلب، هیچکام لەو شتانەمان نەبینی".

بەڵام ئەم ئاسانکارییانە وایاننەکردووە خەڵکی ناوچەکە بە گەشبینییەوە سەیری داهاتووی پارێزگاکە بکەن لە ژێر دەسەڵاتی هەیئەدا، هۆکارێکی ئەوەش بۆ زەبر و زەنگی دەسەڵاتی ئەمنیی حکومەتی رزگاری دەگەڕێتەوە کە بەگوێرەی راپۆرتی تۆڕی مافەکانی مرۆڤی سووریا رفاندن و لەسێدارەدانی نارازاییەکان لەلایەن دەسەڵاتی ئەمنیی هەیئەوە بەردەوامە. رێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤیش باس لە ئەشکەنجەی گیراوان لە گرتووخانەکانی ئەو گروپەدا دەکات.

لە کۆبوونەوەی لوتکەی هەفتەی رابردووی ئەنقەرە، فلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا و حەسەن روحانی، سەرۆککۆماری ئێران و رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا جەختیان لەسەر هێورکردنەوەی دۆخی ئیدلب کردووە، بۆ ئەوەی هەم رێگە لە قەیرانی مرۆیی و ئاوارەبوونی خەڵکی پارێزگاکە بگیرێ و هەم هێزەکانی تورکیا و سووریا تووشی پێکدادان نەبن.

> ”شەڕی ناوخۆ لە نێوان گروپە تەکفیرییەکانی ئیدلب ئەگەرێکی بەهێزە“

تورکیا و رووسیا رایانگەیاند هەردوو لایەن پابەند دەبن بە رێککەوتنەکەی سۆچی کە لە هاوینی 2018 راگەیەندرا. ئەم رێوشوێنە تەمەنی دەسەڵاتی هەیئەی تەحریری شام درێژ دەکاتەوە.

زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی پارێزگای ئیدلب ئاوارەی پارێزگاکانی دیکەن کە بە چاوی خۆیان هەڵمەتی هێزەکانی لایەنگری بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانیان بینیوە. ئەوانەش کە خزم و کەسیان ئامادە نەبووە بێتە ئیدلب، لە لێدواندا بۆ گۆڤارە ئەمریکییەکە باس لە دەسەڵاتی سەرکوتکەری هێزەکانی لایەنگری رژێم لە ناوچە کۆنترۆڵکراوەکان دەکەن و ترسی ئەوەیان لێنیشتووە ئەوانیش رووبەڕووی دەستگیرکردنی هەڕەمەکی، ئەشکەنجە، شوێنبزری و رەوانەکردنی زۆرەملێ بۆ ناو سوپا ببنەوە.

مۆسکۆ هاوشێوەی ئەنقەرە، بەڵام بە هۆکاری جیاواز پێی باشە دۆخی ئیدلب هێور بکرێتەوە، یەکێک لە هۆکارەکانیش بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و دوورخستنەوەی ئەو وڵاتە لە بەرەی رۆژئاوا دەگەڕێتەوە. لە لایەکی دیکەوە رووسیا نایەوێ جیهادییەکانی پارێزگای ئیدلب بە ناوچەکانی دیکەی سووریادا بڵاوببنەوە.

هەرچی تورکیایە لەوە دەترسێ لە حاڵەتی چڕبوونەوەی هێرشی سوپای ئەسەد، سەدان هەزار کۆچبەری دیکەی سووریا ئاوارەی تورکیا ببن، لە درێژخایەنیشدا پێگەی حکومەتی تورکیا و ئاکپارتی لە نێوان گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سوننەی سووریادا لاواز ببێ.

یەکێک لە برگەکانی رێککەوتنەکەی سۆچی دەرکردنی چەکدارانی هەیئە لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگای ئیدلب بوو، بەڵام لە یەک ساڵی رابردوودا پێگەی هەیئە لە جاران بەهێزتر بووە. لێدوانی کاربەدەستانی هەیئە دەریدەخات هاوئاهەنگیی لە نێوان هێزەکانی تورکیا و چەکدارانی هەیئەدا هەیە.

ئەبوو ئیمان، فەرماندەیەکی حەلەبیی هەیئەی تەحریری شام، لەوبارەوە بە (فۆرین پۆڵسی) دەڵێ: "ئێمە دژی هاتنە ناوەوەی تورکەکان بووین، بەڵام ئەوە شتێک بوو بەسەرماندا سەپێنرا. ئەگەر رێگەمان نەدەدا تورکەکان بێنە ناوەوە، ئەوە ناوچەکە بۆردومان دەکرا. رێگەمان دا بێنە ناوەوە، بۆ ئەوەی ناوچەکە پارێزراو بێ".

ئەم هەڵوێستە لەسەر هەیئەی تەحریری شام (بەرەی نوسرەی جاران)، قورس کەوتووەتەوە و دوور نییە شەڕ لە نێوان ئەو گروپە و گروپە جیهادییەکانی دیکە هەڵگیرسێنێتەوە. مستەفا، چەکدارێکی گروپی حیزبولتەحریر، دەڵێ "فەرماندەکانی هەیئە لە بڕیارەکانیاندا سەربەخۆ نین، ئەوان بۆ ئارامکردنەوەی تورکیا پاشەکشێش دەکەن".

مستەفا بەنیازە ئەمجارە لەدژی هەیئەی تەحریری شام شەڕ بکات، چونکە پێیوایە خۆیان فرۆشتووە.

تورکیا لە یەک ساڵی رابردوودا هەوڵیداوە خاڵی زیاتر لە هەیئە وەربگرێ، لەوانەش کردنەوەی رێگەی نێوان حەلەب و لازقیە و پێدانی رۆڵی زیاتر بەهێزەکانی نزیک لە تورکیا، لەبەرامبەریشدا تورکیا گەرەنتی ئاگربەستیان دەداتێ، هەرچەند ئاسان نییە هەیئە بتوانێ گروپەکانی دیکەی پارێزگاکە بەو رێککەوتنە قایل بکات.

وەک مستەفا بە راپۆرتەکە دەڵێ: "شەڕی نێوخۆیی گەورە بەڕێوەیە. تورکیا فەرمان بە هەیئەی تەحریر و گروپەکانی دیکە دەکات حوڕاسوددین و ئەنسارودین و ئەنسارو تەوحید بسڕنەوە، چونکە گروپە جیهادییەکان ئامادە نین گوێڕایەڵی تورکەکان بن". ئەم ئەگەرەش مەترسییەکی نوێ لەسەر دانیشتووانی ناوچەکە دروست دەکات.

# هێرشی سەر ئارامکۆ، ئەمریکا دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێ

> ”ئیدارەی ئەمریکا سوورە لەسەر ئەوەی بەشداریی سەربازیی خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەم بکاتەوە“

**رووداو - هەولێر**

لە ئابی 1990 هێزەکانی رژێمی سەدام حوسێن کوەیتیان داگیرکرد و رووی تانکەکانیان لە سعودیە کرد. ئەوکات ئەمریکا هاوپەیمانییەکی گەورەی بۆ هەڵگەڕاندنەوەی دۆخەکە پێکهێنا. سێ دەیە دواتر سعودیە جارێکی دیکە بووەتەوە ئامانجی هێرش، بەڵام ئەمجارەیان ئەمریکا بێدەنگ دیارە. شارەزایان پێیانوایە کاردانەوەی ئەمجارەی واشنتن دەریدەخات ئاخۆ ئاسایشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک بەشێک لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەمریکا ماوە، یان ئەمریکا رێی دەرچوون لەو ناوچەیەی گرتووەتەبەر.

هەفتەی رابردوو 17 مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دوو دامەزراوەی نەوتی خورەیس و بەقیقیان لە رۆژهەڵاتی سعودیە کردە ئامانج و بەوەش نیوەی بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوتی سعودیەیان راگرت. حوسییەکان هەر زوو بەرپرسیارێتی هێرشەکانیان گرتەئەستۆ، بەڵام ریاز و واشنتن بەرپرسیارێتی هێرشەکان دەخەنە ئەستۆی ئێران.

بەرپرسێکی ئەمریکی بە رۆژنامەی (واشنتن پۆست) دەڵێ: "حکومەتی ئەمریکا لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیە کاردەکات کە هێرشەکان لە یەمەنەوە نەکراون، حووسییەکان دەستیان لە هێرشەکەدا نییە و ئەوان نەبوون". یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو گریمانەیەش ئەوەیە هێرشەکان لە ئاستێکی پێشکەوتوودا بوون.

لە ناوەڕاستی ئایاری ئەمساڵەوە پێنج هێرش کراونەتە سەر دامەزراوە سەرەکییەکانی نەوتی سعودیە، جگە لەوەش چەند جارێک کێشەی بۆ گواستنەوەی نەوت لە رێڕەوی هورمز دروستکردووە و درۆنێکی ئەمریکیشی خستەخوارەوە، بەڵام هێرشەکەی 14ی ئەیلول هەم لەرووی ئاڵۆزی و هەم لەرووی زیانەوە بێ وێنە بوو.



هەفتەی رابردوو 17 مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دوو دامەزراوەی نەوتی سعودیەیان کردە ئامانج (فۆتۆ: AFP)

هەفتەی رابردوو، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، رایگەیاند بژارەکان بۆ وەڵامدانەوەی ئێران زۆرن، بەڵام لێدان و شەڕ لە بژارەکاندا نین. وڵاتانی کەنداو بەو هەڵوێستە دڵخۆش نین. وەک عەبدولخالق عەبدوڵڵا، زانای سیاسی ئیماراتی، بە رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی دەڵێ: "وەڵامی ترەمپ بۆ ئێران لە هی ئۆباماش خراپترە". ئێران لەژێر گوشاری سزا ئابوورییەکانی ئەمریکادایە کە کەرتی وزە و پیشەسازی و بازرگانیی ئێرانی کردووەتە ئامانج و رێژەی هەڵاوسانی ئابووری ئێرانی گەیاندووەتە سەرووی 40%. عەبدوڵڵا پێیوایە هێرشەکانی ئەم دواییەی ئێران بەهۆی سیاسەتی ترەمپ لەدژی ئەو وڵاتەن، کەچی "گوێمان لێدەبێ ئەمریکییەکان پێمان دەڵێن ئێوە دەبێ خۆتان بەرگری لە خۆتان بکەن".

رۆژی پێنجشەممەی رابردوو بەرپرسانی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا کۆبوونەوە تاوەکو کۆمەڵێک ئامانج بۆ ئەو حاڵەتە دیاریبکەن کە ترەمپ بڕیاری هێرش بۆ سەر ئێران دەدات، بەڵام رۆژێک پێشتر مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، رەوانەی کەنداو کرابوو بۆ ئەوەی "چارەسەرێکی ئاشتیانە" بۆ دۆخەکە بدۆزێتەوە.

پۆمپیۆ رایگەیاند: "ئێمە هاتووینەتە ئێرە بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەک دروست بکەین کە ئامانج لێی گەیشتنە بە ئاشتی و چارەسەری ئاشتیانە، ئەمە ئەرکی منە و ئەوە ئەو شتەیە کە سەرۆک ترەمپ فەرمانی پێکردووم کاری بۆ بکەم، هیوادارم کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بە هەمانشێوە سەیری ئەو مەسەلەیە بکات".

بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکی بە ئاژانسی (رۆیتەرز)یان راگەیاندووە کە دەیانەوێ توانای بەرگریی مووشەکیی سعودیە بەرزبکەنەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هێرشی لەو جۆرە روونەداتەوە.

هەفتەیەک پێش هێرشەکانی سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعودیە، ترەمپ جۆن بۆڵتنی لە پۆستی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی لادا. بەگوێرەی میدیای ئەمریکی هۆکاری لادانەکە ئەوە بوو کە ترەمپ داوای لە کۆشکی سپی کردبوو ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی لەگەڵ حەسەن روحانی، سەرۆککۆماری ئێران بکەن. بۆڵتن دژی ئەو هەنگاوە بوو.

ستیڤن کوک، شارەزای سیاسەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەنجوومەنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا (CFR)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە حەوت دەیەی رابردوودا سێ فاکتەری سەرەکی شکڵ و شێوەیان بە سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست داوە: یەکەمیان پاراستنی رێگاکانی گواستنەوەی سەرچاوەکانی وزەیە. دووەمیان پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلە و سێیەمیان کۆمەڵێک رێوشوێنە کە هیچ وڵات یان لایەنێک نەتوانێ گرفت بۆ دوو فاکتەرە ستراتیژییەکەی دیکە دروستبکات.

کوک پێیوایە هێرشەکانی هەفتەی رابردووی سعودیە گرنگن، نەک هەر لەبەرئەوەی دەریدەخەن ئاخۆ سەرچاوەکانی وزەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و رێڕەوی گواستنەوەیان بۆ ئەمریکا گرنگە یان نا، بەڵکو لەوێشەوە گرنگن کە دەریدەخەن: "ئاخۆ ئەمریکا بەڕاستی خەریکە بە تەواوەتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکشێتەوە، وەک زۆر کەس گومان دەکەن؟". بە مانایەکی دی، کاردانەوەی ئەمریکا دەریدەخات رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سەرچاوەکانی وزە چ پێگەیەکیان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا هەیە.

بە بۆچوونی لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە، ئەگەر ئەمریکا کاردانەوەی توندی بەرامبەر خستنەخوارەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەی لەلایەن ئێرانەوە هەبووایە، تاران بەو ئاسانییە بیری لە هێرشکردنە سەر بەقیق و خورەیس نەدەکردەوە. کوک پێیوایە "ئەمریکا دوو رێگەی لە پێشە، یان ئەوەتا وەڵامی سەربازی هەبێ یان بارگە و بنەی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کۆبکاتەوە".

ئیدارەی ئێستا و پێشووی ئەمریکا سوورن لەسەر ئەوەی بەشداری سەربازیی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەم بکەنەوە، ئەزموونی شەڕی 2003ی عێراق و قەیرانەکانی دوای ئەو شەڕە هۆکارێکی سەرەکیی دروستبوونی ئەو هەڵوێستەن.

هەر چەند لێدانی عێراق و هەنگاوەکانی دواتری ئیدارەی ئەمریکی بۆشاییەکی گەورەی لە عێراق دروستکرد و رێگەی بۆ سەرهەڵدانی شەڕی تایفی و بەهێزبوونی ئەلقاعیدە خۆشکرد، بەڵام شارەزایان پێیانوایە دەستەوەستانبوون لە ئاست رووداوەکانی سعودیە دۆخی ناوچەکە زیاتر تێکدەدات.

بیلال سەعب، راوێژکاری باڵای وەزارەتی بەرگری لە ئیدارەی پێشوو و لێکۆڵەر لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێیوایە ئەمریکا دەبێ هاوسەنگییەک لە نێوان ئارەزووی دەرچوون لە زەلکاوی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پابەندی بەرامبەر هاوپەیمانە عەرەبەکانیدا دروستبکات، چونکە ئەگەر ئەمریکا دەستەوەستان دانیشێ: "ئێران دەگاتە ئەو بڕوایەی دەتوانێ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەنگاوەکانی خۆی بنێ، بێ ئەوەی هیچی بەسەر خۆی بێ".

سەعب پێیوایە کۆنترۆڵ و جڵەوکردنی ئێران کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ ئێران دەیکات بەرهەمی 40 ساڵ ئامادەکاری ئەو وڵاتەیە لە ناوچەکەدا، بۆیەش "هیچ دەستپێشخەرییەکی ئەمریکا، چەندە گەورە و زیرەکانەش بێ، ناتوانێ لە داهاتوویەکی نزیکدا هەنگاوەکانی ئێران سفر بکاتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر ئەمریکا بیەوێ بەتەنیا ئەمە بکات".

بەشێکی زۆری نەوتی کەنداو بۆ وڵاتانی ئاسیا و یەکێتیی ئەورووپا دەچێ، لەوانەش چین کە دووەم گەورەترین ئابووری جیهان و وڵاتێکی نزیک لە ئێران و سعودیەشە. جگە لەوە رووسیاش پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ هەردوو بەرەی ناکۆکییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە. سەعب جەخت دەکاتەوە لەوەی هەوڵێکی نێودەوڵەتی بە بەشداری چین، ئەورووپا و رووسیا پێویستە بۆ ئەوەی "لە داهاتوودا رێگە لە هێرشێکی دیکە و تێکچوونی زیاتری دۆخی ناوچەکە بگیرێ".

**لێکۆڵەرێکی ئەمریکی:**

> جڵەوکردنی ئێران ئاسان نییە و ئەوەی ئەمڕۆ دەیکات بەرهەمی **40** ساڵ ئامادەکاریی پێشترە

## خۆپیشاندان لەپێناوی ژینگە و کەشوهەوا

# کچێک دەیەوێ گۆی زەوی لە خنکان رزگار بکات

**رووداو - هەولێر**

کۆتایی هەفتەی رابردوو، چەندین ملیۆن کەس لە سەرتاسەری جیهان رژانە سەر شەقامەکان و داوایان لە سەرکردەکانی وڵاتەکانیان کرد هەنگاوی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا بنێن. ئیلهامبەخشی هەموو ئەو خۆپیشاندانانە کچێکی چالاکی تەمەن 16 ساڵی سوێدییە بەناوی گرێتا تونبێرگ کە ساڵێک لەمەوبەر بزووتنەوەیەکی جیهانیی لاوانی بۆ پاراستنی ژینگە راگەیاند.

بۆ یەکەمجار لە یەک ساڵی رابردوودا، گەنجان داوایان لە کەسانی پێگەیشتوو کرد لە هەڵمەتەکەیاندا بەشداری بکەن. رۆژی هەینی سەندیکاکان ئەندامانی خۆیان رەوانەی خۆپیشاندانەکان کرد، فەرمانبەران شوێنی کاریان جێهێشت و چوونە پاڵ خۆپیشاندەران. لە زیاتر لە 180 وڵاتی جیهان خۆپیشاندان بەڕێوەچوو.

هەر وڵاتێک بەپێی نیگەرانییەکانی خۆی لە ژینگە و کەشوهەوا پەیامی خۆی هەبوو، لە هەندێک وڵات فۆکەس لەسەر توانەوەی سەهۆڵ و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریا بوو، لە هەندێک ناوچەی دیکە خەڵک نیگەرانی بەرزبوونەوەی قەبارەی پاشماوە ژەهراوییەکان بوون. لە هیندوستان پاشماوەی پلاستیک کرابووە ئامانجی خۆپیشاندان. لە ئوستراڵیا فراوانبوونی کەرتی بەرهەمهێنانی سووتەمەنیی خەڵووز مایەی نیگەرانی بوو.

خۆپیشاندانەکان لە کاتێکدا بەڕێوەدەچن کە ساڵی رابردوو رێژەی دەردانی کاربۆن گەیشتبووە ئاستێکی پێوانەیی، ئەوەش لە کاتێکدایە کە پانێڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا هۆشداری داوە لەوەی جیهان تەنیا 10 ساڵی لەبەردەم ماوە بۆ ئەوەی رێژەی دەردانی کاربۆن کەمبکاتەوە و ژینگە لە وێرانبوون بپارێزێ.

هەڵمەتەکەی هەینی، لە دوورگەکانی زەریای هێمنەوە دەستیپێکرد، دواتر ئوستراڵیا، ژاپۆن و وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیای گرتەوە، لەوێشەوە ئەورووپا و ئەفریقا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتەوە و دواجاریش لە نیویۆرک کۆتایی هات کە تێیدا خۆپیشاندەران هاواریان دەکرد "هەسارەکەمان رزگار بکەن".

تونبێرگ بۆ ئەو رۆژە لە نیویۆرک بوو کە بڕیارە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیە میوانداریی کۆبوونەوەی لوتکەی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکان بکات. کۆبوونەوەکە لەسەر داوای ئەنتۆنیۆ گوتێرێز، ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەدەچێ، بۆ ئەوەی بەرزبوونەوەی گەرمای گۆی زەوی لە 1.5 پلەی سیلیسیۆسدا رابگیرێ، وەک ئەوەی لە رێککەوتنی 2015ی پاریسدا بڕیاری لەسەر دراوە.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، بڕیاری داوە لە کۆبوونەوەکەدا بەشداری نەکات و لەبری ئەوە لە کۆبوونەوەیەک بۆ پشتگیری لە ئازادیی ئایینی ئامادە دەبێ. ترەمپ لە ساڵی 2017 کشانەوەی وڵاتەکەی لە رێککەوتنی کەشوهەوای پاریس راگەیاند. ترەمپ و ژایر بۆلسۆرانۆ، سەرۆکی بەرازیل، دوو لەو دەگمەن سەرکردانەی جیهانن کە بە گومانەوە لە هەڕەشەکانی تێکچوونی ژینگە و کەشوهەوا دەڕوانن.

تونبێرگ لە گوتارێکدا بۆ ئامادەبووانی خۆپیشاندانەکەی نیویۆرک گوتی: "ئێستا ئیدی ئەوە ئێمەین کە گۆڕانکاری دروستدەکەین. ئەگەر هیچ کەسێک هیچ نەکات، ئەوە ئێمە دەیکەین. ئەگەر ئێوە یەکێک لە ئەندامانی ئەو گروپە بچووکەن کە هەست دەکەن ئێمە هەڕەشەین لەسەرتان، ئەوە هەواڵێکی ناخۆشمان هەیە بۆتان. پێتان خۆش بێ یان نا، گۆڕان بەڕێوەیە. ئێمە داهاتوویەکی سەلامەتمان دەوێ، ئەمە داوایەکی زۆرە؟".

بەگوێرەی هەندێک راپۆرت، زیاتر لە چوار ملیۆن کەس لە خۆپیشاندانەکانی رۆژی هەینیدا بەشدار بوون، کە 300 هەزاریان لە نیویۆرک بوون.

هەوڵە تاکەکەسییەکەی تونبێرگ لە ئابی 2018 دەستیپێکرد، کاتێک لە پۆلی نۆ دەیخوێند و بڕیاری دا هەتا کاتی هەڵبژاردنە گشتییەکانی سوید لە نۆی ئەیلول نەچێتە قوتابخانە، لەبەر ئەوەی شەپۆلێکی بێ وێنەی گەرما و سووتانی دارستانەکان سویدی گرتبووەوە. تونبێرگ بۆ ماوەی سێ هەفتە لە کاتی دەوامی قوتابخانەکان لە بەردەم پەرلەمان دانیشت و کاغەزێکی بەسەر رێبوارانــدا دابەش دەکرد کە لەسەری نووسرابوو "من ئەو کارە دەکەم، چونکە ئێوەی بە تەمەنەکان خەریکن گوو لە داهاتووی من دەکەن".

لە ماوەی یەک ساڵدا هەوڵە تاکەکەسییەکەی تونبێرگ بۆ هەڵمەتێکی نارەزایی جیهانی گۆڕا، بەڵام هێشتا دیار نییە ئەو هەڵمەتە هەتا چەندە دەتوانێ لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئامرازێکی گوشاری سیاسی لەسەر حکومەتەکان و ئەو کۆمپانیایانە بگۆڕێ کە زیاترین رۆڵیان لە دەردانی گازی دوانۆکسیدی کاربۆندا هەیە.

ئەمریکا کە گەورەترین ئابووریی جیهانە، لە سەرەتای دەستپێکردنی سەردەمی پیشەسازییەوە گەورەترین پشکی لە دەردانی گازە مەترسیدارەکاندا هەیە. ئیدارەی نوێی ئەمریکاش بە بیانووی دروستکردنی هەلی کار بۆ کرێکارانی کەرتی وزە، بەشێکی زۆر لەو یاسایانەی سڕکردووە کە پەیوەندییان بە پاراستنی ژینگەوە هەیە.

میگان مولین، شارەزای سیاسی لە زانکۆی دیوکی ئەمریکی بە رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی دەڵێ: "تەحەددا گەورەکە ئەوەیە ئەم بزووتنەوە جیهانییە بگۆڕدرێ بۆ گوشارێکی سیاسی کە کاریگەری لەسەر بڕیاری حکومەتەکان هەبێ. دەبێ ئەو بزووتنەوەیە کاریگەری لەسەر ئەو بڕیاردەرە سیاسییانە دابنێ کە هەتا ئێستاش بڕوایان نەهێناوە بەوەی ژینگەی جیهان مەترسی لەسەرە".

هیچ خۆپیشاندانێک لە چین بەڕێوەنەچوو کە بە گەورەترین بەرهەمهێنەری گازی ژەهراوی لە جیهاندا دادەنرێ. ژێنگ شیاوین، ئەندامی تۆڕی کردەی گەنجان بۆ کەشوهەوا، بە رۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی راگەیاندووە "گەنجانی چین شێوازی خۆیان هەیە. کەشوهەوا بۆ ئێمەش گرنگە و بە قووڵی بیری لێدەکەینەوە".




چوار ملیۆن کەس بەشدار بوون لە خۆپیشاندانی "هەسارەکەمان رزگار بکەن" (فۆتۆ: AFP)

## گازێکی لە $CO_2$ مەترسیدارتر

گازی دوانۆکسیدی کاربۆن، تاکە هەڕەشەی سەر ژینگە نییە. زانایان هۆشداری دەدەن لە پێنج ساڵی رابردوودا رێژەی گازی میتان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە. زانایان بە ئاژانسی (رۆیتەرز)ی بەریتانییان راگەیاندووە کە لە 2013 هەتا 2018 رێژەی میتان لە هەوادا 50% بە بەراورد لەگەڵ پێنج ساڵی پێشتر بەرزبووەتەوە. بەرزبوونەوەی رێژەی ئەو گازەش هۆکاری 25%ی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەوییە. هەتا ئێستاش زانایان نازانن ئەو زۆربوونە خێرایەی گازی میتان بۆچی دەگەڕێتەوە. هەر بۆیەش نازانن دەبێ چی بکرێ بۆ ئەوەی رێگەی لێ بگیرێ.

# خۆری نەتانیاهۆ بەرەو ئاوابوون دەچێ



هیچکام لە حیزبەکانی ئیسرائیل نەیانتوانیوە زۆرینەی رەهای کورسییەکانی پەرلەمان بێنن

**رووداو - هەولێر**

هەفتەی رابردوو دووەم هەڵبژاردنی گشتی لە ماوەی ئەمساڵدا لە ئیسرائیل بەڕێوەچوو کە تێیدا هیچ حیزبێک براوەی رەها نییە و پێناچێ هیچکام لە دوو حیزبە سەرەکییەکە بچنە ناو هاوپەیمانییەک کە تێیدا لایەنی بەرامبەر سەرۆکایەتی بکات. بۆ یەکەمجار لە 10 ساڵی رابردوودا، سەرۆکوەزیران بنیامین نەتانیاهۆ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی بەسەر سیاسەتی ئیسرائیلەوە نەماوە و دوور نییە خۆی لە گرتووخانەش ببینێتەوە.

رۆژی هەینیی رابردوو لیژنەی ناوەندیی هەڵبژاردنی ئیسرائیل ئەنجامی 99.8%ی زیاتر لە 10 هەزار بنکەی دەنگدانی راگەیاند و تێیدا هاوپەیمانێتی میانڕەو و لیبراڵی شین و سپی بە سەرکردایەتی بێنی گانتز 33 کورسی و پارتی لیکود بە سەرکردایەتیی نەتانیاهۆ 31 کورسییان بەدەستهێنا.

> ”حکومەتی بنکەفراوان تاکە رێگەیە بۆ ئەوەی ئیسرائیل ناچار بە هەڵبژاردنی سێیەم نەبێت“

بەپێی ئەو ئەنجامە، بنبەستی هەڵبژاردنەکەی نیسان دوای دەرچوونی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەش درێژەی دەبێ. ئەوەی کە دیارە ئەوەیە حکومەتی بنکەفراوان تاکە رێگەچارەیە بۆ ئەوەی ئیسرائیل تووشی هەڵبژاردنی سێیەم نەبێت، ئەوەی دیار نییە ئەوەیە کێ سەرکردایەتیی ئەو حکومەتە دەکات. لە کاتێکدا شین و سپییەکان دەڵێن بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی لەو جۆرە نەتانیاهۆ دەبێ واز لە سەرکردایەتی لیکود بهێنێ.

لە هەڵبژاردنی ئەمجارە کوتلەی چەپ و میانڕەو کە لیستی یەکگرتووی عەرەبەکانیش لە خۆدەگرێ، 57 کورسییان هەیە، لە کاتێکدا کوتلەی راست و ئایینییەکان 55 کورسییان هەیە. بەو پێیەش هیچ کام لە دوو کوتلە سەرەکییەکە نەیانتوانیوە زۆرینەی رەها لە 120 کورسییەکەی پەرلەمانی ئیسرائیل بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. ئەوەش وایکردووە چاوی هەموو لایەنەکان لەسەر پارتی ئیسرائیل بەیتەنو بە سەرکردایەتی ئاڤیگدۆر لیبەرمان بێ، کە 8 کورسی بە دەستهێناوە.

پارتەکەی لیبەرمان ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لە حکومەتێکی بنکەفراواندا بەشداری دەکەن کە هەم لیکود و هەم شین و سپییەکان لە خۆبگرێ، بەڵام بەو مەرجەی داواکارییەکانیان بۆ سیکولارکردنەوەی هەندێک لە سیاسەتەکانی حکومەت لەبەرچاو بگیرێن.

لە دوای هەڵبژاردنەکانی نیسان، لیبەرمان هۆکاری شکستی هەوڵەکانی نەتانیاهۆ بوو بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی بنکەفراوان، کاتێک هەتا دوایین رۆژی مۆڵەتی نەتانیاهۆ بۆ پێکهێنانی حکومەتیش، لیبەرمان پێداگری لەسەر تێپەڕاندنی یاسایەک دەکرد کە بەهۆیەوە کەسانی سەر بە گروپە توندئاژۆ جووەکانیش دەبووایە لە سوپا ناونووس بکرێن.

هەرچەندە گانتز و بەرەکەی زۆرترین ژمارەی کورسییان بەدەستهێناوە، بەڵام پێکهێنانی حکومەت بۆیان ئاسان نابێ. لیستی یەکگرتووی عەرەبەکان کە 13 کورسی بەدەستهێناوە لە هیچ حکومەتێکی ئیسرائیلیدا بەشدار نەبووە و پێناچێ ئەمجارەش ئامادە بێ لە حکومەتێکی جوودا بەشدار بێ، بۆیە شین و سپی ناتوانێ بۆ پێکهێنانی حکومەت پشتیان پێ ببەستێ، وەک چۆن پێناچێ پارتە سەرەکییە ئیسرائیلییەکانیش سەرکێشی وابکەن.

عەرەبەکان 20%ی دانیشتووانی ئیسرائیل پێکدەهێنن کە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا رێژەی بەشدارییان بۆ 60% بەرزبووەتەوە. ئەگەر لیکود و شین و سپییەکان بتوانن لەسەر حکومەتی یەکگرتوو رێکبکەون، ئەوە عەرەبەکان دەبنە گەورەترین لیستی ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەمانی ئیسرائیل و بەو پێیەش ئەیمەن عودە، سەرۆکی لیستەکە، دەبێ بە سەرۆکی ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەماندا و مافی ئەوەی دەبێ هەفتانە لەگەڵ سەرۆکوەزیران دابنیشێ و لە وردەکارییە ئەمنییەکان ئاگادار بکرێتەوە.

لیبەرمان کێشەی گەورەی لەگەڵ پارتەکانی هاوپەیمانی گانتز هەیە، لەوانەش پارتی یەکێتیی دیموکراتیک. ئەستەمە پارتە ئایینییەکانیش لەگەڵ هاوپەیمانە سیکولارە رادیکاڵەکانی گانتز بکەون، مەگەر ئەوەی ئەو پارتانە دەست لە بەشێکی گەورە لە ئەجێندای خۆیان هەڵگرن.

پارتی لیکودیش لە هەڵبژاردنەکەی پێشووەوە بۆی دەرکەوتووە یەکگرتن لەگەڵ لیبەرمان کۆمەڵێک هاوپەیمانی دیکەیان لێدووردەخاتەوە، بە تایبەتیش پارتە جووە کۆنزەرڤاتیڤەکان.

تاکە رێگە بۆ دەرچوون لەو بنبەستەی ئێستا و رێگری لە سێیەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی، پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتووە بە بەشداری لیکود و شین و سپییەکان. بەڵام تاکە رێگر لەبەردەم ئەو هەنگاوەدا بنیامین نەتانیاهۆوە، کە لە ساڵی 2009 ەوە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیلە و لە 2005ەوە سەرۆکی پارتی لیکودە.

نەتانیاهۆ سێ کەیسی گەندەڵی لە دژ کراوەتەوە، بڕیاریشە لە رۆژی دووی تشرینی یەکەمی داهاتوودا دادگایی بکرێ. تاکە چانسی نەتانیاهۆ بۆ وەرگرتنی پارێزبەندی لە بڕیاری دادگا ئەوەیە پۆستی سەرۆکوەزیران بەدەستبهێنێ. لە ئەمڕۆوە نەتانیاهۆ 10 رۆژی لەبەردەستە بۆ ئەوەی خۆی لە ئەگەری سزای گرتووخانە بپارێزێ. هەر بۆیەش دوای دەرچوونی ئەنجامەکان لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا رایگەیاند "رووی قسەم لە تۆیە بێنی (گانتز)، وەرە با هەر ئەمڕۆ یەک ببینین، لە هەر سەعاتێک و لە هەر کاتێکدا (کە پێت باشە)، بۆ ئەوەی پرۆسەکە دەستپێبکەین".

چاوەڕێ دەکرێ بڕیاری دادگا لە کۆتایی تشرینی دووەم یان سەرەتای کانوونی یەکەمی ئەمساڵ دەربچێ، هەتا ئەو کات دانوستاندنەکانی حکومەتی نوێی ئیسرائیل دەبێ تەواو بووبن. شین و سپی بەڵێنیان داوە لە حکومەتێکدا بەشداری ناکەن کە سەرۆکوەزیرانەکەی کەیسی گەندەڵی لە دادگا هەبێ.

تۆپەکە کەوتووەتە مەیدانی لیکود. یەکێک لە بژاردەکان ئەوەیە ئەو حیزبە نەتانیاهۆ لە سەرۆکایەتی حیزب لابدات، ئەو کات رێگە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی لەگەڵ شین و سپییەکان خۆش دەبێ. لەو حکومەتەشدا سەرۆکایەتی وەزیران دوو ساڵ بۆ لیکود و دوو ساڵ بۆ شین و سپی دەبێ.

بەڵام ناتان ساکس، سەرۆکی ناوەندی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە پەیمانگەی برووکینگز، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لیکود هەمیشە هەتا دوا ساتەکان وەفادار بووە بە سەرکردەکانی خۆی، مەگەر ئەوەی بیانوویەکیان هەبێ. بیانووەکەشیان ئەو کاتە دەستدەکەوێ کە سەرۆککۆماری ئیسرائیل نەتانیاهۆ بۆ پێکهێنانی حکومەت راسپێرێ و ئەوجارەش شکست بهێنێ و لەو حاڵەتەشدا ئیسرائیلییەکان بۆ جاری سێیەم ناچار بن بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

سەرەڕای ئەو دۆخە ناڕوونەی سیاسەتی نێوخۆی ئیسرائیل پێیدا تێدەپەڕێ، هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ئەمنیی ئیسرائیل گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت، لەوانەش روانگەی گشتیی ئیسرائیل بۆ ئێران، حیزبوڵڵا، حەماس، پەیوەندییەکانی دەرەوە و پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ فەڵەستینییەکان.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# پارتی سەری نایەشێ و پەڕۆی لێ دەبەستێ

لە دوای ریفراندۆم و تێکچوونی پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها لە ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بەدواوە، پارتی بە تەواوی خرایە گۆشەیەکەوە. نیوەی ناوچەکانی کارکردنی خۆی لەدەستدا و گەمارۆی سیاسی و ئابووری و سەربازی خرایە سەر، پۆستی سەرۆکی هەرێمی لەدەستچوو، گوشار خرابووە سەری تا حکومەتیشی لەدەست دەربهێنرێت و خۆریان بەرەو ئاوابوون بچێت.

چاوەڕوانییەکان بۆ لاوازبوونی پارتی بەجۆرێک بوون، کەم کەس پێیوابوو بە ئاسانی دەتوانێ بێتەوە گۆڕەپانەکە. بەڵام نەک هەر پارێزگاری لە مانەوەی خۆی کرد، بەڵکوو یارییەکەی بەجۆرێک هەڵگێڕایەوە کە بۆ یەکەمجار لەدوای شۆڕشی ئەیلولەوە ببێتە حیزبی یەکەمی خاوەن بڕیار. لەدوای ئەو ڕووداوانە، ئێستا پارتی دۆخێکی بۆ دروستبووە، بە درێژایی مێژووی بنەماڵەی بارزانی و تەمەنی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەرفەت و دەستکەوتی وەکوو ئێستا نە بۆ ماڵبات و نە بۆ حیزبەکەشیان نەڕەخساوە.

بارزانی لە دەرەوەی دامەزراوەی دەستووری و هیچ ناو و پۆستێک کە ئیجماعی سیاسی لەسەر بێت، بەڵام لەڕووی واقیعییەوە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە مومارەسەی ڕۆڵی مەرجەع یان ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بکات. کوڕی بارزانی بووە بە سەرۆکی حکومەت، برازای بارزانی بووە بە سەرۆکی هەرێم، حیزبەکەشی بە خاوەن گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی. لە شێخ عەبدولسەلام بارزانییەوە تا ئێستا ئەم بنەماڵەیە لە ترۆپک و ڕیزی پێشەوەی مەسەلەی کوردن لە ناوچەکە و بەتایبەتیش لە کوردستانی عێراق. پارتیش لە دروستبوونییەوە تا ساڵی 1975 تەعبیر بووە لە دۆزی نەتەوەیەک. لە 1991یشەوە شانبەشانی یەکێتی نیشتمانی هەمان ڕۆڵ دەگێڕێت. وەلێ هەل و دەرفەتی لەو شێوەیەی ئێستای بۆ نەڕەخساوە، کەچی لەبری ئەوەی وەبەرهێنان لەو سەروەرییانە و ئەو دەستکەوت و دەرفەتانەدا بکات کە لەبەردەستیدان، بەهۆی مەستیی سەرکەوتن و غروری دەستکەوتەکانی، خەریکە لەخۆی تێکدەدات. لە کوردەواریدا پەندێکی باو هەیە دەڵێت: (سەری نایەشێ و پەڕۆی لێ دەبەستێ).

دوو ساڵی ڕابردوو کوردستان پڕ بوو لە تەنگژەی سیاسی، ناکۆکی و ململانێ تا ئاستێکی زۆر مەترسیدار هەڵکشان، ئەگەرەکانی بەریەککەوتن و دابەشبوونەوە بۆ دوو ئیدارەیی و دوو هەرێمی بووبوون بە ئەگەری چاوەڕوانکراو. کاتێکی زۆری ویست تا زەمینەی گفتوگۆ و دانوستاندن ڕەخسایەوە و کەشێکی سیاسی بە قازانجی پارتی دروستبوو کە هێزە ڕکابەر و نەیارەکانی ئەو سەرکەوتنانەی پارتی هەزم بکەن و بچنە ژێر چەتری حوکمڕانیی پارتییەوە. لە هەلومەرجێکی وادا پارتی پێویستی بە ڕەخساندنی کەشێک بوو کە هێزەکانی تری بەشدار لەم (مەنزوومە حوکمڕانییەی پارتی) ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مەیل و ئارەزووی هاوبەشیکردن لەلایان باڵای بکردایە. بەڵام پارتی نەفەسی کورت بوو، زۆر زووتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا پاشەکشەی بەو مەیلە کرد. ئێستا و پاش کەمتر لەسەت ڕۆژ لە پێکەوەبوونی ئەم قۆناغە زێڕینەی پارتی، بەشێکی بەهۆی پابەندنەبوونی بە ڕێککەوتنەکانەوە، هاوبەشەکانی نیگەرانن و نەدۆزینەوەی چارەسەر بۆ نیگەرانییەکانیان کوردستان دەباتە قۆناغێکی نەویستراو و ژینگەیەکی سیاسی نەخوازراوەوە.

پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستان هاوکێشەی ناوچەکە وەک ئەوەی هەیە ببینێت، ئەو پێشهاتانەی چاوەڕوان دەکرێن لە داهاتووی نزیک و دوورمەودا ڕووبدەن، لەبەرچاویان بگرێت. بەدڵنیاییەوە سەرباری ئەو واقیعەی بۆ پارتی دروستبووە کە حیزبی باڵادەستی ناو حوکمڕانیی کوردستانە، بەڵام بەتەنیا نەک دەرەقەتی ڕووداو و پێشهاتەکان نایەت، بەڵکوو بەتەنیابوونی پارتی لە واجیهەی کوردستان، لە هاوکێشە ناوچەیی و هەرێمایەتییەکاندا کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەکاتەوە. ڕاستییەکی تاڵیش هەیە دەبێت خەڵکی کوردستان لەبەرچاوی بگرن، ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردی بەجۆرێک وابەستەی ژیانی حیزبی کراوە، دواجار شکستی حیزبێک لەسەر حسابی شکست و بەقوربانیکردنی میللەتەکە تەواو دەبێت. ئەمە لە ڕابردووشدا هەروا بووە و بۆ داهاتووش بەو جۆرەیە. بۆیە پرسەکە تەنیا پەیوەست نییە بەوەی پارتی چی دەکات، چونکە ئەگەر لێبگەڕێین و بگوترێت چی دەبێت با پارتی باجەکەی بداتەوە، ئەوە تێڕوانینێکی هەڵەیە، پارتی بەتەنیا باجی هیچ هاوکێشەیەک ناداتەوە.

چەند ڕۆژی ڕابردوو هەندێ کێشەی نوێ لە نێوان پارتی و یەکێتی سەریان هەڵدا، یان ڕوونتر بڵێم کێشەکان هەبوون و خەفەکرابوون، بەڵام سەریان هەڵدایەوە، وەک ڕێگری لە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی بۆ چوونە ناو هەولێرەوە کە جگە لە ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمان، دوو جاری تریش پارتی ئەمەی لەگەڵ ئەم هێزە هاوبەشە سیاسییەی کردووە. بەدوای ئەویشدا تەقەکردن لە بارەگای یەکتری لە سنووری سلێمانی و هەولێر. ئەم ڕووداوانە هاوکاتن لەگەڵ کۆمەڵێک پێشهات و ڕووداوی زۆر گەورەی ناوچەکە، ململانێی ئێران و ئەمریکا، چوونە ناوەوەی سوپای تورکیا بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، ئەگەری بەریەککەوتنی سعودیە و ئێران، تەدەخولی ڕاستەوخۆی ئیسرائیل لە کێشەکان کە چاوەڕوان دەکرێت هەموو جیهان پەلکێشی خۆی بکات. لە عێراقیش بەدەر لە هەڵبژاردنێکی گرنگی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، لەبەردەم پرۆسەیەکی گوماناویی چارەنووسسازداین کە چارەنووسی نیوەی خاکی کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەمە جگە لە بۆسەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و دادگای باڵای فیدراڵی بۆ سزادان و لە قاڵبدانی هەرێم و دروستبوونی مەترسی لەسەر قەوارە دەستوورییەکەی. کەچی ئەم دوو هێزە سیاسییەی کە ئەرک و بەرپرسیارێتی پرسی نەتەوەیی ئەم قۆناغەیان لە ئەستۆیە، لێرە خەریکی داخستنی بازگەن بەڕووی یەکتریدا.

بەراورد بە پرسە گرنگەکانی کورد، هەروەها بەراورد بەو هەڕەشە و مەترسیانەی لە ئایندەدا ڕووبەڕووی میللەتەکەمان دەبنەوە، ئەم کێشە و گرفتانەی ئێستا لەناوخۆی هەرێمی کوردستان لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەن، شتی زۆر بچووکن. بەڵام چارەنەکردنیان و سپاردنیان بەقەدەر، یان تێپەڕاندنیان و جێهێشتنیان بۆ ئەوەی بەتێپەڕبوونی کات زەمەن چارەسەریان بکات، بەدڵنیاییەوە لێکەوتەکانی زۆر خراپ دەبن و ئەو پێشهات و مەترسیانەی لە داهاتوودا ئەگەری ڕوودانیان هەیە، خێراتر دەکات. بۆیە ناکرێت هەروا بە سادەیی لەم کێشە و ڕووداوانە بڕوانرێت و پێویستە ئەوانەی لە خەمی ئایندەیەکی باشتردان بۆ کوردستان، بەهەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە ریشەی ئەم ناکۆکی و وردە کێشە و ململانێ ناڕەوایانە چارە بکەن، تا توانا و کاتی چارەکردنیان تێنەپەڕیوە.

پارتی وەک ئەوەی سەرکردایەتی ئەم قۆناغە دەکات، بەرپرسیارێتی یەکەمی دەکەوێتە ئەستۆ لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان و دوورخستنەوەی کوردستان لە هەر ناسەقامگیرییەک کە دوور نییە بەهۆی ڕووداوێکی بچووکەوە تووشی ببین. چونکە ئەگەر خوانەکردە کوردستان بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژە ڕەش و مەینەتییانەی بەرۆکی یەکترمان گرتبوو، ئەمجارە بە مەرگی یەکجاریی نەتەوەکەمان کۆتایی دێت.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# تورک بۆ چارەی کوردیان ناوێ؟

دوو مانگێ لەمەوبەر گەنجێکی کوردی کارمەندی فرۆکەخانەی ئیستانبوڵ خۆی کوشت. پێش خۆکوشتنەکەی ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا دەڵێت: لەتاو ئەو هەموو بێڕێزییەی تورکە هاوکارەکانی پێی دەکەن، لە ژیانی بێزار بووە. هەفتەیەک دوای ئەو هەواڵە، یەکێ لە کاناڵە ئاسمانییەکانی کوردستان ڕیپۆرتاژێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا گەشتیارە گەنجەکانی خەڵکی باشووری کوردستان گازندەیان بوو لەوەی چۆن لە فرۆکەخانەی ئیستانبوڵ بێڕێزییان پێکراوە و هەر بەئەنقەست لە گەشتیارانی تر جیاکراونەتەوە و ماوەیەکی درێژ بەبێ هۆ ڕایانگرتوون. یەکێک لەوانە دەیگوت «کوردبوون بووە بە کێشە بۆمان»! وەک تەواوکەرێکی سرووشتیی ئەو ڕووداوانەش، هەواڵێکی تر بڵاوبووەوە: کۆمەڵێ گەنجی گەشتیاری کورد، تەنیا لەبەر ئەوەی ئاڵای کوردستانیان لە تورکیە پێوە بینرابوو، لەلایەن کۆمەڵێ دەمارگرژی تورکەوە پەلامار دران و دوای لێدانیان، لەلایەن کاربەدەستانی خۆجێیی شاری ترابزۆنەوە دەستبەسەر کران، واتە لە جێی توندوتیژیکارەکان قوربانییەکان لە زیندان توندکران!

## کێشەی تورک یان کێشەی ئەوانی دی؟

ئەو ڕووداوانەی سەرەوە ئەگەر لە زۆر وڵاتی تر بقەومانایە، دەکرا حیسابی حاڵەتی ڕیزپەڕیان بۆ بکەیت، بەڵام لە بەستێنی "وڵاتی تورکان"دا، مخابن، ڕەنگدانەوەی ڕێسایەکی دێرینن نەک حاڵەتی ڕیزپەڕ. ئەگەر هەر کوردێک بەسەرهاتی بێڕێزیپێکرانی لەلایەن تورکەکانەوە بگێڕێتەوە، چیرۆکەکان هەرگیز نابڕێنەوە. گەلۆ، تورک بۆ چارەی کوردیان ناوێ؟! 7-ی مانگی ئەیلوول، 64 ساڵ بەسەر کارەساتێکدا تێپەڕبوو کە تورکەکان خۆشیان بە شەرمەزارییەوە دەیگێڕنەوە: پەلاماری کەمینەی یۆنانیی دانیشتووی ڕەسەنی ئیستانبوڵ و کوشتار و ئاگرتێبەردانی ماڵ و دووکانەکانیان لە لایەنی "هاووڵاتیانی ئاسایی" پێکهاتوو لە ڕووناکبیر و خوێندکار و کرێکار و تاد، بەبەرچاوی پۆلیسی شارەکەوە. بەو شێوەیە یۆنانییەکان لە ئیستانبوڵ، خاشەبڕکران. دواتر دەرکەوت، ئەوەی بەسەر یۆنانییەکاندا هات پاکتاوکردنێکی بەرنامەبۆداڕێژراو بووە لەلایەن حکومەتی ئەوسای عەدنان مەندێریسەوە. سڕینەوەی ئاسەواری ڕەگەزە ناتورکەکانی تورکیە، بڕبڕەی ناسێنەی نەتەوەیی دەوڵەتی تورکە. پاکتاوی ڕەگەزیی ئەرمەنەکان لەلایەن تورکەکانەوە هەمووان لێی ئاگادارن. "هرانت دینک" ڕووناکبیرێکی ئەرمەنیی تورکیە و سەرنووسەری گۆڤاری "ئاگۆس" بوو لە ئیستانبوڵ. ئەو سەرەڕای ڕەخنەگرتن لە تاوانی کوشتاری ئەرمەنەکان، وەک ئەنتی ناسیۆنالیستێک، خوازیاری تێپەڕینی کەمینەی ئەرمەنی لە "گرێی قوربانی" و خەباتکردن بۆ ئایندەیەکی دادپەروەرانەی هاوبەشی ئەرمەن و تورک بوو. ئاشتیخوازێکی سۆسیالیستی ئەوتۆ، بە جاران تۆمەتی "بێڕێزی بە تورکەکان"ی درایە پاڵ و، مەحکووم و بەند کرا. هرانت دینک دواجار لە ساڵی 2007 لە ناوەڕاستی ئیستانبوڵدا لەلایەن گەنجێکی تورکەوە کە هاواری دەکرد «خائینم کوشت»، تیرۆرکرا. حەوت ساڵ دواتر پۆلیسی تورکیە دانی بەوەدا نا کە ئەوان ئاگاداری ئەو پیلانی تیرۆرە بوون و بەئەنقەست ڕێیان لێ نەگرتووە! نموونەی ئەم تراژیدیە بێژمارانە دەیسەلمێنێ لە تورکیە کێشەیەکی گەورە هەیە، بەڵام ئەو کێشەیە نە کێشەی کوردە، نە هی ئەرمەنە و نە هی کەسی دی. دەردی گرانی تورکیە "کێشەی تورک" خۆیەتی.

## نێرگزیەتێکی بەکۆمەڵ

"تیرۆری جیاوازییە نەتەوەییەکان" بەشێک لە ناسێنەی مێژوویی دەوڵەت-نەتەوەی تورکە. ئەم تیرۆریسمە جاری وایە دەوڵەت، جاری وایە خەڵکی سەرشەقام و، جاری واشە گەل و دەوڵەت پێکەوە جێبەجێی دەکەن. تێگەیشتن لەم کارەکتەرە ترسناکەی تورکەکان، بەبێ گەڕانەوە بۆ چەمکی "نێرگزیەتی لێپیسکردوو" (malignant narcissism)، ئەستەمە. نێرگزیەتی لێپیسکردوو پەتایەکی دەروونییە کە بریتییە لە تێکەڵەیەکی توند لە خۆپەرستی، هەڵسوکەوتی ناکۆمەڵایەتی، هەڵشاخان و توندوتیژی و سادیسم. سۆسیال- سایکۆلۆژیستی مەزنی سەدەی بیستەم، ئێریک فرۆم، نێرگزیەتی لێپیسکردوو وەک «ڕیشەی خراپترین کاولکارییەکان و کردەوە نامرۆڤانەکان»، دەنرخێنێ. فرۆم باس لەوە دەکا کە نێرگزیەتی تاکەکەسی دەتوانێ بگۆڕێت بۆ نێرگزیەتێکی بەکۆمەڵ. لەم حاڵەتانەدا بۆ وێنە ئەو ئایینە، ئایدیۆلۆژیای سیاسییە یان ڕەگەزە نەتەوایەتییەی تاکەکەس نوێنەرایەتی دەکا، دەبێتە بابەتی شەیدایی نێرگزیانەی ئەو. لێرەوە باس لە "تیرۆری جیاوازییە نەتەوەییەکان" لە تورکیە، باس لە "نێرگزیەتێکی لێپیسکردووی بەکۆمەڵە"، کە "نەتەوەی تورک"ی کردووەتە بابەتی شەیدایی و؛ بنەمای بینینێکی خۆپەرستانە، ترسنۆکانە و لەهەمان کاتدا قینلەدڵانە، بەرامبەر بە هەموو ئەویدییە نەتەوەییەکانی ناوخۆی تورکیە.

نێرگزیەتی بەکۆمەڵ خاوەن ئەرکێکی کۆمەڵناسانەیە (sociological function). ئەو کارەکتەرانەی نێرگزیەتی بەکۆمەڵ کە ئێریک فرۆم، بەتایبەتی لە کتێبی "دڵی مرۆڤ، لە نێوان خێر و شەڕدا"، باسیان دەکا، لە ناو تورکەکاندا بەڕوونی دەبینرێن. فرۆم دەڵێ؛ خاڵی سەرەکی لە نێرگزیەتی بەکۆمەڵدا بریتییە لە نابابەتیبوون و دوورکەوتنەوە لە نرخاندنی ئەقڵانی: «کەسایەتیی نێرگزی ڕەگەزەکەی خۆی پێ هەڵبژێردراوی خوایە... کێشە ئەوەیە کە ئەوانی دی ئەقڵیان بەم ناوازەبوونەی ئەم ناشکێ!». کاتێک ڕەگەز دەبێتە بابەتی شەیدایی کەسایەتیی نێرگزی، ئیدی هەموو ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی ئەم ڕەگەزە، شقڵی بوونەوەرێکی کەمبایەختر و لەهەمان کاتدا هەڕەشەئامێز و مەترسیدار وەردەگرن. کەسایەتیی نێرگزی هەمیشە هەست بە مەترسی دەکا لەسەر خۆی: دەترسێ پاکژییە ڕەگەزییەکەی لەلایەن ئەوانی دییەوە پیس ببێ، بۆیە هەر ئەویدییەک دەشێ دوژمنێکی ماتەهێزی ئەم بێت. هەر بۆیە کەسایەتیی نێرگزی پێویستی بەوەیە کە یەکبین بڕەو بە هێزی خۆی بدا و، بەرامبەر بەویدیش، هەمیشە گوێقوڵاخ و بێبەزەیی بێت (ئەگینا تورکیەی ئەندامی ناتۆ مووشەکی S-400-ی ڕووسیی بۆچییە؟!). هەڵبەت کەسایەتیی نێرگزی بەزۆری هەوڵ دەدا (وەک ئەردۆغان، بۆ وێنە سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستان) "لێکدانەوەی لۆژیکی" بۆ بڕیار و کردارەکانی بکا، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی ئەو دەیلێ، نەک لێکدانەوەی لۆژیکی بەڵکو چەواشەکردنی لێکدانەوەی لۆژیکییە، ئەمەش ڕێک ئەو خاڵەیە کە ئێریک فرۆم بە مەترسیدارترین لایەنی کەسایەتیی نێرگزی ناوی دەبا. کەسایەتیی نێرگزی، واقع بەگوێرەی وەهمەکانی خۆی دەشێوێنێ. ئەو، چ وەک تاک چ وەک کۆ، لەوپەڕی دڵڕەقیی خۆیدا، بەئاسانی هەستی دەڕووشێ و بریندار دەبێ. بۆیە قین و ڕق بەسەر برینداركەری خۆیدا هەڵدەڕێژێ.

هەڵبەت وەک فرۆم دەڵێ؛ کەسایەتیی نێرگزی دەتوانێ سووژەی شەیدایی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی جەستەی (ڕەگەزی- نەتەوەیی) خۆیشی بدۆزێتەوە: ئەو کاتەی "ئەویدی" شێوەی ئارەزووەکانی ئەم بەخۆیەوە دەگرێ، دەشێ ببێتە بابەتی شەیدایی ئەم. ئەم حاڵەتەش ئەوکاتە دێتە دی، سووژەی شەیدایی، خۆی لە هەموو ئەو شتانە داماڵێ کە هەیەتی و ببێ بەو شتەی کەسایەتیی نێرگزی دەیخوازێ. لەڕاستیدا، تەنیا ئالێرەدایە کە نێرگزیەتی بەکۆمەڵی تورک، توانایی هەڵکردن لەگەڵ ئەویدی دەبێت: ئەویدییەک کە خۆی لەمدا تواندووەتەوە. «نێرگزیەت، ئەنجامی دەستەوستانییە بۆ بنیاتنانی پێوەندییەکی بەرهەمدار لەگەڵ دنیای دەرەوە».

## کورد وەک تورکی پلەنزم

ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو تایبەتمەندییانەی نێرگزیەتی بەکۆمەڵدا سووکە ئاوڕێک لە مێژووی مۆدێرنی تورکیە بدەینەوە، دەبینین کە شکاندنی سیستماتیکی کەسایەتیی نەتەوەیی مرۆڤی کورد، وەک بەشێک لە پرۆسەی مێژوویی سڕینەوەی جیاوازییە ئێتنیکییەکانی ناو تورکیە، بەبێ تێگەیشتن لەو نێرگزیەتە لێپیسکردووە بەکۆمەڵەی لە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتەوە

"ئەو کارەکتەرانەی نێرگزیەتی بەکۆمەڵ کە ئێریک فرۆم، بەتایبەتی لە کتێبی "دڵی مرۆڤ، لە نێوان خێر و شەڕدا"، باسیان دەکا، لەناو تورکەکاندا بەڕوونی دەبینرێن"

شۆڕبووەتەوە بۆ ناو کولتووری سیاسیی کۆمەڵگەی تورکی، شتێکی ئەستەم دەبێ. ئایدیای پاکی و بەهاداریی ڕەگەزی تورک وەک جەوهەری ناسیۆنالیسمی تورک، ئانادۆڵی سەدەی بیستەمی کرد بە کوشتارگەی گەلانی ڕەسەنی ئەو ناوچەیە. هەڵبەت نەخشەڕێی جێبەجێکردنی ئەو ئایدیۆلۆژیایە هەموو جارێ وەک یەک نەبووە: ئەگەر بەشی ئەرمەنەکان پاکتاوی ڕەگەزی و وەدەرنانیان لە تورکیە بوو، بەشی کورد کوشتار و تواندنەوەیان لە ناوخۆی تورکیەدا بوو: کوردی ناو تورکیە ڕەگەزێکی دەرەکی نەبوون، بەڵکو چەشنێکی کەمبەهاتر لە تورک بوون، ئەوان تورکی کێوی بوون، بۆیە دەبوو لەناو جڤاکی تورکدا قاڵبکرێنەوە. لە ئەگەری ملنەدان بۆ توانەوە لەناو ئەم کۆمەڵە نێرگزییەشدا، ئەوان وەک کێوی، ناژیار و گەمار دەمانەوە و دەبوون بە هەڕەشە بۆ سەر پاکژی و یەکدەستیی ڕەگەزی باڵای تورک.

## جێگۆڕکێی دز و خاوەن ماڵ!

بەردی بناغەی تواندنەوە لەخۆنامۆکردنە. مێژووی کورد لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە، مێژووی لەخۆنامۆکردن بووە. تورکەکان لەڕێی دوو ڕێکاری هاوتەریبەوە هەوڵی لەخۆنامۆکردنی کوردیان داوە: یەکەم، سزادان؛ دووەم، پاداشت. ڕێکاری سزادان ئیشی لەسەر ترساندن و تۆقاندن کردووە بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد لە نرخی قورس و ئاکامەکانی پێداگری لەسەر کوردبوونی خۆی بسڵەمێتەوە. لەبەرامبەردا تەکنیکی پاداشت هەیە، کە بریتی بووە لە مافی مامەڵەکردن لەگەڵیان وەک بەشێک لە جڤاکی هاووڵاتە ڕێگەپێدراو و ستایشکراوەکانی تورک. ملدان بۆ ناسێنەی تورک مەرجی دەستووریی ئەم پاداشتە بووە: تۆ ئەوەندە بەسە خۆت نەبی، ئەوسا دەبیتە برابەشی هەموو ئەو شکۆمەندییەی ئەویدیی باڵادەست هەیەتی (هیچ نەبێ بەشێوەی ڕواڵەتی). لێرەوە تەکنەلۆژیای پەروەردەی کولتووری و میدیا و دامودەزگاکانی دیکەی دەوڵەت دەکەونە خزمەت پێفرۆشتنی ناسێنەی ئەویدیی باڵادەست وەک شتێکی بەهادارتر کە دەبێتە هۆی بەرزترکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی و بەدوای ئەویشدا ئابووری و سیاسی تاکەکەس.

هەڵبەت چەقۆی دوودەمی سزا و پاداشتی تورکان لە 100 ساڵی ڕابردوودا، نەیتوانی بەو شێوەیەی ئەوان دەیانویست جەستەی ناسێنەی نەتەوەیی کورد هەلاهەلا بکا. کورد مایەوە و، مانەوەکەی بوو بە مۆتەکەیەک بۆ نێرگزیەتی بەکۆمەڵی تورک و ئەو بەهەشتە یەکدەستەی تورکەکان دەیانویست دروستی بکەن. لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستانەی تورکەوە، کورد نەک گروپێکی ئینسانیی یەکسان و هاوبەها، بەڵکو کەرتێکی گەمار لە جەستەی پاکژی تورکە کە لە بەرامبەر توانەوەدا گیانسەختی دەنوێنێ و، بووەتە پەڵەیەکی نەخوازراو کە مل بۆ سڕینەوەی خۆی نادا! کینەی تورک، کینەیەکی نێرگزیانەی لێپیسکردووە، هەر بۆیە سەرەڕای یەک مێژوو لە ستەمی سیستەماتیکی تورک لە کورد، هێشتاش ئەو ڕقەی تورک لە کورد هەیەتی، کورد لە تورک نیەتی.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



زریان رۆژهەڵاتی
ziryan.rojhelati@rudaw.net

# کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ئەحزابی سیاسی

لەماوەی رابردوودا کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە عێراق، بەستنی کۆنگرەی وەک مەرجێک بۆ بەشداریکردنی ئەحزاب لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە 2020 راگەیاند. تا ئێستا 217 حیزب و قەوارەی سیاسی ناوی خۆیان بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنە تۆمار کردووە و نزیکەی 10 دانەیان کێشەی دواکەوتنی کۆنگرەیان هەیە. سەرەداوی زۆر هەن کە دەیسەلمێنن دواجار کۆمیسیۆن پێداگرییەکی زۆر لەسەر ئەو مەرجە ناکات، بەڵام ئەمە بیانوویەکی باشە بۆ ئەوەی کاریگەریی رەفتاری جیاجیای حیزبەکان لەسەر ئاسایشی نیشتمانی تاوتوێ بکرێ.

نەبوونی میکانیزمێکی چاودێریی یاسایی- دیموکراتیک لەسەر کاروباری ناوخۆیی حیزبەکان، گرفتەکانی بەردەم یارمەتیی دارایی ئەحزاب، جێبەجێنەکردنی یاسای ئەحزاب لە هەرێمی کوردستان و عێراق و لاوازییەکانی سیستەمی سیاسی، وایانکردووە گەلێکجار، شێوازی کاری حیزبەکان، پوتانسییەلی رێکردنەوە بۆ دەستوەردانی دەرەکی و پشێوی ناوخۆیی تیدابێت.

ئەگەر ئەو حیزب و قەوارانەی بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانیان کردووە وەک پێوەرێک تەماشا بکەین، دەبینین کە لە هەرێمی کوردستان لە 1992 ـەوە تا ئێستا، ژمارەی ئەحزابی سیاسی رووی لە هەڵکشان کردووە و بۆ زیاترلە چوار هێندەی جاران بەرزبووەتەوە. لە عێراقی دوای سەدامیشدا، ژمارەیەکی زۆر ئەحزاب و قەوارەی سیاسی هەن و ئەو ژمارەیەش لە چوار هەڵبژاردنی گرنگی پەرلەمانیدا لە 2005 تا 2018، هەڵبەز و دابەزی کردووە.

روونکردنەوەی هۆکارەکانی زیادبوونی ژمارەی ئەحزابی سیاسی بەو تیۆرییانە باشتر دەکرێت کە زۆربوونی ژمارەی ئەحزابی سیاسی بە قەیرانەوە دەبەستنەوە. قەیرانی ناسنامەی نەتەوەیی، قەیرانی رەوایی دەوڵەت، قەیرانی بەشداریی سیاسی، قەیرانی تەرخانکردن و دابەشکردنی سەرچاوەکان لەگەڵ قەیرانی دەستوەردانی دەوڵەت لە کۆمەڵگا، ئەمانە رۆڵی گرنگیان لە زۆربوونی ژمارەی ئەحزابدا هەیە.

فرەیی ژمارەی ئەحزاب و قەوارە سیاسییەکان لە روویەکدا واتای فرەیی بەرژەوەندییە جیاوازەکانیش دەدات. بوونی ژمارەیەکی بەرچاوی لیستی تاکەکەسیش (بۆ نموونە 5 لیستی شەخسی لە هەڵبژاردنی 2010 و 16 لیستی شەخسی لە هەڵبژاردنی 2014) نیشانەیەکن بۆ ئەوەی کە هێشتا حیزبی سیاسی لە عێراق نەیتوانیوە وەک میکانیزمێک بۆ کۆکردنەوەی بەرژەوەندییە جیاوازەکان رۆڵی هەبێت. نیشانەیەکی دیکە، ئەو دابەشبوونانەیە کە لە 2005 بەدواوە لە نێو ئەحزاب و قەوارە سیاسییەکانی عێراق روویانداوە. لە کۆتایی دەیەی 2000 ـەوە، بەرە بەرە تەمەنی هاوپەیمانییە سیاسییەکان لە پەرلەمان کورتتر بوون و ناکۆکییە ناوخۆییەکان لە بەینی لیستە شیعی و کوردی و سوننییەکان زیاتر بوون. هەروەها بە روانینێکی گشتی بۆ دۆخی 16 حیزبی گرنگی هەرێمی کوردستان وعێراق، بۆمان دەردەکەوێت کە لە دوای 2003 وە جگە لە پارتی، لە نێو زۆربەی ئەحزابی سیاسیدا یان دابەشبوون یان بچووکبوونەوەی قەبارەی حیزب روویداوە.

یاسای ئەحزاب لە هەرێمی کوردستان وعێراق

هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1993 یاسای ئەحزابی دەرکردووە و لە 1997دا جارێک هەمواری کردووە و لە ساڵی 2014شدا یاسایەکی تایبەتی بۆ پێدانی بودجەی ئەحزاب دەرکردووە. بێشک لە عیراقیش یاسای ئەحزاب هەیە، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەردوو یاساکە ئەوەیە کە بە تەواوی جیبەجێ نەکراون و نەیانتوانیوە کاری حیزبی رێکبخەن.

هەردوو یاساکە سەبارەت بە گۆڕانکاریی ناوخۆیی حیزبی و سەرکردەکانی، مادەیەکی تایبەتیان داناوە. بەڵام لە هەردووکیشیاندا بەشێوەیەکی گشتی و لاستیکییە و میکانیزمەکانی چاودێریکردنی ئەو گۆڕانکارییانە دیارینەکراوە. یاساکەی هەرێمی کوردستان لە بەندی چوارەمی ماددەی چوارەمدا ئەمەی داناوە: "بەکارهێنانی شێوازی دیموکراتیانە لە ژیانی حیزبایەتیدا." یاساکەی عێراقیش لە ماددەی شەشەمدا باسی لەوە کردووە کە حیزبی سیاسی پشت بە رێکارە دیموکراتییەکان دەبەستێ بۆ دەستنیشانکردنی سەرکردەکانی.

یاساکان ئەوەیان نەسەپاندووە کە پێویستە هاوشێوەی زۆر لە سیستەمە دیموکراتییەکانی دنیا، دادگا بەسەر کۆنگرە و میکانیزمەکانی تری هەڵبژاردنی حیزبییەوە چاودێربن تا رێگا لە قۆرخکاریی سیاسی بگیرێت. هەرئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ زیادبوونی جیابوونەوەکان لەنێو حیزبەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

یاساکەی هەرێمی کوردستان لە مادەی 12دا لە بەندی یەکەمدا رێگری کردووە لەوەی کە ئەندامانی داواکاری گشتی و لێکۆڵینەوەکانی دادگەری بچنە ناو حیزبەکانەوە. لە بەندی دووەمیشدا کاری حیزبی لەنێو دامودەزگاکانی پێشمەرگە و ئاسایش قەدەخە کردووە، بەڵام ئەوەی قەدەخە نەکردووە کە کەسێکی سەربازی یان ئەمنی حیزبی بێت. یاساکەی عێراقیش لە مادەی 8 دا ئەوەی داناوە کە نابێ حیزب، رێکخراو یان شێوە رێکخراوێکی سەربازی هەبێت. لە مادەی 9شدا کاری حیزبی لە دادوەران و ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان و سوپا قەدەخە کردووە. هەڵبەت پێشێلکردنی ئاشکرای هەردوو یاساکە هەم لە عێراق و هەم لە هەرێمی کوردستانیش نهێنییەکی ئاشکرایە! لەبەر ئەوەی کە لە عێراق هێزی چەکدار بە فاکتەرێکی گرنگی هێزداری هەژماردەکرێت، زۆربەی حیزبە گرنگەکانی مەیدانی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا و نائاشکرا هێزی چەکداری وابەستەی خۆیان هەیە. ئەمەشە وابەستەیی زۆرێک لە حیزبەکان بە دەرەوە بۆ بەهێزهێشتنەوەی گرووپە چەکدارەکانیان زیاتر دەکات.

شێوازی وەرگرتنی مۆڵەت لە یاساکەی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەستپێدەکات، بەڵام بڕیاردەری کۆتایی دادگایە. بەپێی ماددەی حەوتەمی یاساکە، حکومەت تەنها یەک جار بۆی هەیە داواکاریی دامەزراندنی حیزب رەتبکاتەوە. بۆ جاری دووەم ناتوانێ و پێویستە دادگا بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات. یاساکەی عێراق لە مادەی 17دا قبوڵکردنی دانانی حیزبی بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەحزاب لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان سپاردووە. بەڵام میکانیزمێکی روونی دیاری نەکردووە کە چۆن داوای دامەزراندنی حیزب قبوڵ دەکرێت یان رەتدەکرێتەوە. تەنها هەندێک مەرجی گشتی داناوە.

شێوازی پێدانی یارمەتی بە ئەحزابی سیاسی لە یاساکەی هەرێمی کوردستاندا یاساییترە، بەڵام لەوەی عێراقدا سیاسیترە! یاساکەی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی وەک مەرجەعی دیاریکردنی بڕە پارە بۆ حیزبەکان دەستنیشان کردووە. لە یاسای ژمارە 5ی ساڵی 2014ی هەرێمی کوردستانیشدا بڕی 1%ی بودجە بۆ یارمەتیدانی حیزبەکان دیاریکراوە کە بەپێی هەندێک پێوەری وەک ژمارەی کورسییەکان و بەشداریی حیزبەکان لە خەباتی رزگاریخوازیی کوردستان لە پێش راپەڕین دابەشدەکرێت. بەپێی بەندی دووەمی مادەی 17ی یاساکەی عێراق، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەحزاب پێشنیارێک بۆ چۆنیەتی یارمەتیدانی ئەحزاب دەداتە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی داراییش پێشنیار بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەکات. بۆیە بڕیاردەری سەرەکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە. جێبەجێنەکردنی رێکارە یاساییەکانی پێدانی بودجە بە ئەحزاب و قەدەخەکارییەکانی وەرگرتنی پارە لە دەرەوە، وایکردووە کە هەندێکجار بەهۆی یارمەتیدانی دارایی ئەحزابەوە دەستی دەرەکی بێتە ناو کارەکە.

ئەنجام

حیزبە سیاسییەکان کۆڵەکەیەکی گرنگی سیستەمی سیاسی هەر وڵاتێکن. چۆنیەتی رێکخستنی کاری حیزبی هەرلە کاروباری ناوخۆییانەوە هەتا جۆری ئەندامەکان و پەیوەندییە دەرەکییەکانیان، دەتوانن کاریگەری لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی هەر وڵاتێک دابنێن. دەستوەردانی دەرەکی لەڕێی هەندێک لە حیزبەکان، رواڵەتیبوونی میکانیزمەکانی هەڵبژاردن و دیموکراسدی لاواز بەهۆی باڵادەستیی حیزبی چەکدار و ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنی لە گرنگترین ئەو کاریگەرییانەن کە بەهۆی رێکنەخستنی کاری حیزبی بەشێوەی یاسایی بەرۆکی عێراق و هەرێمی کوردستانیان گرتووە. بۆیە جێبەجێکردنی یاسای ئەحزاب، دەتوانێت هەنگاوێک بێت بە ئاراستەی بەهێزکردنی هەردوو حکوومەت لە هەولێر و بەغدا!

| ژمارەی حیزب و قەوارە سیاسییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق | | | |
|---|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان | | عێراق | |
| ساڵ | ژمارە | ساڵ | ژمارە |
| 1992 | 7 | - | - |
| 2005 | 13 | 2005 | 307 |
| 2009 | 24 | 2010 | 164 |
| 2013 | 31 | 2014 | 277 |
| 2018 | 29 | 2018 | 190 |

**سەرچاوە:** ئەم زانیارییانە لە پەرلەمانی کوردستان، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و عیراقەوە وەرگیراون.



د.زوبێر رەسوڵ
biyar_zubir@yahoo.com

# رادەستکردنی نەوت: بووژانەوە یان پووکانەوەی هەرێمی کوردستان؟

سەرەڕای ئەو تێبینیانەی هەمانە لەسەر پیشەسازیی نەوت و فرۆشتنی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام پیشەسازیی نەوت رۆڵێکی یەکجار گەورەی بینیوە لە بووژانەوەی سیاسی و ئابووری و دیبلۆماسی ئەم چەند ساڵەی هەرێمی کوردستاندا. وەبەرهێنان لە پیشەسازیی نەوت و دواتریش فرۆشتنی، لەرووی سیاسیەوە هەرێمی کوردستانی خستە سەر نەخشەی وزەی جیهان، بە جۆرێک کە لە هاوکێشە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکاندا حساباتی تایبەتی بۆ بکرێت. تا ساڵی 2013 هەرێمی کوردستان توانی 60 گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکانی بواری نەوتدا واژۆ بکات. بۆیە زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێم بەشێکی زۆری ئەو کرانەوە دیبلۆماسییەی لە 2008 تا 2014، لە هەرێمی کوردستان روویدا پێوەندی بە فاکتەری وزە بە تایبەتیش وەبەرهێنانی نەوتەوە هەبوو.

کارکردنی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەک ئێکسن مۆبیل و شیڤرۆن و گەنەڵ ئینێرجی و دی ئێن ئۆ.. تاد، جگە لە حساباتی ئابووری، ئیلتیزاماتی سیاسی و سەربازی و ئەمنیشی بەسەر ئەو وڵاتە بەرهەمهێنانەدا فەرز کردووە لە سیاسەت و هەڵوێستیان بەرامبەر هەرێمی کوردستان. ئەو چەند ساڵەی دوای 2003 سەردەمێکی زێڕین بوو بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی توانا ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان، هەرچەندە جگە لە سێکتەری نەوت لە سێکتەرەکانی تردا نەیتوانی وەبەرهێنان بکات. بەڵام نابێت ئەوەش نادیدە بگرین کە وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوت و وزە بووە سەرەتایەکی نوێ بۆ پیشەسازیی نەوت لە هەرێمی کوردستان. کاریگەریی سێکتەری نەوت لەسەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا دیارە. لە چرکەساتی هاتنی داعش بۆ عێراق و نزیکبوونەوەیان لە هەولێر، گوشاری کۆمپانیا نەوتییەکان لەسەر وڵاتەکانیان بوو کە دواجار واشنتن و چەند وڵاتێکی تری هێنایە سەر خەت تاوەکو بەخێرایی داعش بوەستێنن. راستە پرسی ئاسایش و مرۆیی پاڵنەری سەرەکی بوون بۆ وەستاندنی داعش و راگرتنیان، بەڵام پرسەکانی وزە و ئایندەی پشکی کۆمپانیا جیهانییەکانیش لە هەرێم رۆڵی هەبوو لەو بڕیارە گەورەیەدا. ئێستا کە هەرێمی کوردستان کەوتووەتە دۆخێکی ناهەموار بەهۆی پشتبەستنی لە رادەبەدەری بە نەوت، پاشەکشەیەکی زۆری کردووە لەو هەنگاوە سەرەتاییانەی پیشەسازیی نەوت.

ئێمە نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە وەبەرهێنان لە بواری نەوت یەکێک بووە لە گەورەترین هەنگاوە سیاسی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە دوای 2003. وزە کارتێکی گەورەی دەستی هەرێم بوو لە ململانێی لەگەڵ بەغدا، بەڵام بە رادەستکردنی فرۆشتن و داهاتی بە بەغدا ئیتر ئەو کارتەش خەریکە لەدەست دەچێت. ئەمەش لەڕاستیدا پێوەندی بە خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە مرۆییەکان و ئیدارەدانیان هەیە لە کوردستان کە بەداخەوە نەکرا وەک خۆی سوودی لێ ببینن، نەک لەبەر ئەوەی کە هەنگاوی وەبەرهێنانی نەوت و فرۆشتنی کارێکی هەڵە بێت، چونکە هەرێمی کوردستان وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی دۆخی جیاوازە لە کارەکتەرێکی دەوڵەتی، کوردستان لە یەک کاتدا پێویستی بە پەرەپێدان بە توانا سیاسییەکان و توانا ئابوورییەکانیش هەیە، ئەم توانایانە بە تایبەتیش پەرەپێدانی توانای سیاسی و دیبلۆماسی لە سێبەری عێراقدا زیاتر بەرەو پووکانەوە دەچن نەک بەرەو بووژانەوە، چونکە دۆخی سیاسی و دەستووری رێگرە لە هەڵکشانی سیاسی و دیبلۆماسی پێگەی هەرێمی کوردستان.

رادەستکردنی نەوت بە بەغدا دەبێتە هۆی پووکانەوەی کەرتی وەبەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان کە دواجار لەدەستدانی کڕیارەکان و بازاڕەکانی ساغکردنەوەی نەوتیشە. بۆیە وا باشە تەنیا داهاتی فرۆشتنی نەوت رادەستی بەغدا بکات نەک پرۆسەی فرۆشتنەکەی. خۆی مامەڵە بە فرۆشتنی نەوت بکات و پارەی 250 هەزار بەرمیل بداتە بەغدا بۆئەوەی لە بازاڕی فرۆشتنی وزە دانەبڕێت. هەڵبەتە گفتوگاکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر پێوەندیە سیاسییەکانی هەولێر و بەغدا. بەڵام هەڵەیە گەر پێمان وابێت کێشەی نێوان هەردوولا بە رادەستکردنی چەند هەزار بەرمیلێک نەوت چارەسەر دەبێت، چونکە چەندین پرسی تری تایبەت بە دیاریکردنی رێژەی بودجە و کێشەی ناوچەکانی ماددەی 140 و پشکی هەرێم لە قەرزەکانی عێراق و بە پێچەوانەوەش بەرپرسیارێتی بەغدا لە دانەوەی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان خەریکە دەبنە کێشەی درێژ خایەن.

بە تێپەڕبوونی کات، کێشەی پێوەندییەکانی هەولێر و بەغدا قووڵتر دەبێت، چونکە پرسی بەستنەوەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بە ژمارەی دانیشتووان سەرچاوەی زۆر لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەبێت لە ئایندەدا. واتا لەگەڵ بەردەوامیی بەرزبوونەوەی رێژەی لەدایکبوون لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق و نزمبوونەوەی لە هەرێمی کوردستان، جیاوازیی رێژەی کورد و عەرەب تا دێت فراوانتر دەبێت. ئەوە لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان راهاتووە هەمیشە بە رێژەی 17% مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لە دابەشکردنی داهاتدا، بەڵام بە پشتبەستن بە ئاماری زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی عێراق لە ماوەی 10 ساڵی تردا، کورد لەوانەیە تەنیا 10- 12%ی دانیشتووانی عێراق پێکبێنێ.

دوای 10 ساڵی تر ژمارەی دانیشتووانی عێراق دەگاتە نزیکەی 50 ملیۆن کەس، ئەوکات بە دڵنیاییەوە زۆرینەی شیعەکان داوای دوو لە هەر سێ پۆستە سیادییەکەی عێراق دەکەن، واتا سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی کۆمار، بەتایبەت لەگەڵ جیاوازیی دەرکەوتنی ئاراستە و لیستە سیاسییە پۆپۆلیستە عێراقییەکان کە لە رێگای دژایەتی هەرێمی کوردستانەوە کار لەسەر هەڵکشانی کێرڤی سیاسیی خۆیان دەکان. ئەوکات پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا کورد رازی دەبێت پۆستەکانی لە حکوومەتی عێراق بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووانی کەم بکرێتەوە، کە بێگومان کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانیشی بەدوادا دێت؟

عێراق بە گەشەکردنێکی خێرای دانیشتوواندا تێدەپەڕێت. 40%ی دانیشتووانی ئێستای عێراق لە دوای 2003 لەدایک بوون، ئەمانە لە ماوەی چەند ساڵێکی تردا دەچنە ناو هێزی کار. بەشی زۆری دانیشتووانی عێراق لەدوای جەنگی کوێت لەدایک بوون، واتا لە دوای ساڵی 1991. تا ساڵی 2030 ژمارەی دانیشتووانی عێراق دەبێتە 50 ملیۆن کەس، واتا دوو ئەوەندەی ژمارەی دانیشتووان لە کاتی رووخانی رژێمی سەدام لە 2003. ئەم جۆرە ئاماژانە پێماندەڵێن کە هەرێمی کوردستان تا زووە دەبێت سەرچاوەی زیاتر بۆ دارایی خۆی بدۆزێتەوە، چونکە داهاتی کورد لە عێراق تادێت کەم دەکات، تا دێت ئەو دەنگانەش زۆر دەبن کە داوای کەمکردنەوەی بەشی داهاتی هەرێم دەکەن لە عێراق. نوخبەی سیاسی شیعەکان باش دەزانن ئەوەی هەرێمی کوردستانی بە بەغداوە بەستووەتەوە ئەو چوارچێوە سیاسیە نێودەوڵەتیەیە کە ئێستا رێگا بە جیابوونەوەی دەوڵەتێکی تر نادات لە عێراق. لەگەڵ ئەو بەشە بودجەیەی کە هەرێم لە بەغدای دەستدەکەوێت، ئەگینا هەولێر و بەغدا تا دێت لای یەکتر رەزاقورستر دەبن.

پرسی رادەستکردنی نەوت پێدەچێت سەرئێشەی زۆر بۆ ستافی حکومەتی تازە دروستبکات، چونکە لەژێر گوشارێکی زۆری چاکسازی و پاکسازیدان و ئومێدیان لای خەڵک دروستکردووە، ئەم هەنگاوەش بەبێ رادەستکردنی داهاتی نەوت بە بەغدا و دابینکردنی مووچەی مانگانە کارێکی سەخت دەبێت. رادەستکردنی نەوت کۆتایی قۆناغی باڵادەستیی هەرێمە لە بواری پێوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکاندا و سەرەتای قۆناغی لاوازبوونی هەرێمی کوردستانە بەرامبەر بەغدا، بەجۆرێک کە ئەستەمە هەرێمی کوردستان ئەو پێگەیەی جارانی بمێنێ، بە تایبەتی پێوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێ نزیکەکانی وەک ئێران و تورکیا دەچنە قۆناغێکی ترەوە.



ئازاد وەڵەدبەگی

# پەرلەمان بۆ ئەوەی ببێتە دەسەڵاتێکی کاریگەر

هەر دەوڵەت یا سیستەمێکی حوکمڕانی وەک سیمای دەرەکی و هێمای ئیرادەی نیشتمانی، چەند دەسەڵاتێک لەخۆدەگرێت کە بریتین لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری. زانا و فەیلەسوفەکان هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە بەردەوام بە دوای ئەوەدا گەڕاون کە باشترین شێوازی حوکمڕانی بۆ بەختەوەریی خەڵک و کۆمەڵگە بدۆزنەوە. دواجار لە سەدەی هەژدەیەم، لەلایەن زانا و بیرمەندی فەرەنسی مۆنتسکیۆ، ئەم بیرۆکەیە لە کتێبی رۆحی یاساکان لە چوارچێوەی تیۆری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکاندا (separation of powers) دارێژرا و، بووە بنەمایەک بۆ سیستەمەکانی حوکمڕانی لە چەرخی نوێ.

بەپێی ئەم پرەنسیپە، دەسەڵاتەکان وێڕای پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان لە کاروئەرکەکانیاندا، جۆرێک لە هاوکارییش لەنێوانیاندا هەیە. بەڵام لە هەمانکاتدا، دەبێ سیستەمی حوکمڕانی بە جۆرێک بێت کە هیچ دەسەڵاتێک نەتوانێ بە تەواوی دەست بەسەر هەموو جومگەکانی حوکمڕانیدا بگرێت و تاکڕەویی دروست ببێت، هەربۆیە پێویستە هەر دەسەڵاتێک، دەسەڵاتەکەی تر رابگرێت، واتە هەریەکەیان کۆنترۆڵی ئەویتر بکات کە ئەمەش پێیدەگوترێ پرەنسیپی چاودێری و هاوسەنگی. مۆنتسکیۆ دەڵێت: "کەواتە بۆ ئەوەی نەتوانرێ کەڵکی نابەجێ لە دەسەڵات وەربگیرێت، دەبێ دەزگاکانی دەوڵەت بە جۆرێک رێکبخرێن کە هەر دەسەڵاتێک، دەسەڵاتەکەی تر رابگرێت."

یەکێک لە گرفتەکانی بەردەم سیستەمی حوکمڕانیی هاوسەنگ و وەڵامگۆ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەوانەش هەرێمی کوردستان، باڵادەستی و هەژموونی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە بەسەر دەسەڵاتەکانی تردا، کە ئەمەش وایکردووە دەسەڵاتی یاسادانان وەک دەسەڵاتی یەکەم و نوێنەری گەل و چاودێر بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، نەتوانێ وەک پێویست ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات. لە هەمانکاتدا، دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە پەیوەندیی رۆژانەی لەگەڵ هاووڵاتیاندا هەیە و ئەرکی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی لە ئەستۆیە، لەوانەیە نەتوانێ وەک پێویست خزمەتگوزارییەکانیان پێ بگەیەنێت، هەربۆیە لەگەڵ هاووڵاتیان تووشی لێکگیربوون دەبێت، کە ئەمەش دواجار نارەزایی خەڵکی لێدەکەوێتەوە بەرامبەر بە کۆی سیستەمی حوکمڕانی. لەلایەکی ترەوە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە حوکمی دەسەڵاتە زۆر و زەوەندکانی لەوانەیە تووشی جۆرێک لە سەرکێشی یا تێپەڕاندنی سەڵاحیەتەکانی ببێت. لە دۆخێکی لەمجۆرەدا، دەبێت دەسەڵاتێک هەبێت کە هەم رێگە لەم تاکڕەوییە بگرێت و هەم بتوانێ لێپێچینەوە لەو دەسەڵاتە بکات، کە بێگومان بەپێی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمان وەک بەشێک لە ئەرکە ناتەشریعییەکانی.

بێگومان دۆخی تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی راگوزەردان، واتە لە قۆناغی پێش مۆدێرنەوە بۆ قۆناغی مۆدێرنە هەنگاو دەنێن، کاریگەریی لەسەر رەوتی کاری پەرلەمان و دامودەزگاکانی تری حوکمڕانی هەیە، کە دامودەزگای تایبەت بە جیهانی مۆدێرنەن. دیموکراسی و ئەزموونی پەرلەمانی لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای مافی هاووڵاتیبوون بنیاتنراوە. پەرلەمان لە وڵاتانی لیبراڵی رۆژئاوا، داینەمۆی دیموکراسی و نوێنەری حوکمڕانی گەلە. وڵاتانی دیکەش بۆ گەیشتن بە دیموکراسی و ڕەنگدانەوەی نوێنەرایەتی گەل لاسایی ئەم سیستەمە دەکەنەوە، بەڵام پاشخانی کەلتووری- سیاسی ئەزموونی پەرلەمانیی رۆژئاوایان نییە.

پەرلەمانی کوردستان هەر لە سەرەتای پێکهێنانییەوە تا ئەمڕۆ، بە دەست چەندین ئاڵنگاری و گرفتەوە دەناڵێنێ. لە سەردەمی جەنگی ناوخۆی نێوان پدک و ینک، بەهۆی ململانێی سیاسی- سەربازیی نێوان ئەو دوو پارتە، پەرلەمانی کوردستان داخرا و ئەم دەزگایە نەیتوانی بە بێلایەنی بمێنێتەوە، پاش رووداوەکانی ساڵی 1996 سەرلەنوێ دەستی بەکار کردەوە. هەربۆیە، خولی یەکەمی پەرلەمان بەشێوەیەکی نائاسایی لە 1992- 2005 بەردەوام بوو. پاشان لە خولەکانی دووەم و سێیەم هەرچەندە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی بەدواوە بوو، بەڵام پەرلەمان بە حوکمی ئاشتەوایی نێوان پدک و ینک، کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگە و رووخانی رژێمی بەعس و هتد، گەرموگوڕییەکی باشتری بەخۆیەوە بینی. لە خولی چوارەم، بەهۆی پەرەسەندنی ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان و بە تایبەت پدک و گۆڕان، پەرلەمان بووە بەشێک لەو ململانێیە و لە ئەنجامدا بووە قوربانی و پەکیکەوت و لە دوا رۆژەکانی ئەو خولەدا سەرلەنوێ کارا کرایەوە.

دەتوانین بەربەستەکانی بەردەم کاری پەرلەمانی لە کوردستان، بگەڕێنینەوە بۆ:

- هەژموونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پارتە سیاسییەکان لەسەر پەرلەمان.
- ئەزموونی کەمی کاری پەرلەمانی لە کوردستان.
- ململانێی پۆپۆلیستانەی پارتە سیاسییەکان و پابەندیی پەرلەمانتاران بە بەرژەوەندییە حزبییەکان نەک نیشتمانییەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر کاری پەرلەمانی.
- ململانێ سۆسیۆلۆژی- سیاسییەکانی تایبەت بەو کۆمەڵگایانەی لە حاڵی ڕاگوزەردان.
- نەبوونی کەسانی بڕیاربەدەستی لایەنە سیاسییەکان لەناو پەرلەمان.
- بێتوانایی پەرلەمانتاران و لاوازیی کولتووری دیموکراسی.

لە دۆخی ئێستادا، ئەوەی کە هەڕەشەیە لە سیستەمی سیاسیی کوردستان، ناهاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتەکان و بە تایبەت دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنە، بە جۆرێک کە دەسەڵاتی جێبەجیکردن هەژموونی بەسەر دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەریدا هەیە. ئەگەر پەرلەمان نەتوانێ بە ئەرکی چاودێریکردنی حکومەت هەڵبستێ و نەتوانێ سەرکێشییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە بە دەسەڵاتی سەرکێش ناسراوە کۆتوبەند بکات، ئەوا لاسەنگییەک لە سیستەمی سیاسی وڵاتدا دروست دەبێت کە ئەنجامەکەی لە قازانجی پرۆسەی دیموکراسی و هاووڵاتیان نابێت. چونکە لە ڕووی پرۆتۆکۆلییەوە، پەرلەمان باڵاترین دەسەڵاتە و هێمای نوێنەرایەتی گەلە و بەرپرسە لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ئەگەر نەتوانێ بەم ئەرکەی خۆی هەڵبستێ، ئەوا سیستەمی سیاسی لاسەنگ دەبێت.

هەربۆیە، بۆ ئەوەی پەرلەمان ببێتە دەسەڵاتێکی کاریگەر و هەروا بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی سیستەمی سیاسی و پابەندبوون بە بنەمای (چاودێری و هاوسەنگی) وا باشە پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێنجەمدا وەک بەشێک لە ئەرکە ناتەشریعییەکانی خۆی، ئەرکی چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە کارایی جێبەجێ بکات و گوڕێکی نوێ بە کاری پەرلەمانی بدات، کە ئەمەش دواجار لە قازانجی کۆی گشتی سیستەمی سیاسی کوردستان و هاووڵاتیان و پرۆسەی دیموکراسییە لە کوردستاندا. لەم پێناوەدا، وا باشە لایەنە سیاسییەکانیش هەست بە گرنگیی بەهێزکردنی دامودەزگەکانی دەوڵەت بکەن و پەرلەمان نەکەنە سەکۆیەک بۆ ململانێی حزبی، بەڵکوو بیکەنە ئامرازێک بۆ خزمەتکردنی زیاتری هاووڵاتیان و چەسپاندنی پرەنسیپی سەروەریی یاسا و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بەهێزکردنی دامودەزگەکانی حوکمڕانی لە کوردستاندا.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

# RÛDAW




## کچە کوردێک بەشداری کێبڕکێیەکی نێودەوڵەتی شاجوان دەکات

10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی 0750 486 34 12 – Tel: 0751 811 00 04 | rudaw@rudaw.net









